# زمانەوانیی کارەکی

## بەرگی سێیەم

پ.ی.د.نەریمان خۆشناو

چاپی یەکەم / ٢٠١٨

* ناوی کتێب: زمانەوانیی کارەکی
* بەرگ: سێیەم
* نووسین و وەرگێڕانی: پ.ی.د.نەریمان عەبدوللا خۆشناو
* تایپیست: کۆچەر ئەنوەر نایف
* دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم سالح
* دیزاینی ناوەوە: نەریمان خۆشناو
* نۆرەی چاپ: یەکەم/ ٢٠١٨
* شوێنی چاپ: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ: (٤٠٠٠) دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( )ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر
ژمارە(٤٥٧)

# ناوەرۆک

**وەرگێڕان.......................................................٦**
پێناسەی وەرگێڕان.................................................٦
ڕێگەکانی وەرگێڕان...............................................١٠
١ـ وەرگێڕانی وشەیی(حەرفی ـ پیتی).............................١٠
٢ـ وەرگێڕانی واتایی، یان بە (وەرگێڕانی ئەدەبی) دەناسرێت.......... ١١
٣ـ وەرگێڕێک پشت بە لاساییکردن و گواستنەوە ببەستێت..............١١
٤ـ وەرگێڕانی لێکدانەوەیی، یان شرۆڤەیی.............................١٢
٥ـ وەرگێڕانی کورت یان پوخت.......................................١٢
گرنگی و سوودەکانی وەرگێڕان......................................١٢
گرفت و ئاستەنگەکانی پرۆسەی وەرگێڕان............................١٥
١ـ ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە ڕێزمانەوە..............................١٥
٢ـ ئەو گرفتانەی بە وشە و واژەکانەوە پەیوەستن.......................١٦
٣ـ ئەو گرفتانەی بە لایەنی ژیارییەوە پەیوەستن.......................٢١
ئامۆژگاری و ڕێنمایی گشتی.........................................٢٤
**تیۆرەکانی ئێستای وەرگێڕان........................................٣٤**
ویلبور مارشاڵ ئۆربان (١٩٣٩).....................................٣٦
یۆجین ئە. نیدا.......................................................٣٧
ڤینیە و دار بلنیت(١٩٥٨)...........................................٣٨
فیدۆرۆڤ(١٩٥٠) و کاری(١٩٥٦).....................................٤٢
جۆن س. کاتفۆرد(١٩٦٥)............................................٤٣
**زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی نێودەوڵەتی........................٥١**

زمانی ئینگلیزی و زمانە ئینگلیزییە جیهانییەکانی ئەمڕۆ..............٥٢
بنەماکانی زمانی ئینگلیزی هاوچەرخ.........................٥٦
زمانی ئینگلیزی لەجیهانی هاوچەرخدا: بەکارهێنان و ئەرکی نویێ...............................................................٦٠
ئینگلیزی بەریتانی و ئینگلیزی ئەمریکی دوو لقی سەرەکی ئەم خانەوادەیەن........................................................٦٦
شێوە ناوخۆییەکانی زمانی ئینگلیزی.........................٦٩
(قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) و (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) و زمانی دایک و زمانی بیانی و زمانی دووەم.....................٧٢
هەڵوێست و پێوانە و هەڵسەنگاندن..........................٧٨
ئایا هیچ پێوانەیەکی جیهانی یان شێوەیەکی نموونەیی بۆ زمانی ئینگلیزی لەئارادا هەیە؟...............................................٨٦
فێربوون و فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی زمانێکی نێودەوڵەتییە..................................................٩١
کۆتایی..................................................٩٦
**سەرگوزشتەی سفر.......................................١٠٠**
هەوڵە بەراییەکان.........................................١٠١
لەگەڵ بنیادنەرانی هەرەمەکان..............................١٠٣
لە وڵاتی گریکەکاندا......................................١٠٤
لە وڵاتی ڕۆماندا.........................................١٠٥
لەسەر ڕۆخەکانی دەریای گەورەدا............................١٠٦
لەگەڵ ژمێریارە هیندییەکان................................١٠٦
ڕۆڵی ئێمە لەم بوارەدا.....................................١٠٧
لە کۆتاییشدا.............................................١٠٨

سەرهەڵدان و پێشکەوتنی پیت.................................۱۱۰
ئامرازەکانی دەربڕینی بیروبۆچوونە جۆراوجۆرەکانماندا...............۱۱٦
داهێنان لە زماندا...................................................۱۲۳
زمانی مرۆڤ و زمانی ئاژەڵ.........................................۱۲۹

## وەرگێڕان[1]

### پێناسەی وەرگێڕان

وەرگێڕان بە دیاردەیەک لە دیاردەکانی هەڵسوکەوتی زمانەوانی لای مرۆڤ هەژمار دەکرێت، لەسەر ئەم بنەمایە پرۆسەی وەرگێڕان مانایەکی فراوانتر و والاتر وەردەگرێت لەو مانایەی کە لەلای خەڵکی بەکاردەهێنرێت.

وەرگێڕان پرۆسەیەکی جێگۆڕکێکردنی هێماکانی زمانێکە بە زمانێکی دی، ئینجا ئەم جێگۆڕکێکردنە لە زمانی دایکەوە بێت، یان لە خودی زمانەکەی خۆیەوە بێت، واتە وەرگێڕ واتا بە وشەگەلی ئەو زمانە دەبەخشێت و هێماکانی شرۆڤە دەکات، کە وەریدەگێڕێت، یان لەوانەیە پرۆسەی جێگۆڕکێیەکە هێمای زمانەوانی بە چەند هێمایەکی دی لە زمانێکی دیکەوە بگرێتەوە، کە هێمای نازمانەوانی بن، ئەم حاڵەتەش لە میوزیک و ڕەنگەکان و هەموو ئەو هێمایانەدا گوزارشتی لێدەکرێت، کە بە چالاکییە هونەری و مرۆییەکانەوە پەیوەستن.

ئینجا بۆ ئەوەی پێناسەیەکی وردی وەرگێڕان بکەین، پێویستە چاوێک بەو پێناسانەدا بخشێنینەوە، کە بۆ ئەم زاراوەیە کراون: وەرگێڕان بە بۆچوونی (J. R. Ladmiral) وا پێناسە کراوە، **کە**

---

**[1]ـ ئەم نووسینە لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٢٣٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٤/٥ لە لاپەڕە (١٠٣ ـ ١١١) بڵاوکراوەتەوە.**

**حاڵـەتێک لـە بەیەکگەیشـتنی زمانـەوانی پێکـدەهێنێت**، بـە مانایـەکی فراوانتر و گشتگیرتر دەکرێ بوترێت **وەرگێڕان پرۆسـەیەکە گرنگی بـە تێڕامـانی زمانـەوانی و گواسـتنەوەی زانیارییـەکان دەدات، کـە لەنێوان ئاخێوەرانی چەند زمانێکی جودادا ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت.**(١)

هـەروەها لەلایـەکی تـرەوە(**Jean Dicket E. Serour**) دەڵـێ **وەرگێڕان تێکەڵەیەکە لە هزر و بیر و بەیەکگەیشتنی لێهاتووییەکان و گۆڕینـەوەی زانیارییـەکان**، ئینجـا ئـەم پرۆسـەیەش چـۆن دەسـتەبەر دەبێت، ئەگەر ئـەو کەسـەی ئـەم کارە ئـەنجام دەدات، بە دوای وشـە وێڵەکانــدا نەگــەڕێت و دەســت نەخاتــە ســەر ورد و درشــت و نهێنییەکانی زمانەکە.(٢)

هـەروەها (**Antoine G. matter**) وەرگێـڕان بـەوە پێناسـە دەکات، کـە **پرۆسـەیەکە بۆ گواسـتنەوەی هزرەکـان لـە زمانێکـەوە بۆ زمانێکی دی.**(٣)

لێـرەدا دەبـێ ئـەوە بوترێـت، کـە چەنـدان پێناسـەی جۆراوجـۆر بـۆ وەرگێـڕان هـەن، بـەڵام سـەرباری ئـەوەی ئـەو پێناسـانە فرەجـۆرن، کـەچی هـەموویان جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە، کـە **وەرگێـڕان چالاکییەکی مرۆییە لـە بـواری پەیوەندیدا، لـە کۆمەڵـە گرووپێکی وادا بـەدی دەکرێت، کـە زمـانی هەمـەجۆر لـە ئاخاوتنـدا بـەکاردەهێنن و بیروبۆچوونی خۆیانی پێ ئـاڵوگۆڕ دەکـەن**، دەرەنجـام ئـەم پرۆسـەیە

---

[1]-J.R.Ladmiral: Traduire, Theoremes pour la Traduction, payot, paris, 1979.
[2]-Jean Dick et Elle Serour: Gulde du traducteur, Al-TullatLibrairal, Beyrouth, Liban, 1968,p.2.
[3]-Antoine G. Mattar: La Traductionpratique, Darel- Machreq, Beyrouth, 1978.

دەبێتە هۆکاری گواستنەوەی زانست و زانیاری و دیاردە ژیارییەکان لەنێوان سەرجەم میللەتان و گەلاندا.

لە زمانی فەرەنسیدا وشەی وەرگێڕان بە زاراوەی (**Traduction**) گوزارشتی لێ دەکرێت، کە لە کاری (**Traduire**)دارێژراوە و لە وشەی (**Traducre**)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە مانای هەڵسوکەوتی زمانەوانی، یان گواستنەوە، یان کاری (**Traduire**) دەگەیەنێت.

لێرەدا پێوستە ئاماژە بەو نزیکییە زۆرە بکەین، کە لەنێوان هەردوو ئەم کارەدا هەیە: (**Tradnire**)(**Interpreter**)، کە مانای: (**شرۆڤە بکە**) دەدات، بە هەمان شێوەش مانای (**وەربگێڕە**) دەگەیەنێت، ئەمەش پەلمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، کە هەردوو کارەکە لەیەک جودا بکەینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان هەر وەرگێڕان دەگەیەنن، کەواتە جوداییەکەیان لە چیدایە؟

**بە نووسین وەردەگێڕێت:Traduire**

**بە زارەکی وەردەگێڕێت:Interpreter**

هەروەها دوو زاراوەی دیکەش خۆیان قیت دەکەنەوە، کە هەر وەرگێڕان دەگەیەنن، ئەمانەن:

**Traducteur**

**Interprete**

ئەمەش وا دەخوازێ هەردوو زاراوەکە بە وردی لەیەک جیا بکەینەوە، سەبارەت بە وشەی (**Traducteur**)، ئەو کەسە دەگەیەنێت، کە دەقە نووسراوەکان وەردەگێڕێت، کەچی زاراوەی

Interpret(e)ئاماژە بۆ ئەو کەسە دەکات، کە کاری وەرگێڕانی زارەکی ئەنجام دەدات، ئەم جوداکردنەوە وردەش دەکریٚ لەسەر هەردوو زاراوەکە پراکتیزە بکرێت، یەکەمیان وەرگێڕانی نووسراو دەگەیەنێت و ئەوی دیکەشیان وەرگێڕانی زارەکی دەگەیەنێت، دەشکریٚ وەرگێڕانی زارەکی لە وەرگێڕانی نووسراو جودابکرێتەوە، چونکە وەرگێڕان بە شێوازی زارەکی هەمیشە (**بەدوایەکهاتن**)**Consecutive** دەبێت، ئەم حاڵەتەش بە وەرگێڕانی (**ڕاستەوخۆ**)**Simultanee** ناسراوە، ئەم وەرگێڕانە لەگەڵ دەقە وەرگێڕدراوەکە جووت دەبێت و زیاتر ئەم جۆرە لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆ وەرگێڕانی ئەو وشە و زاراوانەش بەکاردەهێنرێت، کە بە کاروباری بازرگانی و ژیانی ڕۆژانەوە پەیوەستن، وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ پرۆسەیەکی (هاوکاتییە)، واتە وەرگێڕەکە لەکاتی دەستپێکردن و قسەکردنی قسەکەرەکە، وەرگێڕانەکە ئەنجام دەدات، ئەگینا بە وەرگێڕانی (بەدوایەکهاتن) هەژمار دەکرێت، ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر دوای تەواوبوونی قسەکە وەربگێڕدرێت.

هەرچی جۆری دووەمیشە پشت بەو دەقانە دەبەستێت، کە نووسراون، ئەمەش لە وەرگێڕانی دەقە ئەدەبی و زانستییەکاندا بەرجەستە دەبێت، کە بەڕاستی ئەم جۆرە لە جۆرەکەی یەکەم گرنگترە، هەروەها ئەم جۆرە وەرگێڕانە بە کارێکی داهێنانکارانە هەژمار دەکرێت، چونکە پرۆسەیەکە بە بەخشینی زانیاری و

مەعریفـەی ژیـاریی مرۆییـەوە پەیوەسـتە، کـە مرۆڤایـەتی بـەرەوپێش دەبەن.

## ڕێگەکانی وەرگێڕان

زۆر شـێوە هــەن بـۆ وەرگێـڕان، بەهۆیـەوە وەرگێـڕ دەتوانێـت لـە وەرگێڕانی دەقەکاندا پەیڕەوی بکات، لێرەدا دەتـوانین پێنج ڕێگە لـەو ڕێگەیانە باس بکەین، کە ئەمانەن:

### ١. وەرگێڕانی وشەیی(حەرفی ـ پیتی)

ئـەم ڕێگەیـە بـە کـۆنترین ڕێگـەی وەرگێـڕان هـەژمار دەکرێت، لـەم ڕێگەیــەدا وەرگێــڕ هــەموو وشــەکانی دەقەکــە بــۆ زمانەکــەی دی وەردەگێڕێت، لێرەدا وەرگێڕ جەخت دەکاتـە سـەر خـودی وشـەکە و بـەوردی مانایـەکی پڕ بـە پێسـتی بـۆ هەڵدەبژێرێت و زۆر گرنگی بـە شــێوازی گشــتی ڕســتەکە نــادات، پــەیڕەوکردنی ئــەم شــێوازەی وەرگێـڕان دەکـرێ لـە دەقـە پسـپۆڕییەکانی وەک دەقـی زانسـتیی و هونەریی و یاسایی پشتی پێ ببەسترێت، لـە ڕاستیدا ئـەم ڕێگەیـەی وەرگێـڕان بـۆ ئـەوە بـەکاردێت، کـە خوازیـاری ئـەوە بـین لـە دەقـە سەرەکییەکە، واتە لەو دەقەی لێوەی وەردەگێڕین، دوورنەکەوینەوە.

کـەچی لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم جـۆرە وەرگێڕانـە چەنـد خـەوش و نەنگییەک لەخۆ دەگرێت، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

أــ نــەبوونی هاوواتــا لــە وشــەکانی زمــانی عــەرەبی یــان زمانــە بیانییەکە، ئەم حاڵەتەش زۆرجاران دووبارە دەبێتەوە.

ب ــ نــەبوونی هاوواتــا لــە پێکهاتــە زمانــەوانی و پێکهاتــە ڕێزمانییەکانـدا لـەنێوان دوو زمانـدا، کـە خوازیـارین وەریـانبگێڕین، لێرەدا زۆرجاران لارولـەوێرەک لـە بـەکارهێنانی خوازەکـان دروسـت دەبێت، کە حاڵەتیکە لە هەموو زمانەکاندا هەیە و دووبارە دەبێتەوە.

**٢. وەرگێڕانی واتایی، یان بە (وەرگێڕانی ئەدەبی) دەناسرێت**

یەکـەمین تـوخم کـە وەرگێـڕ گرنگـی پێـدەدات، مانـا و هـزر و بیرەکانـە، ئـەویش بـەبێ ئـەوەی تووشـی هەڵوەسـتە ببێـت لـەوەی هاوواتـای وشـەیەکی دیـاریکراو بدۆزێتـەوە، بەشـێوەیەک کاریگـەری لەسـەر بیرۆکـە سـەرەکییەکە، یـان گشـتییەکە هـەبێت، بـۆ ئـەو دەقـەی خوازیاری وەرگێڕانیەتی. لەم ڕێگەیـەدا پێویسـتە پارێزگاری لـە دەقـە سـەرەکییەکە بکرێـت و دەسـتکاری نـەکرێت و وەرگێـڕ گۆڕانکـاری بەسەردا نەیەنێت و ئەمانەتی زانستی لە پرۆسەکەدا بپارێزێت.

ئەم شێوازە لە پوختکردنی مانـای ڕستەکە و گوزارشـتکردن لێی بەرجەستە دەبێت، بە شێوەیەک بۆ چێژ و سـەلیقەی مرۆڤی عـەرەبی بگونجێت، ئـەم ڕێگەیـەش بـە باشـترین ڕێگـەکانی وەرگێـڕان هـەژمار دەکرێــت و لـــە هـــەموو ڕێگـــەکانی دیکـــەش بڵاوتـــرە، چونکـــە پرەنسیپەکانی ئەمانەتی زانستی تێدا دەپارێزرێت.

**٣. وەرگێڕێک پشت بە لاساییکردن و گواستنەوە ببەستێت**

لـەم شـێوازەدا وەرگێـڕ هـزر و بیروبۆچوونـەکان و ئـەو وێنانـە دەگوێزێتـەوە، کـە دەقەکـە لـە خـۆی دەگرێـت و هـەوڵدەدات بـۆ زمانـە سـەرەکییەکەی خـۆی بگوێزێتــەوە، کەواتــە ئــەم وەرگێڕانــە بــە

پرۆسەیەکی گواستنەوە، یان وەرگرتن هەژمار دەکرێت، بە زۆریش ئەم شێوازە لە وەرگێڕانی دەقە شیعرییەکاندا بەکاردەهێنرێت، چونکە دەقی شیعریی تایبەتمەندیی و خەسڵەتی جیاکاریی لەخۆگرتووە و پێویستی بەم شێوازە هەیە.

### ٤. وەرگێڕانی لێکدانەوەیی، یان شرۆڤەیی

ئەم ڕێگەیەی وەرگێڕان پشت بە دەقە سەرەکییەکە دەبەستێت و هەوڵدەدات زیاتر ڕوونی بکاتەوە و شرۆڤەی بداتێ، ئەم شێوازە زیاتر لە وەرگێڕانی دەقە گران و قورسەکاندا پەیڕەودەکرێت، بۆ نموونە دەقە شیعرییە دێرینەکان و دەقە مێژووییە ئاڵۆزەکان.

### ٥. وەرگێڕانی کورت یان پوخت

وەرگێڕ لەم ڕێگەیەدا هەوڵدەدات ئەو دەقەی خوازیاری وەرگێڕانیەتی، کورتی بکاتەوە، لەهەمان کاتیشدا کرۆک و تایبەتمەندیی دەقە سەرەکییەکە بپارێزێت، دەشکرێ ئەم شێوازە (هەڵاوێرکارانە) پەیڕەوی لێ بکرێت، ئەویش کاتێک وەرگێڕ هەست بەوە دەکات، زۆر لەو وردەکاریانەی لە دەقە سەرەکییەکەدا هەن، زیادەن و پێویست ناکات وەربگێڕدرێن، چونکە خوێنەر بێزار دەکەن.

## گرنگی و سوودەکانی وەرگێڕان

وەرگێڕان چەندان گرنگی و سوودی هەیە، لەبەر ئەو پێویستییانەی مرۆڤ بۆ ئەم پرۆسەیە هەیەتی، ئەویش لەبەر ئەو فرەییەی لە زماندا هەیە، بۆیە وەرگێڕان لە دێرزەمانەوە گرنگی خۆی هەیە، لەو کاتەوەش پێویستی بۆ ئەم چالاکییە زیادی کرد چ

ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ و هەمیشە مرۆڤ وەک ئامرازێک بۆ لەیەکترگەیشتن پێویستی پێ هەبووە، کە هەرگیز دەستبەرداری نابین، بگرە ئەم پرۆسەیە لە بواری پەیوەندیدا گرنگی خۆی هەیە، ئینجا چ ئەم پەیوەندیکردنە تاکانە، یان کۆمەڵیانە بێت، سەرپێیی، یان بەردەوام بن، یان لە مامەڵەکردنی بازرگانییەوە سەرچاوەیان گرتبێت، یان بابەتێک بن، بە یاسا و پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانەوە پەیوەستبن، کەم جاریش وا ڕێک دەکەوێ کەمینەیەک پەیوەندی لەگەڵ کەمینەیەکی دیکە ببەستێت، کە بە زمانێکی دیکە قسە بکات، بەبێ پەنابردنەبەر وەرگێڕان، بۆیە فرەیی زمانەکان و جودابوونیان وایکردووە نیازمەندییەکی بێ وێنە بۆ ئەم پرۆسەیە لە ئارادا هەبێت، بەتایبەت بۆ ئەوانەی دوو زمان یان زیاتر بەکاردەهێنن، بۆیە بەناچاریی دەست دەدەنە وەرگێڕان بە هەردوو جۆری زارەکی و نووسراوەوە.

هەڵبەت گرنگی وەرگێڕان لەو زانست و زانیارییانەدا دەردەکەوێت، کە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانەکان، لەبەر ئەوەشە بزاڤی وەرگێڕان لە بەرایی هەموو ڕێنسانسێکی ژیاریدا دەردەکەوێت و چالاک دەبێت، کە جیهان بەخۆیەوە دەبینێت، لە مێژووی عەرەبیشدا وەرگێڕان پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتی لە سەردەمی خەلیفە (**مەئموون**)دا، لەم سەردەمەشدا وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەیە، بە واتایەکی پڕ بە پێست دەتوانین بڵێین: وەرگێڕان کاردەکات بۆ دەوڵەمەندکردن و

فراوانکردنی ئاسۆکانی ژیاریی و ڕۆشنبیری لای مرۆڤ له هەموو ئان و زەمانێکدا.

ئینجا لەبەر ئەوەی پێویستی مرۆڤ بە وەرگێڕان ئەنگێزە و پاڵنەرێکە بۆ دنەدان و چالاکبوونی ئەم بوارە، ئەوە لەم چەرخەدا زیاتر پێویستیمان به وەرگێڕان هەیە، ئەویش لەبەر ئەو پێشڤەچوونە زانستییە خێرا و ئەو ئاڵوگۆڕی زانیاریی و شارەزاییانەی کە لەم چەرخەدا لەئارادان و لەبەر هەموو ئەو فراوانییەی له پرۆگرامەکانی هاریکاری و هەماهەنگیدا هەیە، کە لە نێوان دەوڵەت و نەتەوەکانی جیهاندا له هەموو بوارە زانستی و بازرگانییەکاندا ئەنجام دەدرێت.

هەروەها پێویستە ئاماژە بە گرنگی وەرگێڕان بکەین، ئەویش لە بواری گواستنەوەی ئەدەبی بەراوردکاری. وەرگێڕانی دەقی ڕۆمان و شیعر و شانۆ گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئەم پرۆسەیە دەبێتە ڕەنگدانەوەیەک بۆ زۆر لە دیاردە ژیارییەکان و دابونەریت و تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی ئەو دەقە ئەدەبیانەی وەردەگێڕدرێن. خوێنەری عەرەبی و توێژەری عەرەبی هەمیشە تامەزرۆن بۆ دۆزینەوە و زانینی زۆر لەو بیروبۆچوون و هزرانەی، کە بەو کتێبانەوە پەیوەستن، کە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانەکەی خۆیان، توێژەر لەم حاڵەتەدا چێژ لە دەقە وەرگێڕدراوەکە دەبینێت و بەشێوەیەکی وردتر و جوانتر هەڵیدەسەنگێنێت.

پرۆسەی وەرگێڕانی کتێبێک لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، دەرفەتێکی سەنگین و بەنرخ بۆ زانینی عەقڵیەتێکی دیکە دەستەبەر دەکات، لەم حاڵەتەدا بۆچوونی خوێنەر پشت بەو شتانە دەبەستێت،

کە وەرگێڕ لە دەقە وەرگێڕدراوەکەی خۆیدا دەیگوێزێتەوە، کەواتە لێرەدا وەرگێڕان دەبێتە ئەڵقەیەکی پەیوەندیکردن لەنێوان دەقی ئەدەبی میللەتاندا. بەم شێوەیەش جۆرێک لە تەواوکاریی مەزن لە تێگەیشتن و بەراوردکاری نێوان دەقە ئەدەبییە بیانییەکان و دەقەکانی ئەدەبی عەرەبی (بۆ نموونە) دروست دەبێت. ئەوەی وترا دەربارەی دەقی ئەدەبی، هەرچەندە ئەدەب تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کەچی بەهەمان شێوە ئەم یاسایە لەسەر بوارەکانی فەلسەفە و ئابووری و بازرگانیش پراکتیزە دەبێت، چونکە هەموو پسپۆڕییەتێک، جیاکاریی و خەسڵەتی خۆی هەیە و وەرگێڕان ڕۆڵی گونجانی خۆی لە هەموو ئەم پسپۆڕیەتییانەدا دەبینێت.

**گرفت و ئاستەنگەکانی پرۆسەی وەرگێڕان**

چەند ئاستەنگ و کێشەیەک دێنە پێش پرۆسەکانی وەرگێڕان، بە باشمان زانی ئاماژەیان پێ بکەین، تا بەرچاو ڕوونییەکمان بۆ دروست بێت، پێش ئەوەی وەرگێڕانی هەر دەقێک ئەنجام بدەین، کە خوازیاری وەرگێڕانین.

لێرەدا دەتوانین ئەو لەمپەرانەی ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبنەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

**١. ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە ڕێزمانەوە**

پێکهاتە ڕێزمانییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی دەگۆڕێن، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا هەمیشە **(کار)** پێش دەخرێت، کەچی **(بکەر)** لە زمانی فەڕەنسیدا لەپێشەوەی ڕستە دێت، بە هەمان

شێوەش دارشتنی کار و کاتەکان سەرتاپا لە پرۆسەکانی وەرگێڕاندا بە گرفت و لەمپەر هەژمار دەکرێن، بەتایبەتی ئەگەر بزانین لە زمانی عەرەبیدا کارەکان بۆ **سێ** کاتی ڕێزمانی پۆلێن دەکرێن، کەچی لە زمانی فەڕەنسیدا کاتەکان بۆ **(دە)** کات دابەش دەبن، کە هەموویان پشت بە هەر سێ کاتی ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوو دەبەستن.

**٢. ئەو گرفتانەی  بە وشە و واژەکانەوە پەیوەستن**

مەسەلەیەکی ئاساییە ئەگەر زمانێک بە واژە و وشەی زۆر دەوڵەمەندبێت، بە هەمان شێوە ئاساییە ئەگەر زمانێک خاوەن وشەی تایبەت بە خۆی بێت، بۆ نموونە زمانی عەرەبی جیاوازی لەنێوان هەردوو وشەی **(مام)** و **(خاڵ)** دەکات، کەچی ئەم پۆلێنکردنە لە زمانی فەڕەنسیدا بەدی ناکرێت.

هەروەها لە زمانی فەڕەنسیدا وشەی **(doigt)** بۆ پەنجەی دەست بەکاردەهێنرێت و **(orteil)** بۆ پەنجەی پێ بەکاردێت. وشەکان هەمیشە شێوەکان بەرجەستە دەکەن، کەچی بیروبۆچوونەکان لە کرۆکدا ڕەنگ دەدەنەوە، ئایا لێرەدا دەکرێ هزر و بیرەکان لە وشە و واژەکان جیا بکەینەوە؟ بەشێوەیەکی گشتی هزر و بیرەکان بۆ لای نووسەرەکە یان وەرگێڕەکە دەگەڕێتەوە، ئینجا ئەو وشانەی کە لە دەقە سەرەکییەکەدا هاتوون، نووسەرەکە دایهێناون، کەچی وشە وەرگێڕدراوەکان بۆ وەرگێڕەکە دەگەڕێنەوە، واتە ئەو بیروبۆچوونانەی نووسەرەکە بەکاریان دەهێنێت، بۆ خۆی دەگەڕێنەوە، کەچی وشەکان سەر بە  وەرگێڕەکەن، چونکە ئەو لە دەقە وەرگێڕدراوەکەیدا بەکاریان دەهێنێت و دەشکرێ بڵێین

وشــەکان هــەردوو نووســەر و وەرگیڕەکــە خاوەنیــانن، چونکــە لــە وەرگێڕانـدا بیرۆکـە پـێش شـتەکانی دی دەکـەوێت، هەنـدێک جاریش وەرگێڕەکە وەرگێڕانی دەقی کتێبەکە بە هەموو وشـە و واژەکانییـەوە ئـەنجام دەدات، بـەڵام ئـەم وەرگێڕانـە هـیچ مانایـەک نابەخشـێت، شـیمانەی ئـەوەش هەیـە بیرۆکەکـە زۆر تـەمومژاوی دەرچێت. واتـە زۆربەی زۆری دەقەکە وەردەگێڕدرێت، بەشـێوەیەک بیرۆکەیـەک کـە خـاوەن مانایـەکی وردە، وەردەگێڕدرێتـە سـەر زمـانی دووەم، بـەبێ ئـەوەی هـەموو وشـەکانی وەربگێڕدرێن، ئایا هۆکـاری دروسـتبوونی ئـەم حاڵەتـە چییـە؟ هـۆی سـەرەکی دروسـتبوونی ئـەم گرفتـە بـۆ جیاوازیی لە واتای واژە و وشەکاندا هەیـە، دەگەڕێتـەوە، کـە لـەنێوان زمانەکاندا بەدی دەکرێت.

بەهــەمان شـێوەش هــەروەک وتمــان، ئــەم حاڵەتــە لــە پرۆســەی وەرگێڕانــدا بــە گرفتــی ســەخت و ئــاڵۆز دادەنرێــت، لێــرەدا چەنــد نموونەیەک دەخەینەڕوو، کە ئەم ئاستەنگ و کێشانە ڕووندەکەنەوە:

1. M. Pottieraachetesept articles decemagasin.
2. M. Pottierecrittrois articles dans lesjournaux.
3. L'article No. 214 de la loiconstitutionnelleinterdit aux enfants de moins de 18 ans de voter.

لەو سێ ڕستەیەدا وشەی (**article**) هاتووە، بەڵام وەرگێڕانەکەی جیــاوازی تێدایــە، چونکــە ڕســتەی یەکــەم بــەم شــێوەیە

وەرگێڕدراوە:(**بەڕێز پۆتییە حەوت جۆر کاڵا، یان ماددەی کڕی**)، لێرەدا وشەی (**article**) بۆ (**کاڵا**) وەرگێڕدراوە.

کەچی ڕستەی دووەم بەم شێوەیە وەرگێڕدراوە:(**بەڕێز پۆتییە سێ وتاری نووسیوە**)، لێرەدا وشەی (article) بۆ (**وتار**) وەرگێڕدراوە.

لە ڕستەی سێیەمیشدا وشەی (article) بۆ ماددەی یاسایی وەرگێڕدراوە.

لەم جۆرە وشانەش زۆرن، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

| | | |
|---|---|---|
| رسالة | نامە | letter |
| حرف | پیت | lettre |
| آداب | خوورەوشت | lettre(s) |
| احتلال | داگیرکردن | occupation |
| مهنة، شغل | پیشە، کار | occupation |
| مظهر، هيئة | شێوە، ڕواڵەت | mine |
| منجم | کان | mine |
| لغم | مین | mine |
| علاقة | پەیوەندی | rapport |
| دخل، حاصل | داهات | rapport |
| تقرير | ڕاپۆرت | rapport |
| حاصة | هەست | sens |
| معنى | مانا | sens |
| إتجاه | ئاراستە، ڕووگە | sens |

ئـەم خەسـڵەتە زمانەوانییـە بـە(**Polysemie**) ناسـراوە، کـە (**فرەواتایی**) بۆ یـەک وشـە دەگەیـەنێت، ئەمـەش ئاماژە بە یـەکێک لـە سەختترین پرۆسەکانی وەرگێڕان هـەژمار دەکرێت، گرفتـی دیکەشـی هەیە، کە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، هەندێک وشە هەن، یـەک مانـای ورد و دەستنیشـانکراویان هەیـە، ئەمـە لـە زمـانی فەڕەنسـیدا وەک زاراوە بەم حاڵەتە دەوترێت (**monosemie**)، لەم حاڵەتەدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ فەرهـەنگی زمانەکە، بگرە دەبێ چاو بە فەرهـەنگێکی زانسـتی تایبـەت بخشـێنینەوە، تـاکو مانایـەکی دەستنیشـانکراوی وشـەکەمان دەسـتبکەوێت، وەک نـاوی باڵنـدە و هەنـدێک درەختـی دەگمەن و هەندێک ڕووەک و گوڵ لە هەندێک وڵاتدا هەن، کەچی لـە هەندێک وڵاتانی دیکەدا دەستناکەون.

لـەو ئاسـتەنگانەی تووشـی وەرگێـڕ دەبێتـەوە، نـاوی تایبەتییـە، چونکە دۆزینەوەی ناوی هاوشێوەیان لە زمانێکی دیکەدا ئاسان نییـە، بەهەمان شێوەش وەرگێڕانـی هێماکـانی بازرگـانی و نـاوی ئۆتۆمبێلـە ناسراوەکانی، وەک بۆ نموونە (**Peugot**).

پێویستە گوزارشتە زاراوەییـەکانیش بەهـەمان شـێوە بـەو کێشـە و گرفتانە هەژمار بکەین، کە ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبنـەوە، بۆیـە دەبێ ئەو کەسەی کاری وەرگێڕان ئەنجام دەدات، نزیکترین مانـای گشـتی، یان زاراوەیی لە زمانەکەیدا بدۆزێتـەوە، تـا سـانا بێت و خوێنـەر لێـی تێبگات، زۆریش گرنگە درک بەوە بکەین، کە نابێ وەرگێڕانی وشـەیی لە کاتی وەرگێڕانی زاراوەکاندا بەکاربهێنرێت، باشترین نموونـەش بـۆ ئەم حاڵەتە ئەم گوزارشتەی زمانی فەڕەنسییە:

| | |
|---|---|
| Il perd la tete | **عەقڵی لەدەستدا (شێت بوو)** |
| Il prends la porte | **ڕۆیشت (دەرچوو)** |

لەم حاڵەتەدا ناتوانین ئەم دوو زاراوەیە بەشێوەیەکی وشەیی وەربگێڕین، لەبەرئەوەی ماناکەی یەکەم لەدەست دەدات، چونکە گەر گوزارشتی یەکەم بە **(سەر لە دەست دەدات)** وەربگێڕدرێت، ئەوا مانا سەرەکییەکەی خۆی بزر دەکات، کەچی **(عەقڵی خۆی لەدەست دا)**، یان گوزارشتی **(شێت بوو)** دەگەیەنێت، بە هەمان شێوەش سەبارەت بە گوزارشتی دووەم مانای **(دەرگاکەی وەرگرت)** دەگەیەنێت، ئەویش لەحاڵەتێکدا ئەگەر وشەییانە وەربگێڕدرێت، کەچی لەڕاستیدا مانای **(دەردەچێت)**، یان**(دەڕوات)**دەگەیەنێت. هەروەها لەو گرفتانەی دیکە کە ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبنەوە، ئەو لۆجیکەیە کە هەر زمانێک لە زمانەکان لە دووتوێیان گرتووە، ئەم دیاردەیەش پێویستە بە هەند وەربگیرێت، بۆ نموونە ئەگەر بخوازین ئەم ڕستەیە بۆ زمانی فەڕەنسی وەربگێڕین:

**(ئەم پیاوە لە ئاگرێکی سەر ئاڵایەک ناودارترە).**

Cethomemeestplus celebreguunincendiesurunecime.

ئەمەش بێگومان لەڕووی لۆجیکەوە هیچ مانایەکی نییە و دەشکرێ بەم شێوازە وەربگێڕدرێت:

(Cethomemeesttrescelebre).

به هەمان شێوەش هەمان بابەت دەتوانین لەسەر زمانی فەڕەنسی جێبەجێی بکەین، ئەویش کاتێک دەڵێین:
Ll y aanguille sous roche.
واتە **(لەژێر بەردەکەدا ئینگلیز هەیە)**. ئەمەش بێگومان لە زمانی عەرەبیدا هیچ مانایەکی نییە، بەڵام بەم شێوەیەی خوارەوە دەتوانین بۆ سەر زمانی عەرەبی وەریبگێڕین: **(مەسەلەکە نهێنییەکی لەخۆگرتووە)**، کەواتە تەنها لۆجیکێکی تایبەت لە وەرگێڕانی ئەم جۆرە گوزارشتانە ڕۆڵ دەگێڕێت.

## ٣. ئەو گرفتانەی بە لایەنی ژیارییەوە پەیوەستن

لێرەدا سەختییەکی زۆر لەوەدا بەدی دەکرێت، کە گوزارشتێک هەڵگۆزیت و بە ڕەهایی بۆ زمانیکی دیکە وەریبگێڕیت، بۆیە دەبێ تۆکمەیی زمان بەهەند وەربگریت و پەیوەستبوونەکەی بە دەوروبەرە ژیارییەکەیەوە لێک بدەیتەوە، لێرەدا پێویستە تیۆری وەرگێڕانەکە بە تێڕوانینی گشتی توێژینەوەی دیاردە نیمچە زمانەوانییەکانی ئەنسرۆپۆلۆجیاوە ببەستییەوە، کەواتە دەبێ دەوروبەری گشتی و کەشەکانی دەوروبەری هەموو لە کاتی وەرگێڕانەکەدا ڕەنگبداتەوە، جگە لەمەش هەموو گوزارشتە دەروونییە تایبەتەکانی پەیوەست پێیەوە دەبێ لە وەرگێڕانەکەدا هەبن، بۆ نموونە لە وەرگێڕانی **(دیاردەی ژیاریی)** لە فەڕەنسی پێویستە هەموو ئەم گوزارشتە نیمچە زمانەوانیانەی کە وابەستەگیان پێوە هەیە، لە وەرگێڕانەکەدا ڕەنگبدەنەوە.

ئینجا لە بواری ئەم ڕوونکردنەوە تایبەتانەی پەیوەندییان بە گرفت و سەختییەکانەوە هەیە، کە لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی وەرگێڕاندا ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبنەوە، ئەوەمان تێبینی کردووە، کە هەندێک لە دەقەکان، وەرگێڕانیان قەدەغە(تابۆ)یە، ئەم حاڵەتەش لە زمانی فەڕەنسیدا بە زاراوەی (intraduisibilite) گوزارشتی لێ دەکرێت. ئەم حاڵەتەش بۆ دوو بەش پۆلێن دەکرێن:

**یەکەمیان: ئاگاداربوون لە وەرگێڕانی زمانەوانی تەواو.**

**L'intraduisibilitelinguistique.**

**بە هەمان شێوەش ئاگاداربوون لە وەرگێڕانێک، کە خاوەن کرۆکێکی ژیاریی بێت.**

**L'intraduisibiliteCulturelle**

چارەسەکردنی کێشە و ئاریشەکانی پەیوەست بە وەرگێڕانەوە، تەنیا زمانەوانی نییە، بەڵکو مۆرکێکی نەژاد و ڕەگەزیشی بەخۆوە گرتووە، بەهەمان شێوەش چەمکی زمانەوانی زمان بەشێوەیەک بڵاوکراوەتەوە، کە مۆرکە ژیارییەکەش بگرێتەوە و هەموو ئەو بارودۆخە ژیارییەش لە دووتوێ بگرێت، کە لە دەوروپشتیدان، بە هەمان شێوەش ئاوڕ لە حاڵەتی سیاسی زمانەکە بداتەوە، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو ڕایەین، کە وەرگێڕان داڕشتنێکی تایبەتە و لە واتای دەوروبەر بەرجەستە دەبێت، کە هەردوو ژینگەی درکاندن و هەڵوێستی گشتی لەخۆ دەگرێت، دەکرێ گوزارشتێکی دیکە بەکاربێنین و بڵێین هاوواتای زمانەوانی و هاوواتای ئەرکی تێدا بەرجەستە بووبێت، لێرەشدا ڕوونکردنەوەی سەرەکی و

ڕوونکردنـەوەی تـازە هـەمان مانایـان دەبێـت، مـادام هـەمان ئـەرک دەکـەن، پسـپۆڕانی ئاماژەسـازی ئـەم حاڵەتـە بـە**(زمـانی ئاخـاوتن)** و **(تیۆری ڕەوانبێژی)**ناودەبەن.

ئینجـا بەرانبـەر بـە دەقێکـی واژەئـامێز، وەرگێـڕ خوازیـاری وەرگێڕانیـــەتی، واتـــە وشـــەیەک وەرگێڕانـــی یاســـاغ بێـــت (**vocabulaireintraduisible**)، وەرگێـڕ بۆی هەیـە لـەم حاڵەتـەدا دەسـت بـۆ تاکـە چارەسـەرییەک ببـات، کـە **(خواسـتنی واژەکـان)**، یـان**(قـەرزکردنی زمانـەوانی)**یـە، واتـە (**Lempruntlinguistique**) گواستنەوەی گوزارەیەک لە زمانێکەوە بۆ زمـانێکی دی بەشـێوەیەکی وشـــەئامێز، دەکـــرێ بـــە دەربڕینێکـــی دیکـــە بڵێـــین گواســـتنەوەی **(هێمـــابۆکراو)** بـــەبێ **(هێمـــا)**، لـــە هـــەردوو حاڵەتەکەشـــدا وشـــەکە گرنگییـەکی یەکسـانی هەیـە لەگـەڵ خـودی ئـەو شـتەی لـە زمـانی وەرگێڕەکـەوە گوازراوەتـەوە، ئینجـا خواسـتنی واژە هەمەچەشـنەکان بـۆی هەیـە بەهایـەک، یـان مانایـەکی شـێوازانە بـە پرسـە خۆجێییەکـە ببەخشێت، شیمانەی ئەوەش هەیە چەند گوزارەیەک هەبن لە حاڵـەتی خواسـتنیاندا لـە هاوواتـا و لـە شـرۆڤەکانیان باشـتربن، کـە لـە زمـانی دووەمـدا بـەدی دەکـرێن، لـەبەر ئـەوە زمـانی فەڕەنسـی بـۆ نموونـە وشـــەیەک، یـــان زاراوەیـــەکی تێـــدا دەخوازرێـــت، پاشـــانیش بـەکاردەهێنرێت، خواسـتنی چـەند وشـەیەکیش، یـان گواسـتنەوەی بـۆ زمـانێکی دی بـە شـێوەیەکی وشـەئامێز بازدەداتـە سـەر مانایـەکی دیکـەی نـوێ و مانایـەکی دیکـە بـۆ زمـانی دووەمـی وەرگێڕانەکـە دەستەبەر دەکات، لەبەر ئەوە وا باشترە وشـەکە، یـان واژەکـە پـاش

بەکارهێنان و وەرگێڕانی، شرۆڤەیەکی بدرێتی، ئینجا ئەو شرۆڤەیە چ تێبینییەک بێت، کە لە پەراوێزدا نووسرابێت، یان لە کاتی دەوروبەری ڕستەکەدا ڕاڤە بکرێت.

**ئامۆژگاری و ڕێنمایی گشتی**

پێش ئەوەی کاری وەرگێڕان ئەنجام بدەین، پێویستە کۆمەڵە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکی گشتی بخەینەڕوو، تا قوتابی دەرفەتی وەرگێڕان و عەرەباندنی ئەو دەقانەی بۆ بڕەخسێت، کە خوازیاری وەرگێڕانیانە، بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی قوتابی دڵنیا بێت ئەو کارەی ئەنجامی دەدات، ڕاست و دروستە، ئینجا مادام لێرەدا باسی وەرگێڕان و عەرەباندن دەکەین، پێویستە هەردوو زاراوەکە ڕوون بکەینەوە، وەرگێڕان لە زمانی فەڕەنسیدا بە وشەی (Theme) گوزارشتی لێ دەکرێت، مەبەستیش لێی وەرگێڕانی دەقەکانە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی فەڕەنسی، سەبارەت بە عەرەباندنیش وشەی (Version)ی بۆ بەکاردەهێنرێت و مانای وەرگێڕانی دەقەکانە لە زمانی فەڕەنسییەوە بۆ زمانی عەرەبی. لێرەدا پێویستە جیاوازییەک بکەین لەنێوان هەردوو زاراوەکە، کە بە (**بەعەرەبیکردن**) ناسراون، یەکەمیان (Version)، کە پێشتووتر باسمان لێوەکرد، دووەمیش (Arabisation)، کە لە کاری (arabiser)ەوە داڕێژراوە، مانای بەعەرەبیکردن دەگەیەنێت، ئەویش وەک چەمکی بەخشینی خەسڵەتی عەرەبی لە هەردوو ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەوە، لەڕووی ئەدەبیشەوە وشەکە ئەو خەسڵەتە دەگەیەنێت، کە بەو واژە بیانییە دەگوترێت، کە چووەتە ناو

زمانی عەرەبییەوە، ئەویش پاش ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، چ بە زیادکردن و چ بە کەمکردنەوە، یان بە سەراونخوونکردن، لێرەدا پێویستە وەرگێڕ چەند زانیارییەکی ڕاست و دروست و ورد دەربارەی هەردوو زمانەکەی لەلا بێ، کە کاری وەرگێڕانیان تێدا ئەنجام دەدات، واتە دەبێ شارەزاییەکی زۆری دەربارەی هەردوو زمانەکە هەبێت و زۆرجاریش پشت بە فەرهەنگی زمانەوانی ببەستێت، چونکە بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانەوانی بۆ وەرگێڕ زۆر گرنگە و نابێ پشتگوێ بخرێت، ئەم زانینەش پێویستە هاوسەنگ بێت، واتە چەندێک لە زمانە وەرگێڕدراوەکە دەزانێت، ئەوەندەش دەربارەی زمانە سەرەکییەکە بزانێت، بەڵام لێرەدا بەکارهێنانی فەرهەنگ تەنیا بۆ ئەو زمانەیە، کە لێوەی وەردەگێڕێت.

پێویستە سەرەتا لەو دەقە تێبگەین، کە خوازیاری وەرگێڕانین، لە ڕووی شیکردنەوەی ڕستە و گوزارشت و وشەکانەوە، واتە زۆر گرنگە مانای دەقەکە بزانین، چونکە ناسینی زمان بەتەواوەتی و بەوردی، مەرج نییە لەلایەن وەرگێڕەوە وەرگێڕانێکی پڕ بە پێست بۆ دەقەکە دابین بکات، ئینجا لێرەدا پێویست ناکات وەرگێڕەکە لە هەموو زانستێکدا پسپۆڕ بێت، چونکە ئەمە مەحاڵە، بەڵام گەیشتن بە وەرگێڕانێکی باش لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی شێنەیی و وردی دەقەکەوە پەیدا دەبێت، کە چەندەها جار دووبارە بێتەوە، بۆیە ناکرێ دەست بە وەرگێڕانی دەقەکە بکرێت، پێش ئەوەی بخوێنرێتەوە و درکی پێبکرێت، ئینجا وەرگێڕ هەست بەوە بکات، کە دەتوانێ پرۆسەکە کۆنترۆڵ بکات، وەرگێڕ لە نووسەرە سەرەکییەکە

سەرکەوتووتر نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کۆششی خۆی دەخاتەگەڕ لەپێناو ئەنجامدانی وەرگێڕانێکی پوخت و نایاب، بە جۆرێک دەقە وەرگێڕدراوەکە وای بۆ بڕوانرێت، کە دەقێکی سەرەکی ڕەسەنە و نووسەرێک نووسیویەتی، لە بواری بابەتەکەیدا پسپۆڕە.

لەو هەڵە باوانەی لە پرۆسەکانی وەرگێڕان و بەعەرەبیکردن سەرهەڵدەدەن، ئەوەیە وەرگێڕ هەر لە بەرایی کارەکەیەوە دەست دەداتە گەڕان بەدوای مانای ئەو وشە و گوزارشت و دەربڕینانەی لە دەقەکەدا بەکارهێنراون، پێویستە وەرگێڕ دەقەکە چەند جارێک بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی مانای گشتی دەقەکە تێبگات، پاشانیش هێما بخاتە سەر ئەو وشانەی دیاریکردنی ماناکانیان سەخت و دژوارە، بۆ ئەوەی پاشان لە دووتوێی فەرهەنگیی زماندا بیاندۆزیتەوە و بە هەموو مانای دەوروبەر و دەقەکەیەوە وەریانبگێڕێت.

لە کاتی گەڕان بەدوای هەر وشەیەک لە فەرهەنگەکاندا، وەرگێڕ دەستی دەگاتە چەند مانایەکی جۆراوجۆر و چەند وشەیەکی هاوواتا، لەم حاڵەتەدا بژاردەکات و هەڕەمەکی نابن، بەڵکو پێویستە وشە هاوواتاکان هەڵبسەنگێنرێن و ماناکان هەڵبژێردرێن و وشەی گونجاوی دەقەکە دیاری بکرێت، بەشێوەیەک بژاردەکان لەگەڵ مانای دەقەکە بگونجێت، بۆ نموونە (**la crainte**) مانای (**ترس**)ە، لەگەڵ وشەی (**Lapeur**)جودایە، کە هەر (**ترس**) دەگەیەنێت، بە هەمان شێوەش (**Lafatigue**)ماندوویەتی دەگەیەنێت، وەکو وشەی (**assoupissement**)نییە، کە مانای (**ئارامی**) بەدەستەوە دەدات، هەردوو وشەی (**نوزە**) و (**بێئاگایی**)یش وشەی (**la lethargie**)

نــــین، کــــه مانـــــای (**ســــــتی**) دەگەیــــەنێت، نــــەک مانـــــای (**La lassitude**)ماندوویێتی. لەم حاڵەتەدا پێویستە دەست بکەین بە هـەڵبژاردنی ئـەو وشـەیەی لەگـەڵ دەقـە سـەرەکییەکەدا دەگونجێت، ئینجـا هـەموو وشـەیەک مانایـەکی دەستنیشـانکراو و تایبـەتی خـۆی هەیە، ئینجا چ لە زمانی عەرەبی، یان لە زمانی فەڕەنسیدا بێت.

کاتێ دەست بە وەرگێڕان، یان بەعەرەبیکردنی دەقێکی دیاریکراو دەکـەین، پێویسـتە بڕگـە بڕگـە دەسـت بـە وەرگێـڕان بکـەین، پـاش ئـەوەش دەسـت بـە ڕێکخسـتنی مانـا و گوزارشـتەکان دەکـەین، بـە شـێوازێکی ئـەوتۆ کـە لەگـەڵ زمانەکـەدا بگونجێـت، بـەو مەرجـەی پارێزگاریی لە وردی مانا و تۆکمـەیی شـێوازەکەی بکـات، و ڕسـتە و گوزارەکان بە ڕاستی و دروستی بەیەکەوە ببەستێتەوە و ڕەچاوی تایبەتمەنـدیی و خەسـڵەتەکانی هەریـەک لـەو دوو زمانـە بکـات، کـە کاری وەرگێڕانیان تێدا ئەنجام دەدات.

لەو ئامۆژگارییانەی کە زۆر پێویست و گرنگن لە ئەداکردنی کاری وەرگێڕاندا، ئەمانەتە، پێویستە وەرگێڕ لە کاری وەرگێڕاندا ڕاستگۆ و متمانـەپێکراو بێـت، و هەمیشـە پارێزگـاری لـە مانـای جێ مەبەسـت بکـات و هـەردەم کـار لەسـەر ئـەوە بکـات لـە کـرۆک و جەوهـەری دەقەکە دوور نەکەوێتەوە، بە گوزارشتێکی دی دەکرێ بڵێین پێویستە وەرگێـڕ و نووسـەری سـەرەکی دەقەکـە لـە تێکەڵکێشـییەکی کـارا یەکبگرنـەوە، واتـە هـەردوو دەقەکـە یـان نزیـک و گونجـاو بـن، چ لـە زنجیـرەی بـوونی هزرەکـان، چ لــە تۆکمـــەیی ڕســـتەکان و چ لـــە ڕیزبەندی لۆجیکیانەی دەقەکە.

پێویسته لەسەر وەرگێڕ شارەزاییەکی باشی لە بواری ژیاریی ئەو زمانەدا هەبێ، کە وەریدەگێڕێت، ئینجا گەر ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبییەکانی زمان بەهەند وەرگرین، ئەوە بێگومان ئەو زمانە بە هەموو نەریت و داب و ڕێوڕەسمەکانی کۆمەڵگەوە گوزارشت لە ژین و ژیاری ئەو دەڤەرە دەکات. کەواتە پێویستە لەسەر وەرگێڕ بەرچاو ڕوونییەکی هەبێت لەڕووی تایبەتمەندیی و خەسڵەتە ژیارییەکانی ئەو زمانەی کە کاری وەرگێڕانی تێدا ئەنجام دەدات، کاتێکیش وەرگێڕ بەرچاوڕوونی لە بواری زانستی و ئەدەبی زمانەکەدا دەبێت، ئەوە بێگومان زانینی خەسڵەتە زمانەوانییەکان تەنیا بەس نین بۆ وەرگێڕانی دەقێک، بەبێ ئەوەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو ژیارە بزانرێ، کە باکگراوندی دەقەکە پێکدەهێنن، کەواتە بە کورتی دەڵێین زمان بەهیچ شێوەیەک لە ژیاری کۆمەڵگە جیا ناکرێتەوە.

هەموو زمانێک زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە، جا بەعەرەبیکردن و وەرگێڕانی ئەم زاراوانە ناکرێ پیتئامێز بن، بەڵکو لەڕووی ماناوە وەردەگێڕدرێن، لەوانەشە بە زاراوەیەکی دی بۆ ئەو زمانە وەربگێڕدرێت، کە کاری وەرگێڕانی تێدا دەکات، ئەم حاڵەتەش لە وەرگێڕانی پەندی پێشینانددا زیاتر بەدەردەکەوێت، بۆ نموونە وەرگێڕانی:

Vieux comme le temps

بەم مانایە دێت: **ڕۆژگار لێی خوارد و خواردییەوە.**

هەروەها ئەم ڕستەیە:

Unfleuve ne remonte pas vers la source.

وەرگێڕانەکـــەی بـــەم شـــێوەیەیە: **خۆزگـــە ڕۆژێـــک لاویـــەتی دەگەڕێیەوە.**

هەروەها ڕستەی:

Qui se ressemblesassemle.

بەم شێوەیە وەردەگێڕدرێت: **باڵندەکان لەسەر شێوازی خۆیان دەنیشنەوە.**

لـــەم جـــۆرە زاراوانـــە، یـــان پەنـــدە دێرینانـــەدا، تـــەنیا ماناکـــان وەردەگێـــڕدرێن، چونکـــە وەرگێڕانـــی پیتئـــامێز و وشـــەیی، مانـــا سەرەکییەکە بزردەکەن.

هەردوو ڕەگەزی **(نێر)** و **(مێ)** لە زمانی فەڕەنسیدا گرفتی گەورە دەخوڵقێنن، ئەویش کاتێک قوتابییە عەرەبەکان خوازیاری فێربوونی دەبن، چونکە زۆرجار وشەیەک لە زمانی فەڕەنسیدا نێرە، کەچی لە زمانی عەرەبیدا بە **(مێ)** هەژمار دەکرێت، باشترین نموونەش بۆ ئەمە مانگە **(lalune)**، کە بە زمانی فەڕەنسی (مێ)یە و بە زمانی عەرەبی (نێر)ە، هەروەها خۆر**(Lesoleil)**،بەزمانی فەڕەنسی (نێر)ە و بە زمانی عەرەبی (مێ)یە، لەم حاڵەتەدا پێویستە بە یاسا و ڕێزمانی عەرەبی بنووسرێن و وەربگێڕدرێن، کەواتە پێویستە لە پرۆسەی وەرگێڕان و بەعەرەبیکردندا، گونجان و تەباییەکی بێ وێنە هەبێت.

پێویسته وەرگێڕ گرنگییەکی زۆر بە **خاڵبەندی** بدات، وەکو **وێرگوڵ و خاڵ و دوو خاڵی لەسەر یەک و هێماکانی پرسیار و سەرسوڕمان...هتد**، چونکە هەموو هێمایەک ئاماژەیەکی زمانەوانی تایبەت لەخۆ دەگرێت و ئەرکێکی دیاریکراو جێبەجێ دەکات، ئینجا ئەگەر بێتو ئەو هێمایانە پەراوێز بخرێن، یان لە شوێنێکی دیکە بەکاربهێنرێن، بێگومان ئەم هەڵەیە بۆ لاربوونی تەرازووی هاوسەنگی ڕستەکە پەلدەکێشێت و شیمانەی ئەوەش هەیە، هەموو ماناکە بگۆڕێت، یان دووچاری کەلێنێکی گەورەی بکات، لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنینەوە:

Le directeur, ditLouvrier, ne fait pas son devoir.

لەم ڕستەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە کرێکارەکە وتویەتی: **بەڕێوەبەرەکە ئەرکی خۆی جێبەجێ ناکات.**

کەچی لەم حاڵەتەی خوارەوەدا وتراوە:

Le directeurdit:louvrier ne fait pas son devoir.

بەڕێوەبەر وتی: **کرێکارەکە ئەرکی خۆی جێبەجێ ناکات.**

لەم نموونەیەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە دانانی هێماکانی خاڵبەندی گرنگی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی ڕستەکەمان تەمومژاوی نەبێت و بە ڕاستی و دروستی مانای خۆی بەدەستەوە بدات.

پێویستە گرنگی بە ڕێکخستنی **جێناو** و ماناکانیان بدرێت، لە زمانی فەڕەنسیدا زۆرجار دەوترێت **(تۆ و من)** (**Vous etmoi**)، لە

جیاتی (من و تۆ)، بە هەمان شێوە **(جێناوی بەرکار)** لە ناوەڕاستی ڕستەدا دادەنرێت، بۆ نموونە:

**دەیبینم. Je le vois.**

یان لە کۆتایی ڕستەدا:

**تەماشای بکەن.** Regardez-le.

بە هەمان شێوەش **(جێناوی بکەر)** لە سەرەتای ڕستەدا دادەنرێت:

Ilecritunelettre a son ami.

**نامەیەک بۆ هاوەڵەکەی خۆی دەنووسێت.**

پێشبەندەکان لە زمانی عەرەبیدا گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە لە کاتی وەرگێڕانیاندا ئاگاداری ئەم جۆرە ئامرازانە بین، چونکە زۆرجار ماناکە دەگۆڕن، بە تایبەتی کاتێک لەگەڵ **(کار)**دا بەکاربهێنرێت، وەکو: **(يرغب في الشيء)**، واتە: **دەیەوێت**، بەڵام**(يرغب عنه)** واتە: **ڕەتی دەکاتەوە.**

فرەجۆری پێکهاتەی کارەکان لە زمانی فەڕەنسیدا بە خەسڵەتێکی جیاکار لەم زمانەدا هەژمار دەکرێت، بۆ نموونە داڕشتنەکانی ڕابوردوو لە زمانی فەڕەنسیدا فرەن، هەر داڕشتنێکیش مانایەکی تایبەت دەبەخشێت، بۆ نموونە لەم دوو ڕستەیەدا **(ڕابوردووی ناتەواو)** و **(ڕابوردووی تەواو)** بەکاردەهێنرێت.

1. Quandvousetes arrives, la fete avait lieu.

2. Quandvousetes arrives, la fete avaiteu lieu.

ڕستەی یەکەم ئەمە ماناکەیەتی:

**شاییەکە هەر بەردەوام بوو، کاتێک گەیشتمە ئەوێ.**

بەڵام ڕستەی دووەم ئەمە ماناکەیەتی:

**کاتێک گەیشتم، شاییەکە تەواو ببوو.**

به هەمان شێوە تایبەتمەندیی کارەکان لە زمانی عەرەبیدا هەیە، چونکە زۆرجار (کاری ڕابوردوو) وەک ئاماژەیەک بۆ ئێستا و ئاینده بەکاردەهێنرێت، ئەم حاڵەتەش لە ڕستەی مەرجی و داواکردن و پڕوپاگەندە و سوێندخواردن پراکتیزە دەبێت، بۆ نموونە وەک:

**گەر بخوێنی، سەردەکەویت.**

**خودا نەکات.**

**خودا تەندروستی و عافیەتت پێ ببەخشێت.**

ئەوەی باسمان کرد کۆمەڵە ئامۆژگاریی و ڕێنماییەکی گشتی بوون، دەکرێ قوتابی پشتیان پێ ببەستێت و ناوەرۆک و کرۆکەکانیان بۆ خۆی بکاتە مەشخەڵ، چونکە چەندەها سوود لەخۆ دەگرن، کە لەوانەیە زۆر لە وەرگێڕەکان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی وەرگێڕاندا پشتگوێیان بخەن و فەرامۆشیان بکەن، ئینجا بۆیە ئاواتەخوازین ئەم ڕێنماییانە بەهەند وەربگرن، تاکو ئاستی زانستیی قوتابیانمان بە گشتی بەرزبێتەوە و بەرەو باشتر هەنگاو بنێت.

ئەم نووسینە لەم کتێبە وەرگێڕدراوە:

**توفيق عزيز عبدالله(د) و حسيب الياس حديد(د)، مبادىء الترجمة ـ لطلبة المرحلة الثالثة قسم اللغة الفرنسية، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل، ١٩٨٩، ص ١٣ ـ ٢٦.**

# تیۆرەکانی ئێستای وەرگێڕان

بێگومـان پرۆسـەی وەرگێـڕان ـ زارەکـی یـان نووسـراو بێـت ـ لـە هەردوو حاڵەتدا پرۆسەیەکە بەقەد ئاخاوتن و بەقەد نووسـین کـۆن و دێرینە، بەڵام زانستی ڕەچەڵەکناسی باس لەو خێڵ و هـۆزە دابڕاوانـە بۆ نەکردووین، کە زمانەکانیان هەمەجۆر و جیاوازن، کەچی ئەندامی وایـان تێـدا نـەبوو بێـت، کـە بـە زمـانی هـەردوو هۆزەکـە قسـەیان کردبێـت. لێـرەدا دەتـوانین ئامـاژە بـۆ ئـەو پەیماننامانـە بکـەین، کـە لـەنێوان حیسـییەکان و فیرعەونەکانـدا مـۆرکراوە، ئـەم پەیماننامانـە تەمـەنیان بـۆ پـێش سـێ هـەزار سـاڵ دەگەڕێتـەوە، لـە هـەمان ئـەم قۆناغەشـدا سـەردەمی فیرعەونـەکان پـڕ بـوو لـەو وەرگێڕانـەی پرۆسـەکانی وەرگێڕانیـان بـەبێ نووسـین و لـەڕێگای ئاخاوتنـەوە ئەنجام دەدا، ئەو وەرگێڕانە وەرگێڕی سەرپێی و ئاسایی بوون و لـە بـاو و باپیرانـەوە ئـەم پیشـەیەیان بـۆ مـابۆوە و لەسـەر کـردە و پێشـەواکانیانەوە فێری ببوون، ئـەو وەرگێڕانـە گـەورە نووسـەری وا بـوون، کـە هـزر و بیـری خۆیـان خسـتبووە گـەڕ، بـۆ ئەنجامـدانی پرۆسـەکانی وەرگێڕان، کـە لـە دەیەها کەسایەتی پێکهاتبوون، وەک: (شیشـرۆن Cicèron) و (سـان جیـرۆم Sainet – Jèròme) و (میمۆنید Maimonide) و (دانتی Dante) و (ئۆریسم Oresme) و (ڕیڤـــارۆل Rivarol) و (لیۆپـــاردی Leopardi) و (گۆتـــە

(Goethe) و (پـۆپ Pope) و (شــاتۆبریان Chateaubriand) و (گۆگـۆل Gogol) و (لوکۆنـت دولیسـل Leconte de Lisle)، هـەروەها (گیـد Gide) پێگەیـەکی گرنگـی لـەنێو ئـەم نووسـەرانەدا هەبوو، کە لە سەدەی شازدەوە نووسـەری دیکـەیان لەگەڵدا هـەبوو، کـە لـە هونـەری وەرگێڕانـدا بـەناوبانگ و ناسـراو نـەبوون، وەک: (لوسـیور دولسـتان Le sieur de Lestang) و (باشـیە دومیزیریاک Bachet de mèziriac) و (پیرۆت دبلنکۆرت Perrot dablancourt) و (مـەدام داسـییەر تیلـەر Madame dacier tyler) و سەدانی دیکە.

تـا هەنووکـە ئـەم کلتـوورە هـەر بەردەوامـە، گۆڤارەکـانی ئێسـتای کۆمەڵە ئەهلییەکانی وەرگێڕەکان، کە ژمارەیان نزیکەی (٤٠) گۆڤارە، هەڵدەسـتن بـە بڵاوکردنـەوەی تێبینیـەکان بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک، تیایاندا بە شێوەیەکی بێکۆتا شارەزاییە تایبەتییەکانی هەر یەکێک لـەو وەرگێڕانە کۆدەبێتـەوە، بێگومـان ئـەم شـارەزاییانە پشـت بـە چەنـدەها نموونــەی ئــەزموونی و پیشــەیی دەبەســتن، جگــە لەمانــەش ئــەم ئەزموونانـە لـە هەوڵـدان بـۆ ئـەوەی بەرزببنـەوە و ببنـە هـزر و بیـری گشـــتی، هەرچەنـــدە هەمیشـــە پشـــت بـــە وێناکردنـــە کـــۆن و بەســـەرچووەکانی وەک فەلســـەفەی زمـــان دەبەســـتن، و هەمیشـــە دوورن لە بنەمای تیۆری پتەو و ڕاستەقینە.

## ویلبور مارشاڵ ئۆربان (١٩٣٩) Wilbur Marshall Urban

شتێکی نامۆیە بۆ ماوەیەکی درێژ فەلسەفەکانی زمان شارەزا نەبیت، ئەم پرۆسەیەی ئەم فەلسەفانەی وەک ئامرازێکی باش بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە، بۆ تاوتوێکردن و توێژینەوەی ئەم گرفتە تەمومژاویە دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان زمان و هزر، ئینجا لەمبارەیەوە فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیاکان بێدەنگیان لە فەلسەفەکانی زمان کەمتر بووە، چونکە ئەو وتارەی ناونیشانی (وەرگێڕان)ی هەڵگرتبوو، لە (بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکانی بەریتانیا) بە دەرنەکەوت، مەگەر لە چاپەمەنییەکانی پاش ساڵی (١٩٥٠)دا نەبێت.

هەروەها وەرگێڕان شوێنی گرفتی فەلسەفەی سەربەخۆی گرتۆتەوە، ئەویش لە پەرتوکێکی فەیلەسوفی ئەمەریکی ئۆربان (Urban) بە ناونیشانی (Language and Thougt) (زمان و هزر) (چاپی یەکەم ساڵی ١٩٣٩، چاپی دووەمیش لە لەندن، لە بڵاوکراوەکانی (Allen and Unwin) ساڵی (١٩٦١)، ئەم فەیلەسوفە سێ لاپەڕەی (٢٣٦ ـ ٢٣٨) بۆ گفتوگۆکردنێکی تایبەت دەربارەی وەرگێڕان دەستنیشانکرد، هەروەها پاشکۆیەکی پێنج لاپەڕەشی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد (بەشی دووەم (٧٣٦ ـ ٧٤٠).

لەو کاتەشدا سەبارەت بەم مەسەلەیە بۆ زمانەوانانی گەڕاندەوە: (گاردینەر Gardiner) (جیسپرسن ڤۆسلێرن Jespersen vosseler) بە تایبەتی (ساپیر Sapir). هەروەها: (برۆنسلوو مالینۆڤسکی Bronislaw Malinovski)، کە لە ساڵی (١٩٢٣)دا

پاشـکۆیەکی بـە ناونیشـانی (گرفتـی واتـا لـە زمانـە دێرینەکانـدا) بـە زمـانی ئینگلیـزی نووسـی، کـە لـە پەرتووکێکـدا بـوو بـە ناونیشـانی (ئاماژەکانی واتـا)، کـە ئـەویش بـە هـەمان شـێوە بـە زمـانی ئینگلیـزی بوو، هی(ئۆگدن و ڕیچادز Ogden et Richards) (٢٩٦ ـ ٢٣٦) نووسیبوی، کە چاپی هەشتەمی لـە سـاڵی ١٩٦٤ لـە چاپدرابوو، ئـەو مەسەلە سەرەکییانەی لەم پەرتوکانەدا هـاتبوون، ئەمانـە بـوون: توانـا و ئەگـەری وەرگێڕانـی هەمـەکی یـان نـەبوونی ئەگـەری وەرگێڕانـی هەمەکی (یان بەشەکی)، ئـەم مەسـەلانە لـەو لایەنـەوە باسـکران، بـەو حیسابەی یان بە بونیادە هەمەچەشنەکانی زمانـەوە پەیوەسـتن (کـە ئەمـەش ئاسـتەنگێکی زمانەوانییـە)، یـان پەیوەسـتن بـە ڕاسـتەقینە دەروونـی و کۆمەڵایـەتی و بنەچەییەکانـەوە، کـە ئەمـەش بێگومـان لەمپەرێکی ڕۆشنبیرییە.

**یۆجین ئە. نیدا** Eugene A. Nida

تویژینەوەی زانستی لەمەڕ کێشە و ئاریشەکانی وەرگێڕان، یەکـەم هەڵمەتی گەورەی پاش جەنگی جیهانی دووەم بەخۆوە بینـی، ئـەویش لـە ئـەنجامی پێویسـتی بـۆ وەرگێڕانـی پـەرتووکی پیـرۆز، لـە ڕاسـتیدا وەرگێڕانی پەرتووکی پیرۆز بۆ نزیکەی ٨٠٠ تا ١٠٠٠ زمان کـراوە، کـە کۆمەڵـەی بـەهێز نـاوی کۆمەڵـەی ئەمـەریکی پـەرتووکی پیـرۆزی گرتبووە ئەستۆی خۆی لەگەڵ بەڕێوەبەری کاروباری وەرگێڕان، کـە زمانـەوانێکی ڕاسـتەقینەیە و نـاوی نیـدا (E.A.Nida) لـە سـاڵی (١٩٥١)ەوە نووسینەکانی دیکەی چ وتارەکانی و چ پەرتووکەکانی لـە

کۆمەڵە کێشـە و چارەسـەریەک پێکدێن، کە لـە ڕووی زمانەوانییـەوە دەخرێنەڕوو، لەم بارەیـەوە دەتوانین بۆ پـەرتووکی (بـەرەو زانستی وەرگێـڕان) بگەڕێینــەوە، (لیـد Leyde، چـاپی بریـل Brill ســاڵی ١٩٦٣) ئەم پەرتووکە بە فەرهەنگی زانستیی سـەدەی خۆی هـەژمار دەکرێت.

**ڤینیە و دار بلنیت** (١٩٥٨) Vinay et Darbelnet

لـە هـەمان چەرخیشـدا یەکـەم شـێوازی وەرگێـڕان لـە پێویسـتییە کردەییـەکانی زمانەوانانـەوە سـەری هەڵـدا، کـە شـێوازێکە پشـت بـە شــیکردنەوەی زانســتیی دەبەســتێت: (شێوازناســی بــەراوردکاری لەنێوان هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسیدا دەکات)، کە چاپخانـەی دیدییەر Didier لە پاریس بڵاوی کردووەتەوە)، ئینجا لـەژێر سـایەی ئـەم ناونیشـانەدا هــەردوو نووسـەرەکە هەسـتان بـە کۆکردنـەوەی ئـەنجامی شـیکردنەوەکان و ئەزموونـە پـڕ بـەهاکان، بـۆ دابینکردنـی پێویسـتییەکانی کەنـەدا، ئـەویش لەبـەر ئـەو بارودۆخـە زمانەوانییـەی پێیدا تێدەپەڕێت، لـەم وڵاتـەدا نووسـەران هەسـتان بە بڵاوکردنـەوەی دەقە شـەرعی و یاسایی و فەرمییەکان بە دوو زمـانی فـەرمی، کـە لـە ڕووی دەستوورییەوە وەک یەکدین و لە یەک ئاستدان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نووسینگەی وەرگێڕەکان بەرەوپێش بچێت، ئـەویش بـەو حیســابەی دەســتەیەکی ســەر بــە یەکێتییەکەیــە و نزیکــەی هــەزار پسپۆڕی ئاستی باڵایان هەیە و کاری تیادا دەکەن.

ئینجا بۆ ئامادەکردنی چەند وەرگێڕێکی پسپۆڕ (ڤینیـە Vinay) و و (دار بلنیــت Darbelnet) هەســتان بــە هــەڵهێنجانی کۆمەڵــە

یاسـایەک، کـە توانـای ڕوونکردنـەوەی ئـەو هەنگاوانـەیان هەیـە، کـە پێویستە بگرێنە بەر، بۆ ئەنجامدانی وەرگێڕانێکی باش و پوخت، لـە کاتێکدا هەموو تێبینییەکانی پێشوو تەنها کۆمەڵە نموونەیەک بوون(بۆ ئەو کارانەی نابێ لە پرۆسەی وەرگێڕاندا ئەنجام بدرێن)، بەرانبەر وەرگێڕانـــی وشـــە بـــە وشـــە، کـــە هەمیشـــە مـــەحکومکراوە و ڕەتکراوەتـــەوە، ئـــەویش لـــەڕێگای ســـەلیقە و چێـــژەوە . لێـــرەدا وەرگێڕەکان مەسەلەی یەکانگیری - یەکێتی وەرگێڕانیان خستەڕوو، واتـە ئـەو کۆمەڵـە و ئـەو کۆڵەکانـەی وەرگێـڕان تیایانـدا بـە کۆمـەڵ ئەنجام دەدرێن، چونکە بە یەکەی ڕاستەقینە و خاوەن مانا هەژمار دەکرێن.

(ڤینیە) و (دار بلنیت) پۆلێنکردنی حەوت چارەسەری بۆ سەرجەم کێشەکانی وەرگێڕانیان ئەنجامدا:

١- خواستن یان وەرگرتن لە ڕووی زمانەوانییەوە (L'emprunt) چارەسـەرییەکی بێسـوودە، بـەڵام هـەرچی چۆنێـک بێـت هـەر بـە چارەکردن هەژمار دەکرێت، کە جەخت دەکاتەوە سەر وەرنەگێڕانی وشـەکە لـە زمانـە سـەرەکییەکەوە(زمانی یەکـەم، کـە لێـوەی وەردەگێڕێت)، بەتایبەتی ئەگەر پەیوەست بوو بە شتێک، کە لە کلتوور و ڕۆشنبیری زمانەکەدا بۆی وەردەگێڕێت بوونی نەبێت، واتە (زمانی دووەم یان زمانی بێگانە، کە فێری دەبین) لەگەڵ بوونی ئەگەری شرۆڤەی وشەکە لە بوارەکەدا، ئەویش لەڕێگای نووسینی تێبینییەکـەوە، بـەم شـێوەیە ئیـدی ژمارەیـەکی زۆر لـە وشـەی هەمەچەشـنە چووەتـە نـاو زمـانی فەڕەنسـییەوە، وەک: Sauna

(سونە: گەرماوێکی هەڵاوکردوو بە شێوازی فنلندی) و ( chiche – Kebab) (کەباب) یان: (merguez)، (سجق) ئەم وشانەش کرانە وشەیەکی فەڕەنسی، کێن ئەوانەی وا گومان دەبەن هەردوو وشەی (redingote) (پاڵتۆیەکی ئافرەتانە) و (dètective) (هەواڵگرێک یان ئەفسەرێکی پۆلیسە) وشەگەلێکی ئینگلیزین؟

٢- بە قاڵبکردن یان لاسایی زمانەوانی: (Le calqve) شێوازێکە لە وەرگێڕانی شێوەی زمانە بێگانەکەدا بەرجەستە دەبێت: (rouleaux de printemps) (جۆرێکی خۆراکە) (لاساییکردنەوەیەکی واژەییانەی وشەیەکی چینییە)، (vous pensez cadeaux pensez Mikado si...)، کە ئەمەش لاساییکردنەوەی ڕێزمانی کاری ئینگلیزییە.

٣- هەرچی سەبارەت بە وەرگێڕانی پیتئامێزە(حەرفی) ( mot á mot)، واتە وشە بە وشە، کە حاڵەتێکی نموونەییە، بەڵام تەنانەت دەگمەنە بۆ زمانە نزیکەکانیش هەروایە، بۆ نموونە لە زمانی ئیتالیدا:

(L'opinione pubblica non crede que l'invasori possano trionfare)

بەرانبەرەکەی بە زمانی فەڕەنسی بەم شێوەیەیە:

U'opinion publique ne croit pas que les envahisseurs puissent triompher.

ماناکەشی بە زمانی عەرەبی ئەمەیە (ڕای گشتی پێی وا نییە داگیرکەران دەتوانن سەرکەوتن بەدەستبهێنن).

٤- هەروەها گواستنەوە و جێگۆڕکێ (Le transposition) بەشێک لە وتارەکە بە بەشێکی دیکە جێبەجێ دەکات، بۆ نموونە ئەم ڕستەیەی زمانی فەڕەنسی دەڵێت: l art de la traduction هونەری وەرگێڕانە، کە بەرانبەرەکەی لە زمانی ئیتالیدا ئەمەیە:

بە ئینگلیزیش: ( l'arte del tradurre the science of translating)، واتە: زانستی وەرگێڕان، لێرەدا هەردوو زمانی ئینگلیزی و ئیتالی شێوازی کاری چاوگیان لەجیاتی ناوە فەرەنسییەکە (traduction) بەکارهێناوە، بە هەمان شێوەش شێوازە ئینگلیزییەکە (to jump across)، کە بەرانبەرەکەی بە زمانی فەرەنسی ئەمەیە: (franchir d'un bond)، کە ماناکەی ئەمەیە: بە بازدان تێپەڕی.

هەرچی هەمووارکردن و تازەکردنەوەیە، ئەوا تیایاندا خودی ڕاستەقینە نازمانەوانییەکە وەردەگێڕدرێت، بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا دەوترێت (do not enter) (چوونە ژوورەوە قەدەغەیە)، کە بەرانبەرەکەی بە زمانی فەرەنسی ئەمەیە: sens interdit ، کە دەکاتە ئەم گوزارشتە بە زمانی عەرەبی واتە: (ڕۆیشتن بەم ڕێڕەوەدا قەدەغەیە).

٦- سەبارەت بە یەکسانی یان هاوکوف(L'èquivalence) ، لەم پرۆسەیەدا کرۆک و ناوەرۆکی ڕاستەقینەکە وەسف دەکرێت، کە نازمانەوانییە، ئەویش بەبێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر پێوەرە زمانەوانییەکان: لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ نموونە دەوترێت: (a far – fetched hypothe – sis)، کە بە زمانی فەرەنسی یەکسانە بەم مانایە: (une hypothèse tirèe par les cheveux)، مانای ئەم ڕستەیەش بە زمانی عەرەبی ئەمەیە: (گریمانەیەکی زۆرەملێ یان سپێردراو).

٧ـ له کۆتایشدا خواستن (L'adaptation) دێت، که گوزارشت له هەڵوێستێکی بنەچەیی نەناسراوی زمانی مەبەستەکە دەکات، ئەویش به شێوازی گەڕانەوە بۆ هەڵوێستێکی هاوشێوە: بۆ نموونه ئەم ڕسته ڕووسییەی ماناکەی ئەمەیە: (گوندێک له پۆتیمکین Potemkine)، بەرانبەرەکەشی به زمانی فەڕەنسی ئەمەیە:

((un village d'opèrette un village en, carton – pate))، و ڕسته ڕووسییەکه ئەم مانایه دەگەیەنێت (Martyhnov) (شێته وەک ماردتینۆڤ)، که کەسایەتییەکی ڕۆمانتیکی ناسراوە و به زمانی فەڕەنسی ئەمه بەرانبەرەکەیەتی (fou á lier).

**فیدۆرۆڤ** Fedorov (١٩٥٠) **و کاری** Cary (١٩٥٦)

له هەمان قۆناغیشدا بەرەو پێشچوونی پەیوەندییەکان و دەزگا نێودەوڵەتییەکان بووە هۆی بەرەوپێشبردنی قوتابخانەکانی وەرگێڕان و وەرگێڕە ڕاستەوخۆکان، ئەم پێشڤەچوونەش بووە هۆی به دەرکەوتنی کۆمەڵە ئەهلییەکانیان، بەم جۆرە هەندێک له وەرگێڕەکان دەستیانکرد به وەسف و پۆلێنکردنی جۆرەکانی وەرگێڕان.

هەروەها منیار ـــ بیلۆروشیف Mignard – Bielorucev ڕوونکردنەوەیەکی باشیان خستەڕوو، بۆ ئەو جیاوازییانەی له نێوان وەرگێڕانی نووسراو و وەرگێڕانی زارەکی یان ڕاستەوخۆدا هەیە، جگه لەمەش ئەو جیاوازییانەی خستەڕوو، که پێشتر (جان هیربیرت ـ Jean Herbert) هەستا بوو به چارەسەرکردنێکی باش و لێهاتووانه بۆیان، چونکه ئەو توانی وەرگێڕانی بەدوایەک و وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی چرپەکراو پۆلێن بکات: (وەرگێڕانی

بەدوایەکی بینراو لە کاتێکدایە، کە وەرگێڕ دەقێکی نووسراوی پێ بێت، کە پێشوتر خرا بێتە بەردەستی). ئەندریە ڤ. فیدۆرۆڤ Andrei v. Fedorov (لە پەرتووکەکەی: تایبەتمەندییەکانی تیۆری وەرگێڕان ـ بە زمانی ڕووسی، مۆسکو (١٩٥٤)، چاپی دووەم (١٩٥٨) و (ئەدمۆند کاری) (Edmond Cary) لە پەرتووکەکەیدا (وەرگێڕان لە جیهانی نوێدا)، (جنێف)، چاپی جۆرج (Georg) (١٩٥٦)، توێژینەوەیان بۆ ئەو پێداویستیانە کرد، کە تایبەتن بە وەرگێڕان، ئەویش بەپێی ئەو بوارانەی تیایدا بەکاردەهێنرێت، لێرەدا وەرگێڕانی جیاواز لە ئارادا هەیە، وەک وەرگێڕانی دیبلۆماسی و پەرلەمانی و یاسایی و کارگێڕیی و زانستیی و تەکنیکی و ڕۆژنامەوانی و ئەدەبی و شیعری و شانۆیی و ئایینی و سینەمایی (چەند گۆڕانێکی جیاواز پەیوەست بە گفتوگۆوە دەگرێتەخۆ)، جگە لە وەرگێڕانی تایبەت بە ئەدەبی منداڵ، کە بە هەمان شێوە دەبێ باس بکرێت.

**جۆن س. کاتفۆرد** (١٩٦٥) John C. Catford (1965)

نوێترین هەوڵدانی گشتگیر لەم بوارەدا ئەوەیە، کە کاتفۆرد Catford کتێبێکی بە ناونیشانی (تیۆری زمانەوانیی وەرگێڕان - توێژینەوەیەک دەربارەی زمانەوانیی کارەکی) نووسیویەتی، چاپی دووەم (١٩٦٧). لەوانەیە ئەم توێژەرە شتێکی تازەی لە ڕووی زمانەوانییەوە باس نەکردبێت، کەچی تابلۆیەکی ڕێکی ڕووداوە وەرگێڕاوەکانی لە ڕووی زمانەوانییەوە و لە بواری وەرگێڕاندا باسکردووە، ناشکرێ یەکسانی دەق لەڕێگەی هاوشێوەیی ڕواڵەتی و

شێوەییەوە دەستەبەر بکرێت، ئینجا ئەم هاوشێوەییە لە وشەکان یان لە پێکهاتەکاندا بێت (ئەمەش مانای مەحکومکردنی وەرگێڕانی وشە بە وشەیە)، ئەم یەکسانییەش پەیوەندی بە چەند پارچەیەکی جیاوازەوە هەیە، کە بەهۆی پرۆسەی جێگۆڕکێوە دەستنیشان دەکرێت (کە لە بیرۆکەی یەکەکانی وەرگێڕان پێکدێت) و جیاوازییەکانی دابەشبوونی ڕاستەقینەکە بەپێی زمانەکان ئەنجام دەدات . ئینجا چ لەلایەنی واژەیی یان لایەنی ڕێزمانییەوە بێت . تا دەبێتە ئەو پەیوەندییە شێوەیی و مەعنەویەی لە نێوان هەردوو وشەی livre (کتێب/ کتاب) و (livres) (کتێبەکان/ کتب)دا هەیە، لە زمانی فەڕەنسیدا جیاوازی لەگەڵ ئەو پەیوەندییەی لە زمانی عەرەبیدا لە نێوان وشەی (کتاب) (تاک) و بەرانبەرەکەی (کتب) و (وشەی پەرتووک) (هەردوو پەرتووک)دا هەیە. هەروەها پەیوەندییە مەعنەوییەکانی نێوان وشەکانیش لە گۆڕاندان Fraise (فراولە)، (Framboise) شاتوو یان تووی فەرەنگی (ترێی دیب groseille á maquereau) و (Canneberge) (قمام المنافع: ڕووەکێکە لە شوێنە شێدارەکاندا دەڕوێت) و (Prunelle بەرهەمی برقوق یان خۆخی دڕکاوی و (múre (de múrier (توی درەختی توو) و (grenettes)( نبق) و وشە ئینگلیزییەکانیش (فراولەStrawberry ) و ( raspberry) (تووی زەوی) و (Gooseberry) (کشمیش) و (dogberry) بەرهەمی قەرەنییە یان (Logan berry) توی علیق و (Cranberry)( جۆرێکە لە تووی کێوی) و(Sloeberry) (برقوق) و (mulberry) (توو) و (bilberry)(عنبیە)، یان (Wor tleberry)

و (Frenchberry)، لێرەدا بوارەکە یان بەشەکەی (Berry) ئەم وشانە لەیەک نزیک دەکاتەوە.

شتێکی ئاسان نییە لە زمانی فەڕەنسیدا جێناوی کەسێتی لە (بەهازا)(bahasa) وەربگێڕدرێت، کە زمانێکە لە (ئەندەنوسیا) بەکاردەهێنرێت، چونکە ئەم زمانە شێوەی بەکارهێنراو لە بەکارنەهێنراوەکە جودا دەکاتەوە، ئەویش لەو بەشانەی پەیوەستن بە (جێناوی کەسی)ی یەکەم و سێیەمی تاک، هەروەها ئەم زمانە (بەهازا) سەبارەت بە (جێناوی کەسی یەکەمی کۆ) هەردوو شێوەی (تێخزاوەیی)(ئێمە = تۆ یان ئێوە + من) و شێوەی دوورخستنەوەیی (ئێمە = من + ئەو) جودا دەکاتەوە، ئەویش لەگەڵ (تۆ + ئێوە)، هەروەها زمانی (بەهازا) گروپی جۆری وشەسازی جودا ناکاتەوە، واتە نێر و مێ لەیەک جودا ناکاتەوە: (هو = هی ، هم = هن)، لەگەڵ ئەوەشدا (کاتفۆرد) (Catford) و غەیری ئەویش گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ئەگەر یەکەکانی زمانی چاوگ و یەکەکانی زمانی جێ مەبەست لە ڕووی ماناوە یەکانگیر بن و یەک مانا بن، ئەوا ئەم یەکانە دەتوانن لە هەمان هەڵوێستدا کار بکەن (پەرتووکی ناوبراو، لاپەڕە ٤٩).

هەرچەندە وەرگێڕانی ئامێر گورێکی بەخشییە توێژینەوە زمانەوانییەکان لە ساڵی (١٩٥٠)ەوە تا ساڵی (١٩٦٥)، کەچی هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆی لە بواری وەرگێڕانی ڕاستەقینەدا نەبوو، لەدوای ساڵی (١٩٦٥)یشەوە بڵاوکراوەکانی ئەم بوارە دایان لە کەمی.

هەروەها ئە. د. بوث (A. D. Booth) لە یەکێک لە دواهەمین بڵاوکراوەکانیدا بە ناونیشانی (ئامێری وەرگێڕان) بە زمانی ئینگلیزی نووسیبووی، (ئەمستردام، کۆمپانیای باکووری هۆڵەندا بۆ بڵاوکردنەوە، ١٩٦٧)، ئەم پەرتووکە ڕوونکردنەوەیەک و شیکردنەوەیەکی بۆ هەندێ کۆمەڵە توێژینەوەی ماوە: لەم بوارەدا نووسیویەتی و دەڵێت: ((هیوا و ئامانجەکانی وەرگێڕانی ڕاست و دروست، تەنها لە ڕووی تیۆرییەوە ناواقیعی نەبوو، بەڵکو لە ڕووی نرخی تێچووشەوە لەوپەڕی ناواقیعیدا بوو))(پەرتووکی ناوبراو لاپەڕە ١١١).

لە هەمان کاتدا ئەم نووسەرە بەرگری لە توێژینەوەی پرسی وەرگێڕان دەکرد، کە مرۆڤ ئامێری ژمێریاری تیادا بەکاردەهێنێت، بێگومان ئەمڕۆ (هەرچەندە ئەم مەسەلەیە زۆر ڕوون نییە لە مێشکی خەڵکیدا) گرفتەکانی وەرگێڕان بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەمیان ڕۆشنبیرییە و پەیوەندی بە گواستنەوەی چەند ڕاستەقینەیەکی نازمانەوانییەوە هەیە لە ڕۆشنبیرییەکەوە بۆ چوارچێوەیەکی ڕۆشنبیری دیکە)، دووەمیشیان هۆکارێکی زمانەوانی ڕووت و ڕەهایە (کە لە گواستنەوەی هەندێک شێوازی تایبەت پێکدێت، لە زمانێکی خاوەن برگەی جیاوازەوە بۆ زمانێکی دی).

ئینجا حاڵەتی وەرگێڕانی دەقە دێرینەکان تەنها بەشێکی جودایە لە گرفتە ڕۆشنبیرییەکە، لەم حاڵەتەدا خوێنەر لە کاتدا، واتە لە کاتدا گەشت دەکات نەک لە شوێن، ئینجا فیقهی زمان حاڵەتێکی تایبەتی زانستی ڕەچەڵەکناسی یان زانستی ڕەگەزناسی مرۆییە.

بۆ نموونـه لێرەدا لەمپـەرێکی ڕۆشنبیری هەیـە ئـەوەمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە، کـە زۆر سـەخت و دژوارە، هەنـدێک بابـەتی ڕەگـەزی لـە هۆزەکانی (میلانیزیا Mèlanèsie) وەربگێڕدرێت (ڕەگەزی ڕەش لـە گینیـای تـازە نیشـتەجێن) بـەبێ بـوونی دەزگایـەکی مـەزن بـۆ وەسـفکردنی ڕەگـەز، بـەبێ تێبینـی و تـوانجی ئـەوتۆ، کـە جیـاوازی هەڵوێسـت و ئاکارەکـان بـۆ ئێمـە ڕوون بکاتـەوە و بـە هەنـدیان وەربگرێـت، هـەروەها ڕەگەزناس(مالینۆڤسـکی Malinovski) ئـەم ڕاستییەی سەلماند، بە پێچەوانەشەوە تێبینی ئەوە دەکەین، کە لەگەڵ ئەم سەختییەدا وەرگێڕان بۆی هەیە وەک پرۆسەیەک ئەنجام بدرێت، ئـەوەش تێدەگـەین کـە دەتـوانین هەمیشـە لایـەنی کـەم دەسـت بـە وەرگێڕانی بەشێک لە دەقەکە بکەین، چونکە لە ڕاستیدا گشتبوونی ڕۆشـنبیری لـە ئـارادا هەیـە، کـە دەکـرێ هەسـتیان پـێ بکـەین و بیانگوازینـەوە. لێـرەدا چینـی بـایۆلۆجی گشـتییە، کـە لـە هـەموو کردەیـەکی ڕەگەزیانـەدا بەرجەسـتە دەبێـت، ئینجـا کاتێـک یـەکێک لـە میسرییە کۆنەکان پێش سێ هەزار ساڵ بە خۆشەویستەکەی دەڵێت ((دەخـوازم وات لێبکـەم تەماشـای جوانییەکـەم لـەناو جلکـە باریـک و پاکژەکەمدا بکەیت، ئەویش لە کاتێکدا تەڕ بێت، دەچمـە ناو ئاوەکـەوە و لەگەڵتدا بـە ماسـییەکی سـوور و جـوان دەردەچـم، کـە لـە نێـوان پەنجەکانمدایـە))، ئـەوا لـەم حاڵەتـەدا هـیچ پێویسـتیمان بـەوە نییـە زانایانی بابـەت و توێژینـەوەی میسـری کـۆن شـرۆڤەی ئـەم کۆنـەمان بدەنێ، بە هەمان شێوەش پێویستمان بـەوە نییـە (سـاد Sade) یان (فرۆیـد Freud) یـان (جـۆرج باتـای Georges Bataille) بانـگ

بکەین، بۆ ئەوەی ئەم مانایانەمان بۆ لێکبدەنەوە. بە دەرکەوتنی ئەم هەمەکییە سەرەکییانە لە هەموو دەقێکی پڕ بەها، دەبێتە ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕاستەقینەیەکی گرنگ، کە ئەمەیە: (ئەوانەی هۆمیرۆس Homère یان دانتی Dante یان لێرمۆنتۆڤ Lermontov یان ئیلوار (Eluard) یان لە دەقی وەرگێڕاوەکاندا خوێندۆتەوە، بەشێکی زۆری دەقە سەرەکییەکە تێگەیشتوون.

گرفتی زمانەوانی تەواو - وەک دەیبینن - دەکرێ بە سەرکەوتوویی بە حەوت ڕێگای جۆراوجۆر پراکتیزە بکرێت، لەبەر ئەوەی زمانەکان هەمەجۆرن - هەروەک جاکۆبسن (Jakobson) ئاماژەی پێدەکات، ئەویش بە پلەیەکی کەمتر و نزمتر، چونکە زمانەکە دەتوانێت گوزارشت بکات و هەموو زمانێکیش دەتوانێت بە ئاسانی لە هەموو شتێک گوزارشت بکات، بەڵام بە پلەیەکی کەمتر و نزمتر لە تواناکەی خۆی (دەتوانرێت پەرتووکێک وەربگێڕدرێت - لەگەڵ دیاریکردنی دیارییەکی زمانەوانی بۆ ئەم کارە - لە بواری سروشتی ناوەکی بۆ سەر زمانی (پۆل peul) یان بۆ زمانی (بابمبارا Bambare) هەردوو زمانەکەش لە کیشوەری ئەفەریقا بەکاردەهێنرێن.

گرفتی ڕاستەقینەش لە وەرگێڕانی ئەم پەیامە زۆر تایبەتانەدا بەرجەستە دەبێت، کە پەیامەکانی ئەدەب و شیعرن، دەکرێ پێکهاتە زمانەوانییەکان ورەبگێڕدرێن، بەڵام چۆن دەکرێ پێکهاتەکانی کێش و شێوازی شیعری وەربگێڕدرێن؟ لێرەدا زمانەوانی ئێستا دەتوانێت سەرەتای وەڵامدانەوەیەکی ئەرینی پێشکەش بکات، چونکە پێکهاتە و

بونیادنان هیچ سوودێکیان نییە، مەگەر بەپێی ئەو ئەرکە نەبێت، کە جێبەجێی دەکەن، واتە ئەگەر ئەرکەکەی گونجاو یان نەگونجاو بێت.

مەسەلەیەکی ئاساییە گرفتی وەرگێڕانی هەڵبەستێک لە وەرگێڕانی بونیاد و ڕواڵەتی ئەو هەڵبەستەدا بەرجەستە نابێت، چونکە ئەو مانایەی دەبێ وەربگێڕدرێت، ئەرکە شیعرییەکەی دەقەکەیە، بەو مانایەی دەبێ ئەو شوێنەوارانە وەربگێڕدرێت، کە دەقەکە دایدەمەزرێنێت، واتە شاعیریەتی دەقەکە دەبێ وەربگێڕدرێت نەک شێوەی دەقەکە وەربگێڕدرێت و وابەستەگییەکانی نێوان شێوە و ئەو کاریگەریەی بەجێی دەهێڵێت، دەبێ ڕوون بکرێتەوە، نەک مەسەلەی پاشخستن و پێشخستن یان (سەراونخوونکردن) یان هاوشێوەبوون (بەستنەوەی مانای سەرواکە لە دێرێکدا بە دێرەکەی دوای خۆی) و کارکردنە شیعرییەکان و سیستەمی دەریای ئەسکەندری(کە تیایدا هەر دێرێک لە (١٢) بڕگە پێکدێت، لەڕووی جوانناسییەوە مەرج نییە گونجاو یان نەگونجاو بێت).

بۆ وەرگێڕان ئەوەی مەسەلەکان زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەبات، شێوە پێوەرییەکانە وەک (دێرەکانی شیعرەکە حەوت بڕگەن، هەروەها هەڵبەست و پارچە شیعرییەکان لە چوار دێر پێکدێن و خاوەن کێش و سەروای بەیەکداچوون، و ئەو هەڵبەستانەی کۆتاییەکانیان لە شەش دێر پێکهاتوون...)، هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەیەکی ڕۆشنبیریان هەیە و بە بەشێک لە جوانی هەڵبەست دادەنرێت، بێگومان لە کاتی خوێندنەوەی جوانترین شیعرەکانی

(ڤالێری) چێژ لە (لافۆتین) و (ڕاسین)یش وەردەگرین، جاری واش هەیە چێژ لە (بۆدلێر) و (مالارمیە) وەردەگرین.

لەوانەیە نەکرێ ئەم مانا ڕۆشنبیرییە یەکانگیرانە وەربگێڕین، یان زۆرجاران هەر ناکرێ وەریان بگێڕین، هەموو ئەمانەش ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە وەرگێڕان پرۆسەیەکی پەنهانئامێز یان ڕەها نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی مرۆییە بە هەموو سنوورو کۆشش و سەرکەوتنەکان و بە هەموو مێژوویەکەیەوە (کە بە مێژووی فرەبوونی ئەگەر و تواناکانی وەرگێڕان هەژمار دەکریت).

بەم شێوەیە دەبینین وەرگێڕان سەر بۆ یاسای هەمەکی یان نەبوون دانەوێنێت، بەڵکو توێژینەوەیەکی بەردەوامە دەربارەی نزیکترین یەکسانی بەرانبەر پەیامی پەیوەندی، کە خوازیارین لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی بیگوازینەوە، لەم بارەیەشەوە وەرگێڕان بە یەکێک لە جوانترین سەرکەوتنەکان هەژمار دەکرێت، بۆ بەدەستهێنانی پەیوەندییەکی دژوار و سەخت لە نێوان مرۆڤەکاندا.

**بڕوانە: جورج مونان(٢٠٠٢)، علم اللغة و الترجمة، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ص ٦٧ ـ ٧٤.**

## زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی نێودەوڵەتی

لە کاتێکدا قسەکەرانی زمانی ئینگلیزی لە بەرزبوونەوەدان و ژمارەیان گەیشتۆتە نزیکەی دوو بلیۆن کەس (کریستال: ١٩٨٥)، کەچی قسەکەرانی ئەم زمانە بەو حیسابەی زمانی زگماکی خۆیان بێ، ناگاتە ڕێژەی پێنج یەکی ئەو ژمارەیەی سەرەوە. لە هەمان کاتیشدا گرنگی زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو کەسانەی زمانی زگماکی خۆیانە، چ لەلایەن بەکارهێنەرانی ئەم زمانەوە لە یەک ئاست و وەکیەک گرنگ و پێویستە، ئەویش بەبێ لێکدانەوە و ڕەچاوکردنی ڕەگەزی قسەکەر یان نووسەرەکە، کە پێویستیان بەو زمانە هەیە، ئینجا لەم بارەیەوە چەندەها ئەنجام ڕوون و ئاشکرابوون و دەرکەوتوون، هەندێک لەو ئەنجامانە بە پێویستی زانینی ڕاستەقینەکانی زمانی ئینگلیزییەوە پەیوەستن، کە بەگوێرەی خێرایی گۆڕانەکان خێران، جگە لەوەی هەندێکیان پەیوەندییان بە پێوانە تایبەتییەکانی زمانی ئینگلیزییەوە هەیە، هەروەها پەیوەندییان بە ئامانجە پەروەردەیی و پێوانەکانی هەڵسەنگاندنی سەرکەوتن لە بوارەکانی فێرکردن و فێرخوازیدا هەیە. هەندێک لەو ئەنجامانەش بە درککردنە قووڵەکانی کەسایەتییە جیاکەرەکانەوە پەیوەستن، جگە لە جیاوازییە سەرەکییەکانی ئەم دەرککردنە لەنێوان قسەکەرانی زگماک و قسەکەرانی دی زمانی ئینگلیزی، هەروەک لەو حاڵەتانەی بێژەری

بێئاگا یان نەزان و ناهەستیارە یان کاردانەوەی لووتبەرز بێ، یان کەسێکی سەرسەخت بێ بەرانبەر جۆرێتی زمانی ئینگلیزی، کە قسەکەرێکی فێربوو بەکاری دەهێنێت، ئەنجام حاڵەتێک بێباوەڕی ڕەگەزی دروست دەکات، جگە لەوەی هەندێ لە ئەنجامەکانی بڵاوبوونەوەی فراوانی زمانی ئینگلیزی بە پیشەسازی جیهانی تایبەت بە فێربوونی ئەم زمانە و فێرکردنییەوە پەیوەستن، کە لە بەرزترین لوتکەکانیدا ـ بە مانای حاڵەتی هەنووکەیی زانست ـ تواناکانی بەدەستهێنانییەتی لەڕێگای سیستەمی ڕێکوپێکی فێرکردن و فێرخوازییەوە.

## زمانی ئینگلیزی و زمانە ئینگلیزییە جیهانییەکانی ئەمڕۆ

ئەگەر لە ئاستێکی گشتییەوە دەستپێبکەین ، ئەوا مەسەلەیەکی باوە، کە گوزارشتی زمانی ئینگلیزی بەو حیسابە وەربگرین، گوزارشتێکە بۆ چەندەها شێوازی زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت، کە خودی ئەو شێوانە جیاوازی زۆر لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت، وەک زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی و زمانی ئینگلیزی بەریتانی، و زمانی ئینگلیزی هیندی و زمانی ئینگلیزی ڕۆژئاوای ئەفریقا و زمانی ئینگلیزی سەنگافورە و زمانی ئینگلیزی ئوسترالی... هتد.. (هـ . ل. منکن (H.I.Mencken) ساڵی ١٩١٩ پەرتووکێکی بە ناونیشانی (زمانی ئەمەریکی . The American Language) نووسی وەک هەوڵێک بۆ سڕینەوەی وشەی ئینگلیزی، ئەویش لە دووتوێی هەڵمەتە وتوێژئامێزەکەی دژ بەوەی بەملهوڕی و خۆبەزلزانینی بەریتانییەکان

سەبارەت بە زمان هەژمار دەکرا بەرپای کرد، لە هەمان کاتیشدا هەمان ئەو هەڵمەتە دژ بە فراوانخوازیی و بەها و دەستکەوت و دەزگا ئەمریکییەکان خستییەگەڕ. ئەمڕۆ ئاراستەی تایبەتی بە ئاماژەکردن بۆ شێوە و جۆرێتی قبوڵکردنی ئەو جیاوازییەی لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە، نەک هەر ئەمەش، بەڵکو بە هەمان شێوە بەکارهێنانی شێوازێکی کۆی تازە، کە بە (زمانە ئینگلیزییەکان) ناوزەد دەکرێت ، هەر قبوڵە هەروەک لە ناونیشانی (گۆڤاری زانستی نویێ)دا هاتووە (زمانە ئینگلیزییە جیهانییەکان World Englishes)، کە بەڕاشکاوی بۆ تۆمارکردن و لێکۆڵینەوە لەم دیاردانە دامەزرێنراوە. ئەم گۆڤارە دوو مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی گەورەی ئەم بوارە بۆ سەنتەری چاپ و بڵاوکردنەوەی (پێرگامۆن Pergamon) قۆڵیان لێهەڵماڵیوە و بەشداری لە دەرکردنیدا دەکەن، کە ناویان براگ ب. کاتشرۆ، لە زانکۆی ئیلیۆنی لە (ئربانا) و لاری ئا. سمیت لە ناوەندی ڕۆژهەڵاتیی ڕۆژئاوا لە هاوای.[1]

---

[1]- هەرچەندە گۆڤارێکی دی تازە ناوی (ئینگلیزی ئەمڕۆ English Today) بوو، گوزارشتی زمانە ئینگلیزییەکان لە ناونیشانیدا بەکارناهێنێت، بەڵام ئەم گۆڤارە شێوازی بەکارهێنانی ئەمڕۆی ئینگلیزی بە بنەمایەک بۆ بۆچوونەکانی خۆی دەزانێ، هەروەک گۆڤاری (ئابووری ـ ئابووریناس The Economist) یان (زانستی ئەمریکا Scientific American) کە بە شێوازێکی میللیانەیە بابەتی هاوشێوەی ئەم بابەتانەی لێرەدا پێشنیازکراوە دەخاتە ڕوو، ئەم گۆڤارە لەلایەن زانکۆی کامبریجەوە چاپ دەکرێت و (تۆم میک ئارسەر) کاری نووسینی بۆ ئەنجام دەدات.

ئەی سەبارەت بە ژمێریارییەکان چی لەئارادایە؟ ژمارەی ئەو کەسانەی بە زمانی ئینگلیزی زگماکی خۆیان قسە دەکەن (کە زمانی زگماک یان زمانی سەرەکیانە)، یان بە نزیکەی (٣٥٠) ملیۆن کەس دەخەملێنرێت، ئەم ژمارەیەش لەسەر بنەمای ژمێریارییە تایبەتەکانی دانیشتوان و پرۆسەکانی ژمێریاری قوتابخانەکانی وڵاتانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەنەدا، بەریتانیا، ئوسترالیا و نیوزیلەندە... هتد بەدەستهێنراوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی زیادبوونی کۆچبەران، کە زمانی ئینگلیزی زمانی زگماکیان نییە، سەرباری ڕێژەی قسەکەرانی زگماکی زمانی ئینگلیزی، کە وەک لۆبی لە وڵاتانی دیکەدا ژیان دەبەنە سەر، تا زمانێکی نزیک قسەکەرانی فێربووی ئەم زمانە بە نزیکەی (٧٠٠) ملیۆن و (٧٥٠) ملیۆن کەس دەخەملێنرا، ئەم ژمارەیەش لە زۆر فاکتەرەوە وەرگیراوە، وەک خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامانەی بە زمانی ئینگلیزی لەو وڵاتانەدا دەردەچن، کە ئەو زمانە تیایاندا زمانێکی بنەڕەتی گەورە پێکناهێنێت. کەچی ئێستا (دێڤید کریستال David Crystal) (١٩٨٥)، سەبارەت بەو کەسانەی بە بەکارهێنەری زمانی ئینگلیزی هەژمار دەکرێن، بانگەشەی بۆ بۆچوونێکی فراوانتر کردووە، بە شێوەیەک هەموو ئەو کەسانە بگرێتەوە، کە زمانەکە بەکاردەهێنن، ئینجا ئیتر زمانی زگماکیان بێت، یان فێری بووبێتن، خەمڵاندنەکانی کریستال لەنێوان بلیۆن(هەزارملیۆن) و دوو بلیۆنە، بەڵگەکانیشی تاڕادەیەک پەسەندن، کە دەڵێ: ژمارەی کردەیی وەردەگرم، کە خاڵی مامناوەند بێت، واتە بلیۆن و نیوێک کەس بەکارهێنەری زمانی ئینگلیزییە.

گرنگترین لایەنیش سەبارەت بەم ژمارە تایبەتانەی قسەکەرە زگماکەکان (بەکورتی قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی)[1] و قسەکەرە فێربووەکان (بەکورتی قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) ڕێژە مامناوەندەکەی نێوانیانە.

هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە دژیەکی بێ وێنەی لێدەکەوێتەوە و لە ڕووی دەروونیشەوە ئەنجامی قووڵی دەبێت، چونکە ژمارەکان گوزارشت لە خۆیان دەکەن و دەڵێن زمانی ئینگلیزی فراوانترین زمانە و ڕێژەیەکی زۆر خەڵک بەکاری دەهێنن، زیاتر لە هەموو زمانێکی دی لەسەر گۆی ئەم زەوییە، بەڵام قسەکەرە زگماکەکانی ئەم زمانە تەنها ڕێژەی چواریەک یان پێنج یەکی ئەم ژمارەیە پێکدەهێنن، سەرباری ئەمەش ڕێژە مەزنەکانی بەکارهێنەرانی ئینگلیزی تەنها لە ژمارەی ئەو بەکارهێنەرانەی ئەم زمانە بەرجەستە دەبێت، کە زمانی زگماکیان نییە، هەروەک لە باشووری ئاسیا و لە بەشی ئەفریقا و لەوپەڕی ڕۆژهەڵات و لە ئەوروپا. زمانی مرۆڤ توخمێکی سەرەکی ناسنامەی کەسایەتی و نەتەوەیی و ڕەچەڵەکە، لەبەر ئەوە هیچ ئاسان نییە تاکێکی (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) لەگەڵ جۆرەکانی دی سەر بە (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) ژیان بگوزەرێنێت، ئەویش لەبەر

---

[1]- کریستال بەم گوزارشە کورتکراوەیە ئاماژە بۆ بەکارهێنەرانی زمانی ئینگلیزی دەکات، کەچی من زاراوە باوەکە بەکاردەهێنم، کە قسەکەرانی زمانی ئینگلیزییە، وشەی قسەکەر لە ڕووی کردەییەوە زاراوەیەکی گشتییە، پەیوەندی بە قسەکردن و نووسینەوە هەیە، بەبێ هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەبێ.

ئەو هەستەی لای (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) سەبارەت بە زمانە تایبەتەکەی بۆی دروست دەبێت.

هەروەها بەشێکی دی گرنگ و تایبەت بە پرۆسە ژمێریارییەکان لەئارادا هەیە، کە ئەویش خێرایی لە ڕادەبەدەری زیادبوونی ژمارەی (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی)یەکانە، وەکو خەمڵاندنێکی سەرپێی نزیکەی یەک بلیۆن لە دووتوێی بلیۆن و نیوێک لە (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی)یەکان لە (٢٠) ساڵی پێشوودا فێری ئەو پرسە ئینگلیزییەی بەکاری دەهێنن ببوون، ئەم هاوکێشەیەی گۆڕانەکان چەندەها بەڵگە و ئاماژە لەمەڕ پیشەی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە زۆر وڵاتدا دەگرێتەخۆ، کە لەدوایدا دەچینە سەری و باسی لێوە دەکەین.

**بنەماکانی زمانی ئینگلیزی هاوچەرخ**

ئایا بۆچی زمانی ئینگلیزی ئەم پێگە گرنگەی لەنێو زمانەکانی جیهاندا هەیە؟ خۆ زمانی ئینگلیزی چەندە بە شان و باڵیدا هەڵدەین، زمانێکە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ زمانەکانی چینی و یۆنانی و ژاپۆنی و سانسکریتی، ئەوا زمانێکی تازەیە.[١] هیچ قەناعەتێکیش لەئارادا نییە سەبارەت بەوەی زمانی ئینگلیزی ئەو زمانە باوە بووبێ، کە لە گەشتەکانی دۆزینەوە و بازرگانی و لەو شاڵاوە

---

[١]ـ سانسکریتی زمانێکە نەماوە و لەناوچووە و لە گرووپی زمانە هیندییەکانی کۆمەڵەی زمانە هیندییە ئێرانییەکانی ناو زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانە، و هەر لەم زمانەوە سەرجەم زمانە هیندییەکان هاتوونەتە کایەوە.(وەرگێڕ)

سەربازیانەدا بەکاردەهێنرا، کە لە سەرەتای سەدەی شازدەوە دەستی پێکرد، ئینجا حاڵی زمانەکانی پورتوگاڵی و ئیسپانی و عەرەبی هەر بەم شێوازە بوو، هەرچەندە خۆ ئەم زمانانە ڕێژەی زۆری (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی)یان تیادا نییە، بەڵام لەوە دەچێ لەمبارەیەوە سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی شانسێکی باش و خۆشبەختیەک لەئارادا هەبووبێ: دۆزینەوەکانی کابتن (کوک)[1] (Captain Cooks) و کاپتن ڤانکۆڤەر[2] (Captain Vancouver)، و دامەزراندنی نیشتەجێی کۆلۆنیالی، کە لە ئەمەریکای باکوور و لە ئوستralیای بۆ سزادان تەرخانکرابوو، و داگیرکردنی هیندستان بۆ بەدەستهێنانی قازانج، هەروەها ئەو سێگۆشە بەدناوەی، کە بە گۆڕینەوەی کۆیلە هەڵدەستا بەرانبەر (مولاس)[3] و بەرانبەر کاڵا دروستکراوەکانی نێوان بەریتانیا و ئەفریقای ناوەند و کاریبی، هەروەها قۆناغە بەراییەکانی شۆڕشی پیشەسازی. هەموو ئەمانە لەوکاتەوە ڕووداوانێک بوون، کە قسەکەران و بەکارهێنەرانی زمانی ئینگلیزی ڕۆڵی کاریگەر و سەرەکیان تیادا بینیبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرا بڕوانینە پێشڤەچوونی زمانی ئینگلیزی، بەو حیسابەی

---

[1]ـ جیمس کوک(١٧٢٨ ـ ١٧٧٩) دەریاوان و گەریدەیەکی بەریتانییە گەشت و دۆزینەوەی زۆر گرنگی لە ئوستralیا و نیوزیلەندە ئەنجامداوە.(وەرگێڕ)

[2]ـ جۆرج فانکۆفەر(١٧٥٨ ـ ١٧٩٨) دەریاوانێکی بەریتانییە.(وەرگێڕ)

[3]ــ مولاس یان دۆشاوی شەکر: مادەیەکی سرێشییە لە کاتی شەکر دروستکردندا لە شەکرە خامەکە جودا دەکرێتەوە.

له ســـــاڵی (١٦٠٠)ەوە بە قۆناغێـــک تێپەڕیـــوە، کە ئەنجـــام ئەم بارودۆخەی هەنووکە لێکەوتووەتەوە.

له سەرەتادا هەموو شتەکان لە چوارچێوەیەکی تەسکەوە دەستیان پێکرد، چونکە زمانی ئینگلیزی نزیکی شێوەکەی ئێستای لە ساڵی (١٣٥٠)ەوە سـەری هەڵـداوە، لەکاتێکـدا زمـانی ئینگلیـزی تـوانی بـاز بەسـەر کاریگەرییەکـانی سـێ سـەد سـاڵەی داگیرکردنـی فەرەنسـی نۆرماندی بهاوێژێ، ئەویش لەسەر بنەمای شێوەزارە جەرمەنییەکان، و هەنـدێ خسـتنە سـەری زمـانی نەرویجـی تـایبەت بە جەنگـاوەرە ئەسـکەندەنافییەکان. تـا سـاڵی (١٥٠٠) و بە درێژایـی (١٥٠) سـاڵ زمـانی ئینگلیـزی تەنهـا لە ئینگلـتەرا قسـەی پێـدەکرا، کە ژمـارەی هاوڵاتیانی دەگەیشتە حەوت ملیۆن کەس، و لەوانەشە هەموویان بەو ئینگلیزییە قسەیان نەکردبێ، بەڵام پاشـان لەنێوان ساڵانی (١٦٠٠) و (١٧٥٠) تۆوەکـانی بڵاوبـوونەوەی زمـانی ئینگلیـزی لەسـەر ئاسـتی جیهـان ڕسـکان، کە ئەمـڕۆ ئاکـامە فراوانەکـانی دەبینـین، کاتێـک گەریـدەکان و گەشـتیارانی و بازرگانـان و چەتەکـانی دەریـا و ئیسـتعمارەکان و هینـدییەکان و کـارگێڕانی بەریتـانی دەرپەڕیـن، بـۆ ئەوەی کۆمەڵگـەی کۆلۆنیـالی لە سـەرووی دەریـادا دابمەزرێـنن، زۆریـش پێویسـتە درک بەوە بکەیـن پـێش سـاڵی (١٧٥٠) ئەو ئیستعمارکراوانە و نیشینگەکان بەگشتی لە ژووری دەریادا دەژیان و بە زمانی ئینگلیزی بەریتانی قسەیان دەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا دوای ساڵی (١٧٥٠) و تا نزیکەی ساڵی (١٩٠٠) سێ گۆڕانی مەزن ڕوویاندا: یەکەمیان نیشینگەکانی (قسـەکەرانی زگمـاکی

ئینگلیـــزی) ئینگلیـــزی له ناوچەکـــانی ژووررووی دەریاکـــانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیانکرد و بوونه دەوڵەتی خاوەن حکومەت، هەرچەنـدە ئەو دەوڵەتـانە خـاوەن حکـومەتی نیشـتەجێ بـوون، و هەستی جیابوونەوەشیان هەمیشـه لەکاکڵەدابووە، و بەخێرایش بۆ چەشەی زمانی ئینگلیزی کەمەندکێش بوون، دووەمیشیان: ئەو پێگە ئیسـتعمارکراوانەی بەریتانیـا له هەوڵـی ئەوەدا بـوون جیـابنەوە و سـەربەخۆ بـن، له سـەرەتاوە ویـلایەته یەکگرتووەکـان، پاشـان ئوسـتراليا له هـەوڵی جیـابوونەوەدا بـوون، پاشـان ئەم سـەربەخۆییه بووە هۆکاری دروستبوونی جیابوونەوەی زمانیش، بۆ نموونـه (نـوح وبستەر)[1] (Noah Webster) ئەمریکییەکانی زۆر هاندەدا، کە ئەم زمانی ئینگلیزییە تایبەت به خۆیانه، ڕەنگدانەوەی ژیانی تازەیە، که ویـلایەته یەکگرتووەکـانی ئەمەریکـا له وڵاتـانی دی جیادەکـاتەوە. سـێیەمیش: گۆڕانەکـانی دیـش لەو کـاتەدا بەرجەسـته بـوو، که سیسـتەمی موڵکـداری سـەری هەڵـدا و گەشـەی سـەند، خەڵکـانێکی زۆری فێربـووانی زمـانی ئینگلیـزی ناچـاربوون زمـانەکه بەکـاربهێنن، تـاکو لەگەڵ ژیـانی تـازەدا ئـاوێته بـبن و بگـونجێن و پـله و پـایەی فەرمانبەری لەلای چینی دەسەڵاتداری ئەوکاتە بەدەست بێنن. ئینجا ئەو فێربـووانەی (قسـەکەرانی نازگمـاکی ئینگلیـزی) دەکـرانه دوو بەشـەوە: دانیشـتوانی ڕەسـەنی شـوێنەکان (بـۆ نمـوونه هنـدۆس و موسـڵمانەکان لــه هیندسـتان نیشـتەجێ بـوون، لــه ویلایەتــه

---

[1]- نوح وبستەر(١٧٥٨ ـ ١٨٤٣) زمانەوانێکی ئەمەریکییه و به پێشەنگ و داهێنەر له بواری دانانی فەرهەنگ دادەنرێت.(وەرگێڕ)

یـــەکگرتووەکانی ئەمەریکـــا ئەوانەی بە ڕەچەڵەک ئەوروپـــین وەک هۆڵەنـدییەکان و ئیســـپانییەکان و فەڕەنســـییەکان، و ئەو کـۆیلانەی ئازادی خۆیان بەدەست هێنابوو) و کۆچبەران، پاشان ئیتر فێربوونی زمـانی ئینگلیـزی بـووە چـالاکییەکی سـەرەکی، هەرچەنـدە لەڕێگـای فێربوونەوە بۆ زۆرکەس دەستەبەر نەببوو.

دوای سـاڵی (١٩٠٠) تـا نـزیکەی سـاڵی (١٩٥٠) هەنگاوی چـوارەمی بەجیهانیبوونی زمانی ئینگلیزی بە چەند قەڵبەزەیەکی فـراوان دەسـتی پێکـــرد، ئینجــا کاتێــک لە شــوێنە ئیســـتعمارکراوەکان دەســـتکرا بە بونیادنانی قوتابخـانە و پێشکەشکردنی زمـانی ئینگلیـزی بـۆ تـوێژێکی بچووکی دانیشتوانە ڕەسەنەکان، کە لە پەرەسـەندنداببوون، لە هەمـان کاتیشـــدا لە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکـا و کەنەدا و ئوســـترالیا دەست بە ئەنجامدانی توێژینەوە لە زمـانی ئینگلیـزی بـۆ کۆچبەرەکـان کرا.

**زمانی ئینگلیزی لەجیهانی هاوچەرخدا: بەکارهێنان و ئەرکی نوێ**

تازەترین قۆنـاغ ئەو قۆنـاغەیە تـاکو ئەمڕۆ لە بەردەوامیدایە، کە لە سـاڵی (١٩٤٥)ەوە دەسـتی پێکـردووە و دوو لایەنـی جیـاواز دەگـرێتە خـۆ، یەکەمیـان: هەمـوو نیشـینگە ئیسـتعمارییەکانی دیـکەی بەریتـانی بـوونە وڵاتـی سـەربەخۆ، بـۆیە بەخێرایـی ڕۆڵـی زمـانی ئینگلیـزی و ئەرکەکانی لە ئامرازێکی کۆنترۆڵکردن و سـەرکوتکارەوە بۆ ئامـانجی دیکە گۆڕدرا، و ئینگلیزی بووە پەنجەرەیەکی واڵا بە ڕووی زانست و تەکنۆلۆجیـای تـازەدا، بە هەمـان شـێوەش بـووە ئەو زمـانەی تـاکە

زمانێکە لەلایەن هەموو توێژەکانی دانیشتوانەوە قابیلی ڕەتکردنەوە نییە، ئینجا ئەم ماوەیە لەو ڕووەوە جیاوازبوو، کە ئەو وڵاتانەی سەر بە بەریتانیا لەپێشدا لەژێر کۆنترۆڵی وڵاتانێکی وەک فەرەنسا و هۆڵەندا بوون، هەروەها ئەو زەویانەی سەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوون، وەک فلیپین و پۆرتۆ ریکۆ و ساموا-هەموو ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی تەمەن گەورە، بەتایبەتی منداڵانی تەمەن قوتابخانە یان بەرەو فێربوونی زمانی ئینگلیزی کەمەندکێش بوون.

هەرچی بەشی دووەمی ئەم قۆناغەی پێشڤەچوونی زمانی ئینگلیزییە، ئەوا پەیوەندی بە دەرکەوتنی ژمارەیەک چالاکی و بزاوتەوە هەیە، بابەتی گشتیش لە هەندێ حاڵەتدا نەبێ، هەر هەموو لە سەرتاپای جیهاندا بە زمانی ئینگلیزی ئەنجام دەدران و بەڕێوە دەچوون، ئینجا لە دێرینترین نموونەی ئەم مەسەلەیە ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی تایبەتە بە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە بواری چاودێری ئاسمانی، و نموونەیەکی تریش بە دامەزراندنی (UN) دەستی پێکرد، کە لە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لەو دەزگا هەمەجۆرانەی کۆمەکی نێودەوڵەتی و بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی پێشکەش دەکرد، بەرجەستە دەبوو، ئینجا کاتێک شۆڕشی گەیاندن سەری هەڵدا، زمانی ئینگلیزی بووە زمانێکی سەردەم و لە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن و ڕادیۆ و (t.v) و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە جیهانییەکان بەکارهێنران، جگە لە پشتبەستنی پیشەی مۆسیقای (بۆب) بە زمانی ئینگلیزی، بە هەمان شێوەش سەبارەت بە

زانستەکانی (ئاسمان) و تەکنەلۆژیای ئامێرەکانی ژمێریاری[1]، دەبێ ئەوەش بزانرێت گرنگی ئەمجۆرەی پێشڤەچوونی ئینگلیزی هەر بۆ قبولکردنی خەلکی و شێوازەکانی پێویستییان ناگەڕێتەوە. بەلکو بەشێوەیەکی کتوپڕ و یەکسەر ئەم زمانە بووە زمانێکی ئەوتۆ، کە پەیوەندی نەما بە ڕەگەزی خەلک و ڕووداوە مێژووییەکانی لەمەڕ بلاوبوونەوەی نیشینگە ئیستعمارییەکانی قسەیان بەم زمانە دەکرد، بۆ نموونە فڕۆکەوانێکی (پیرۆ)، کە ولاتێکە لەژێر چنگی بەریتانیا یان ئەمەریکادا نەبوو، لە کارەکەیدا زۆر پێویستی بەم زمانە دەبوو، و پزیشکێکی هۆلەندی دوو سال لەگەل ڕێکخراوێکی تەندروستی جیهانی لە ولاتە گەرمەسێرەکاندا (ئیستوائییە) کار دەکات، دیسانەوە پێویستی بە زمانی ئینگلیزی هەیە، لە یەکێتی سۆڤیەتدا تیپەکانی مۆسیقای (بۆب)،[2] کە جۆرە ئارەزوویەک لای مرۆڤ دروست

---

[1]- بەهەرحال چەندەها زمانی دی هەن، کە لەم بوارانەی زانست و زانین و.. هتد بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە مۆسیقای (بۆب) لە ناوچە گوندنشینەکانی هەرێمی (کویبک) بە فەرەنسی هەیە، هەروەها لە هەندێ ناوچەی دەشتایی کویبک بۆ چاودێریکردنی ئاسمانی بە زمانی فەرەنسی ئەنجام دەدرێت، زمانی فەرەنسی زمانێکی ڕەسمییە لە ئەنجومەنی ئەورووپا و لە بازاڕی ئەورووپی (بازاڕی هاوبەش)، بە هەمان شێوەش بوارەکانی بەکارهێنانی لە زمانەکانی ئیسپانی و ئەلمانی و ڕووسی زۆر فراوانترن، لەگەل ئەوەشدا بارودۆخی زمانی ئینگلیزی لە ڕووی کردەییەوە زۆر جیاکارە، ئینجا بە مانایەک دەتوانین بلێین ئەم زمانە زمانێکی بالادەستە.

٢ - ئەم وتارە بە زمانی ئینگلیزی پێش دابەشبوونی یەکێتی سۆڤیەت نووسراوە.(وەرگێڕ)

دەکەن، بە زمانی ئینگلیزی دەچڕدرێت، بە هەمان شێوەش لە هۆنگ کۆنگ یان ئەڵمانیا یان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر زمانی ئینگلیزی باڵادەست و سەروەرە.

ئینجا گرنگی بینینی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی لە ڕووی مێژووییەوە لەو قۆناغە پێکدێت، کە باسمانکرد و هێڵە گشتییەکانمان خستەڕوو، بۆ دوو مەسەلە دەگەڕێتەوە: مەسەلەیەکیان دەستنیشانکردنی شوێنی کۆبوونەوە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی ئینگلیزییە لە (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) و (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی)، کە ڕووناکی دەخاتە سەر هۆکارەکانی بوونیان، ئەمە جگە لەوەی بەکارهێنانەکانی زمانی ئینگلیزی لەگەڵ بونیادی ڕەچەڵەکی زمانەکە ئاوێتەیە و جیا دەکاتەوە، چونکە چەندەها دەوڵەت و کۆمەڵگە هەن، کە سەرتاپا زمانی ئینگلیزی ڕۆڵێکی چەسپاو و دامەزراویان تیادا دەبینێ ، هەرچەندە زمانێکی بێگانەشە، کە لەپێشڤەچوونە جیاوازەکە و ئاخاوتنی بەکارهێنانی نارەچەڵەکی گۆشەگیری دەکات، لەم حاڵەتەدا ڕەگەزی تاک و مێژووی زمانەوانی ئەو وڵاتەی سەر بەوە بابەتێکی ئەوتۆ و گرنگ نابێ لە لای ، چونکە لێرەدا گرنگیدانەکە تەنها لە ڕووی پێویستی بەکارهێنانی زمانەکەوەیە، چ وەک ئەرکێک و چ وەک حەزێک.

لێرەدا پێویستیمان بە تۆمارکردنی تێبینیەکی دی هەیە سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی، پێش ئەوەی ڕاستەقینە تایبەتەکانی زمانی ئینگلیزی جیهانی بەجێ بهێڵین، ئەویش ئەوەیە بەرەنگاربوونەوەی ڕووداوە مێژووییەکان، تارادەیەکی زۆر ئەو شوێنانەی

دەستنیشانکردووە، کە زمانی ئینگلیزی تیادا بەکاردەهێنرێت، بە لایەنی کەم لەو مەخسەدانەی خاوەن ڕواڵەتێکی ڕەچەڵەکین، بەڵام لێرەدا خەسڵەتێکی زمانی هەیە، کە پرۆسەکەی ساناتر کردووە، و بەشداریشی لە زیادکردنی پایەی بەکارهێنانەکانی پەیوەست بە لایەنە غەیرە ڕەچەڵەکییەکانەوە کردووە. یەکێک لە ئادگارەکانی زمانی ئینگلیزی ئەوەیە، زمانێکە توانای خواستن و بەخشینی مۆرکی تایبەتی خۆی بەسەر ئەو شتە خوازراوانە هەیە، هەر لە سەرەتاشەوە زمانی ئینگلیزی سروشتی وەرگرتنی هزر و چەمک و گوزارشی لە کۆمەڵگەکانی ترەوە هەبووە، و توانای ئەوەشی هەبووە ئەو چەمک و هزرانە بکاتە بەشێک لە خودی زمانی ئینگلیزی، ئەم ئاسانکارییەی خواستنیش لەم زمانەدا هەیە لەگەڵ حەز و ئارەزووی فێربوونی ئەم زمانە لەلایەن (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) و (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی)ەکانەوە هەماهەنگ بوو، لێرەشدا (٥٦) لاپەڕەی ڕێزمانی تایبەت بە دروستکردنی وشەی زمانی ئینگلیزی لەو پەرتووکەدا هەیە، کە (کویرک) (Quirk) لەگەڵ چەند توێژەرێکی دیکەدا دایاننـاوە کە نـاوی (ڕێزمانی ئینگلیزی هاوچەرخە) (Grammar of Contemporary English)، ئەم هەماهەنگبوونەش بووە هۆی ئەوەی هەوادارانی ئینگلیزی بتوانن وشەی تازە بۆ ئەم زمانە بخوازن و دابتاشن. جگە لەوەی جیاوازییەکی تێبینیکراو لەگەڵ بۆچوونی ڕەسمی بۆ زمانی فەرەنسی هەیە، کە لەوەدا کورت دەکرێتەوە، کە بێگەردی زمان لەژێر چەتری سیاسەتی دەروازە والادا سەبارەت بە خواستنی زمانەوانی ، لێڵ و

لەکەدار دەبێت، ئینجا ئەو مەسەلانەی جێی گرنگیپێدانن ئەوەیە ئەم هەڵوێستە جیایانە لەم پەنجا ساڵەی پێشوو بەشداریان لە جیاکردنەوەی مێژووی زمانی ئینگلیزی لە زمانی فەرەنسی لەم ڕووەوە کردووە.

خۆ ئەگەر وەسفی بارستایی زمانی ئینگلیزی و بڵاوبوونەوەی جوگرافی بکەین و تێبینی ئەو جیاوازیانە بکەین، کە لەنێوان بەکارهێنانی ڕەگەزی زمانەکە و بەکارهێنانەکانی دی، کە مۆرکی ڕەگەزییان پێوە نییە، لە حاڵەتی بەکارهێنانە ڕەگەزییەکانی ئینگلیزی و جیاوازیمان لەنێوان (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) و (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی)دا کردووە، چونکە ئەمە وێنەکە ڕوون دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پۆلینکردنە هەموو لایەنەکانی جیاوازییە هەنووکەییەکانی ئەم زمانە ناگرێتەخۆ، بۆیە پێویستە دان بەوەدا بنێین، کە بوونیان لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستیمان بە زانینی ئەم شتانەی خوارەوە هەیە:

(أ) بە هەردوو لقە سەرەکییەکەی زمانی ئینگلیزی پێویستیمان بە زمانی ئینگلیزی بەریتانی ( ئینگلیزی بەریتانی) و زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی ( ئینگلیزی ئەمریکی) هەیە.

(ب) بە سروشتی شێوە ناوخۆییەکانی زمانی ئینگلیزی.

(ج) بە هەردوو چەمکی زمانی ئینگلیزی بەو حیسابەی زمانێکی بیانییە (زمانی بیانی)، هەروەها پێویستە شارەزای زمانی ئینگلیزی بین، بەو حیسابەی زمانێکی دووەمە (زمانی دووەم).

## ئینگلیزی بەریتانی و ئینگلیزی ئەمریکی دوو لقی سەرەکی ئەم خانەوادەیەن

ئەوەمـان لا ڕوون دەبێـتەوە، کە زمـانی ئینگلیـزی تـا سـەرەتاکانی سـەدەی (١٨) زمانێـک بـوو، تەنهـا قسـەکەرانی ڕەسـەنی نەتەوەی ئینگلیـزی قسـەیان پێـدەکرد، و تەنهـا زمـانە بەکـارهێنراوەکە لە ئینگلتەرا، پاشـان بۆ هەمـوو بەریتانیا ئەو شێوازە بەکارهێنرا. بەڵام لەگەڵ سـەرهەڵدانی جەنگـی سـەربەخۆیی ئەمریکـی، شـێوازێک لە شێوازەکانی ئینگلیزی لە ئەمەریکا بڵاوبووەوە، لەکاتێکدا شـانازییان بە هەمـوو شـتێکی ئەمەریکیەوە دەکـرد نەک بە مـۆرکە بەریتـانیەکە. لێـرەوە ئیتـر پرۆسـەی زایینـی جۆرەکـانی زمـانی ئینگلیـزی دەسـتی پێکرد، بەڵام جیاکردنەوەی ئینگلیزی بەریتـانی و ئینگلیـزی ئەمەریکی گرنگییەکی تایبەتی هەیە، ئەویش لەبەر ئەوەی هەر جۆرێکی زمـانی ئینگلیـزی پەیوەنـدی بە یەکێـک لەم دوو لـقەوە هەیە، (ئینگلیـزی بەریتانی) یان ( ئینگلیزی ئەمریکی)، زیاتر لەوەی پەیوەندی بە لقێکی تـرەوە هەبـێ، ئەمەش لە ڕووی کـردەییەوە مانـای ئەوەیە زمـانی ئینگلیزی لە کەندا و بۆرتـۆ ڕیکۆ و فلیپین و سـاموای ئەمەریکی بە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا پەیوەنـدییان بە ئینگلیـزی ئەمەریکییەوە هەیە، بەڵام سەرجەم جۆرەکانی دی ئینگلیزی تایبەت بە (قسەکەرانی زگمـاکی ئینگلیـزی) و (قسـەکەرانی نازگمـاکی ئینگلیـزی) ئەوا بە شێوەیەکی درک پێنەکراو بە مانا زمانەوانییە داتاشراوەکەیپەیوەستە بە زمانی ئینگلیزی بەریتانییەوە.[١]

---

[١]- ئەمەش بەڵـگەیە لەسـەر ئەوەی زۆرجـار دانیشـتوانی (هـاوای) وا گومـان دەبەن، کە گەشتیارە بەریتانییەکانی هاوای ئوسـترالین و بەریتـانی نین، چونکە

لە ڕووی زمـــانەوانییەوە زمـــانی ئینگلیـــزی بەریتـــانی و ئینگلیـــزی ئەمریکـی هەردووکیـان وێکچوونیـان لە جیاوازییەکانیـان زیـاترە، لە کاتێکـدا هەریەکە لە (ئینگلیـــزی بەریتـــانی) (ئینگلیـــزی ئەمریکـــی) ژمـارەیەک لە جۆراوجـۆری شـێوەزارە ناوخۆییەکانیـان لە دووتوێـدا بەدی دەکرێت، بەکارهێنـانی ئەو فێرخـوازانەی زمـانی ئینگلیـزی فێـر دەبـن، بەو ڕادەیە لە یەکەوە نـزیکە، کە بتـوانن لەیەکـدی بـگەن، لە ئاستی ڕێزمانیشدا چەند جیاوازییەکی گرنگ و کەم تێبینی دەکرێت، هەرچەندە هەندێک جیاوازی بچووک لەئارادا هەیە، وەک:

in hospital . (ئینگلیزی بەریتانی)
in the hospital . (ئینگلیزی ئەمریکی)
The book will be published on Friday . (ئینگلیزی بەریتانی)
The book will be published Friday . (ئینگلیزی ئەمریکی)
I already had my breakfast . (ئینگلیزی بەریتانی)
I've already had my breakfast . (ئینگلیزی ئەمریکی)
Do you have your passport with you? (ئینگلیزی بەریتانی)
Yes I do.

---

بەو شـــێوەیە زمانەکەیـــان دەناســـنەوە، کە زمـــانێکی غەیـــری زمـــانی ئەمریکییەکانە(پاشـــان قەت گومانیـــان نـــاچێتە ســـەر ئەوەی ئەو گەشـــتیارانە کەنەدی بن، هەرچەنـدە هەنـدێک لە کەنەدییەکـان لە چەنـد لایەنێکی دیکەوە لە بەریتانی دەچن)، چونکە گەشتیارانی ئوسترالیا و نیوزیلەندە ئەو بەریتانیانەن، کە زۆرجـار دانیشـتوانی هـاوای چاویـان پێیـان دەکەوێـت، لەبەر ئەوە ئەو هاواییـانە زۆرجـار قسـەیان ئاراسـتە دەکەن پێیـان دەڵـێن:(بێگومـان تـۆ ئوسترالیت).

Have you got your passport with you? ( ئینگلیزی ئەمریکی)
Yes. I have.

بەم شێوەیە لەسەر ئاستی وشەکان ژمارەیەکی زۆر جیاوازی چاوەڕوانکراو بەدیدەکرێت، ئەمەش ڕاستە، لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە قسەکەرە ڕەسەنەکانی (ئینگلیزی بەریتانی) و (ئینگلیزی ئەمریکی)، زۆر بەدەگمەن جیاوازییەکانی وشەکان لەمپەر بخاتە بەر ڕەوتی ماناکان، ئەم شتەش ئەگەر ڕووبدات، ئەوا مەسەلەیەکی سەرپێییە.

لەسەر ئاستی درکاندنیش، سیستەمە تایبەتەکانی (بزوێنەکان) و (نەبزوێنەکان) و هێز و ڕیتم وێکچووە، بەڵام ڕەنگاڵەیی تایبەت بە دەنگەکان جیاوازییان هەیە و هەریەکە ژمارەیەکیش لە ئادگارە جیاوازەکانیان هەیە.

بەم شێوەیە درکاندنی ئینگلیزی ئەمەریکی دەربڕینی دەنگی (r) لە وشەکانی وەک: park,peer,bird ... هتد جیاوازییان هەیە، کەچی لە زۆر لە شێوەزارەکانی (ئینگلیزی بەریتانی) شوێنەوارێکی دەنگی (r) بەدی ناکرێت، هەرچی دەنگەکانی (t)، کە دەکەونە نێوان دوو دەنگی بزوێنەوە لە ( ئینگلیزی ئەمریکی)دا زۆر بەکەمی دەچرپێندرێ، بەشێوەیەک (سەبارەت بە قسەکەرێکی (ئینگلیزی بەریتانی) وشەکانی (ئینگلیزی ئەمریکی) (waiting,matter, writer) درکاندنیان لەگەڵ (madder, wading, rider) یەکدەگرنەوە. هەرچی هێزی وشەی دوو بڕگەییە جیان، بۆ نموونە لە (ئینگلیزی

ئەمریکی)[1] cal gazette و (ئینگلیزی بەریتانی) cigarette و لە (ئینگلیــزی ئەمریکــی)[2] Address و (ئینگلیــزی بەریتــانی) address ، هەروەک تەرزەکانی ئاوازدار بەوەوە جیاوازە، کە خاڵی جیاوازی وردی زۆر گرتۆتەخۆ.

لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە، (ئینگلیزی بەریتانی) و (ئینگلیزی ئەمریکی) زۆر وێکچـوو یـان زۆر جیـاواز دەبـن، ئـەویش بەپێـی ئـارەزووی کەسێک لە جەختکردنەوە لەسەر لایەنەکانی جیاوازی و وێکچوویی، نەک تەنها سەبارەت بە ئادگارە زمانەوانییەکان، بەڵکو سـەبارەت بە شێوازی گشتگیری ژیانیش، کە هەر یەکەیان نوێنەرایەتی دەکەن یان بەشێکی لێ پێکدەهێنن.

**شێوە ناوخۆییەکانی زمانی ئینگلیزی**

لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەمـان بۆ زۆر لە شـێوازەکانی زمـانی ئینگلیـزی کـرد، ئینگلیـزی هینـدی و ئینگلیـزی ئوسـترالی و ئینگلیـزی ڕۆژئـــاوای ئەفریقـــا، ئێســـتاش دەتـــوانین ببینـــین لە هەر شـــوێنێدا کۆمەڵگەیەک پەیدابووبێت، کە زمـانی ئینگلیـزی بەکاربهێنێت، ئەوا بە شـێوازێکی گەورە و سـەربەخۆ هەل و مەرجەکـانی کۆمەڵگـەی تیـادا

[1]- نووسـینی وشـە بەم شـێوەیە، مانـای ئەوەیە هێـز دەکەوێـتە سـەر بـڕگەی یەکەم، ئەویـش لە حـاڵەتی (ئینگلیـزی ئەمریکـی)دا، و دەکەوێـتە سـەر بـڕگەی دووەم لە حاڵەتی (ئینگلیزی بەریتانی)دا.(وەرگێڕ)

[2]- مەبەستمان لە ئاوازکردن intonation بەکارهێنانی ئاوازە گونجاوەکانە، یان بەکارهێنـانی جیـاوازییەکی گونجـاوە، بەشـێوەیەک بتـوانین بـۆ نمـوونە ڕسـتەی ڕاگەیاندن و پرسیار لەیەکدی جودا بکەینەوە.(وەرگێڕ)

بێتەجــێ، لەوانەیە لەو کۆمەڵگــەیەدا شــێوازێکی زمــانی ئینگلیــزی (شــێوەی نــاوخۆیی زمــان) ســەرهەڵبدات، کە لەڕێگــای ئــاویتەی جیاوازی و ئادگارە ڕێزمانی و درکاوی و دەربڕین و شێوازییەوە دەزانرێ و دەستنیشان دەکرێ.

هەروەها بوونی ناونیشانێکی وەک زمانی ئینگلیزی سەنگافوریی یان ئینگلیزی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقی... هتد، بەڵگەیەکە لەسەر بوونی شێوەیەکی ناوخۆیی زمانی ئینگلیزی، کە لەو کۆمەڵگایەدا ئینگلیزی بەریتانی بەکاردەهێنرێت.

بەم شــێوەیە (شــێوەی نــاوخۆیی زمــان) زاراوەیەکمــان بــۆ دەرەخسێنێت، کە لەم ڕۆژگارەدا ئاماژە بۆ بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیــزی دەکــات، جۆرەکــانی (شــێوەی نــاوخۆیی زمــان)یش بەشێوەیەکی گەورە و بە چەند ڕێچکەیەک، کە هەندێکیان ئاڵۆز و خاوەن لق و پۆپی زۆرن، وەک (ئینگلیزی هیندی)، کە ناولێنانێکی باوی بێ جیاوازییە، کە بەسەر ژمارەیەکی زۆری لقەکانی (شێوەی نــاوخۆیی زمــان)ی تــایبەت بە زمــانی ئینگلیــزی هیندیــدا بــڕاوە، کۆمەڵگەی هیندستانی بە زمانی ئینگلیزی قسە ناکەن، بەڵام مەودا کۆمەڵایەتی و جوگرافی فراوانی ئەم وڵاتە زەمانەتی ئەوە دەبەخشێ، کە (شێوەی ناوخۆیی زمان) یەکێک لە شێوە بەکارهێنراوەکانی ئەم زمانە لەنێوان بەرپرسانی هێڵە ئاسنینەکانی (مایسۆر ـ Mysore) و شێوەیەکی دیکەی نێوان فێرکارانی زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکانی ناوەنــدیی لە (بۆمبــای) و شــێوەیەکی جیــاش لەنێــوان فەرمــانبەرە مەدەنییەکــانی (دەلهــی) بەکاربهێنرێــت، ئیتــر بەم شــێوەیە هەرچــی

ئینگلیــزییەکەی فلیپینیشــە گوزارشــت لە چڕییەکــی زۆری جــۆرە ناوخۆییەکـان دەکـات. ئینگلیـزییەکەی سـیرالیۆنیش جیـاوازی جـۆری کەمتر گرتۆتەخۆ، بەڵام مێژووی جیاوازی ئەم وڵاتە (سـیرالیۆن) بەو حیســابەی کۆمەڵگــەیەکە لە ڕەچەڵەکەوە وەک نیشــتمانێکی کــۆیلە ئازادکراوەکانی ئەمریکا و کاریبی لە ئەفریقا دروست بوو، هەروەها بـوونی زمـانی (کیـرۆ kiro)، کە زمـانێکی تـێکەڵە[1] و تـا ڕێـژەیەکیش ئینگلیـزییە، کە تەنهـا لە (فریتـاون) بەکاردەهێنرێـت، مانـای ئەوەیە کاتێـک زمـانی ئینگلیـزی هینـدی و ئینگلیـزی (سـیرالیۆن) لە شـێوە ناوخۆییەکـانی زمـانی هەژمـار دەکرێت، ئەوا پێکهاتـەی هەریەک لەو دوو شێوەیە لەگەڵ یەکدیدا جیاوازیان هەیە.

بەڵام (شـێوەی نـاوخۆیی زمــان) بە تێپەڕبــوونی کــات، گــۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نموونە ئینگلیزییەکەی سـەنگافورە و ئینگلیـزییەکەی مالیزیــا ئێســتا لەگەڵ یەکدیــدا زۆر جیاوازیــان هەیە، بەڵام ئەم جیـاوازییە پـێش بیســت ســاڵ بەو شـێوەیە نەبـوو، ئەویــش لەبەر مێـژووی جیـای ئەم زمــانە و وتـنەوەی لە قوتابخانەکـانی ئەم دوو وڵاتەدا، کە لەدوای جیـابوونەوەی هەردوو وڵاتەکە بـۆ هەریەکەیـان دروسـت بـوو. هەروەهـا دەکریَ(شـێوەی نـاوخۆیی زمـان)ێکی نـوێی دی دروســت ببــێ، بەڵــگەش زۆرە لەســەر دەرکەوتنــی زمــانێکی ئینگلیــزی ئەوروپــی لەنــاو فێرخــوازان، کە پیــاوانی کــارگێڕیی و پیشەییەکانی فەڕەنسا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و بەریتانیا... هتد، قسـەی

---

[1]- زمـانی تـێکەڵ یـان کریـۆل Creole: زمـانێکی سـادەیە و لە چەنـد تـوخمێکی چەند زمانێک پێکدێت.(وەرگێڕ)

پێدەکەن و بەهۆیەوە یەکدی دەناسن و مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا دەکەن، بەو حیسابەی خەڵکی ئەوروپان و بە ئینگلیزییەکی هاوبەش قسە دەکەن، کە شێوەزارێکی تایبەتی ئینگلیزی بەریتانی بەکاردەهێنرێت، بێگومان ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان هەن، کە (شێوەی ناوخۆیی زمان)ێکی وایان تیادا نییە، کە لەوانی دی جودا بکرێتەوە، هەندێ وڵاتانی دیش هەن، کە دەتوانین بڵێین (شێوەی ناوخۆیی زمان)یان تێدا سەری هەڵداوە، ئەویش لە چوارچێوەی لقێکی دیاریکراودا، بۆ نموونە ئەم شێوەزارەی لەناو زانایان و پسپۆڕان و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا یابانیەکاندا بەدیدەکرێت.

**(قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) و (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) و زمانی دایک و زمانی بیانی و زمانی دووەم**

کاتێک باسی زمانی ئینگلیزی دەکەین، بەو حیسابەی زمانێکی نێودەوڵەتییە، لەم حاڵەتەدا تێکەڵی و پێکەڵییەک بەهۆی بەیەکداچوونی هەر چوار ئاراستەکەوە پەیدا دەبێت، کە ئەمانەن: ١ـ زمانی ئینگلیزی و ئەو کەسانەی بەکاری دەهێنن. ٢ـ تاکەکەس و زمان یان ئەو زمانانەی بەکارهێنانیان لە تواناداهەیە. ٣ـ بارودۆخی زمانی ئینگلیزی لەناو دەوڵەتێکی دیاریکراودا. ٤ـ فێربوون و فێرکردنی زمانی ئینگلیزی.

ئینجا ئیتر هەریەک لەم ئاراستە جیایانە کۆمەڵە زاراوەیەکی جیایان گەرەکە، سەبارەت بە بۆچوونی یەکەم، کە تایبەتە بە خودی زمان و بەکارهێنانەکانی، ئێمە تێبینی ئەو جیاوازییەمان لەنێوان قسەکەرە

ڕەســـەن و قســـەکەرە فێربووەکانــدا کــردووە، بەڵام ســـەبارەت بە بۆچونەکانی دی، ئەوا پێویستیمان بە زاراوەی جیا هەیە.
مرۆڤـــی تـــاکەکەس ئـــەگەر بەو حیســـابە بـــۆی بـــڕوانین، کە بەکـــارهێنەرێکی زمـــانەکەیە، ئەوا لە تێکەڵبـــوونی لەگەڵ ژیـــان و گوزەرانـــدا لە منـــداڵیەوە ئەو زمـــانەی بەکـــاری دەهێنێـــت لە دەوروپشــتەوە فێـری دەبێـت و لەگەڵیـدا گەشــە دەسـێنێت، ئەمەش بەشێوەیەکی ئاساییەکەی گوزارشتی (زمانی دایک) دەگرێتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ منداڵ لە حاڵەتە نائاساییەکاندا لەوانەیە دایکی پەروەردەی نەکات، یان لەوانەیە دایکەکە زمانێکی دی غەیری زمانی خۆی بەکار بهێنێـت، زۆرجـاریش لە کـاتی پەروەردەکردنـدا منـداڵ لە یەک زمـان زیـاتر فێـر دەبێـت، کە بە(زمـانی دوانەیـی) ناسـراوە، ئینجـا کاتێـک مرۆڤ زمانێک یان زیاتر لە منداڵیدا فێر دەبێت، لەوانەیە ئەو زمـانەی زمانی دایکییەتی لەوانی دی باشتر و ڕێک و ڕەوانتر قسـەی پێبکـات، هەرچەنـدە جـاری واش هەیە زمـانی دایـک ڕەوانتـر و ڕێکتـرە، لەبەر هەنـــدێک هۆکـــار نـــاچێتە ســـەر زاری قســـەکەر، کە ئەمە لەڕێـــی سەفەرکردن و کۆچکردن و لەبەر هۆکاری ژنهێنـان و لەژێـر فشـاری ستراتیژیەتی فێرکردن، چ لەڕێگای فێربوونی قوتابخـانە و چ لەڕێگـای هەوڵی تاکەکەسییەوە بۆ فێربوونی زمـانەکە بـۆ سـوود وەرگـرتن، کە ئەمەش لە ڕووی خوێندن و دابینکردنی ژیانی کـردەییەوە ئەم جـۆرە زمـانە بـۆ مـرۆڤ دروسـت دەبـێ، یـان لەبەر هۆکـاری بەرهەمهێنـی تـایبەت بە هاریکـاری کەسـانێک، کە سـەر بە کـۆمەڵەیەکی زمـانەوانی دیکەن، جگە لە بوونی چەندەها هۆکاری دی سەبارەت بە باوەڕبوون

بەوەی ئەو ئەرکە دەروونییەی زمانی زگماک لە ناخی مرۆڤدا ئەدای دەکات جیایە لەو ئەرکانەی زمانێکی دی دەیبەخشێ، ئینجا هەر مرۆڤێک هەوڵ و کۆشش بۆ فێربوونی زمانێک بە وردی و بە زانستی بخاتەگەڕ، ئەوا ئەم کارەی تەوزیمێکە لە ڕووی کرۆک و ناوەرۆکەوە هەر لەگەڵ زمانی دایک جیایە.[1]

پاشان پێویستییەک لەئارادا هەیە، کاتێک باس لە بیروبۆچوونی تایبەتی کەسێک بۆ زاراوەیەک دەکەین، بەبێ هیچ تەمومژییەک لەنێوان ئەو دوو زمانەی ئەم دوو ڕۆڵە جیایە ئەدا دەکەن: زمانی سەرەکی و زمانی مامناوەندیی،[2] لەبەر ئەوە لە کاتی ئەنجامدانی گفتوگۆکانی پێشوومان دەربارەی بەکارهێنەرانی زمانی ئینگلیزی بەو

---

[1]- ئەمە مانای ئەوە نییە هەندێک لە کردە هزرییەکان و ئەو ڕێگایانەی فێربوونی منداڵێکی بچووک بەکاری دەهێنێت، بە هەمان شێوە لە فێربوونی زمانەکانی دی غەیری زمانی زگماکدا بەکار بهێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا زمانی زگماک ڕۆڵێکی سۆزداریی و دەروونی بێهاوتا دەبینێت، کە منداڵی بچووک لە سالانی بەرایی ژیانیدا دەیبینێت، ئینجا ئیتر سەرجەم زمانەکانی دی لەڕێگای عەقڵەوە بەدەستدەهێنرێت، ئەو عەقڵەی شارەزای لە زمانێک هەیە، بەلام زمانی دایک تەنیا ئاوازێکی تازە پێگەیشتوو و گۆڕانی بەسەردا دەهێنێت.

[2]- مێژووی ڕۆشنبیری و زمانەوانیی تاکێک، لەوانەیە لە کۆتاییدا و لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا، تاڕادەیەک زمانێک، کە پێشتر بە سیفەتی ئەوەی زمانی دووەمە، فێری بووبێت و ببێتە زمانێکی زگماک، یان زمانێکی شوێنگرەوە، کە لە هەموو کارە کردەییەکاندا بەکاربهێنرێت، ئینجا بۆ ئەوەی ئەم شتە ڕووبدات، پلەی زانین و فێربوونی زمانی مامناوەند پێویستە بگاتە ڕادەی فێربوونی زمانی سەرەکی، یان تەنیا زمانە سەرەکییەکە پلە بە پلە بزانرێت، ئەویش لەڕێگای نەمانی زمانەوانی و نەبوونی دەرفەتی بەکارهێنان، یان پراکتیزەکردنی.

وەسفەی (زمانی بیانی) و (زمانی ناسەرەکی)ن، ئەوا قسەکەرە ڕەسەنەکان ئەو کەسانەن، کە زمانی ئینگلیزی زمانێکی سەرەکیان بۆ پێکدەهێنێت، کەچی قسەکەرە فێربووەکان ئەو کەسانەن، کە زمانی ئینگلیزی زمانی مامناوەندییان نەک سەرەکی پێکدەهێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بچینە سەر تێڕوانینی تایبەت بە بارودۆخی زمانی ئینگلیزی لە کۆمەڵگەیەکدا، کە زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی مامناوەندی بۆ زۆرینە یان بۆ هەمووی تێدا بەکاردەهێنرێت، لەم حاڵەتەدا بارودۆخی زمانی ئینگلیزی لە یەکێک لەم دوو حاڵەتە بەدەر نییە: یان دەبێتە زمانێکی بیانی، یان زمانی دووەم. زمانی ئینگلیزی لەناو کۆمەڵگایەکدا بە زمانێکی بیانی لەقەڵەم دەدرێت، کە بارودۆخێکی تایبەتی نەبێت، بەڵام وەکو زمانێکی دی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەروەها دەبێتە زمانی دووەم، کە بارودۆخێکی تایبەتی هەبێت، وەکو ئەوەی لە دادگاکاندا قسەی پێ بکرێت، یان وەک زمانێکی فێرکردن لە کەرتە سەرەکییەکانی سیستەمی فێرکردندا ئینگلیزی بەریتانی بەکاربهێنرێت، یان لە بەڕێوەبەرایەتی هەرێمایەتی نەتەوەیی بەکاربهێنرێت، یان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا زۆر فراوان و بڵاوبێت، و لەو شوێنانەش ڕۆژنامەی گەورە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوبکرێتەوە و ئەگەری ئەوەش هەیە زاراوەی زمانی دووەم بە هەمان پلە لەسەر زمانی دی جگە لە ئینگلیزی پیادە ببێت،

بۆ نموونە زمانی فەڕەنسی لە (ساحل ئەلحاج)دا زمانێکی دووەمە و لە لوبنانیش بە هەمان شێوە زمانی فەڕەنسی زمانی دووەمە.[1]

ئینجا ئەگەر کۆکردنەوەی ئەم زاراوانە ئەنجام بدەین، لەو کاتەدا دەتوانین بڵێین لەنێوان ئەو کۆمەڵانەی (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی)ی زمانی ئینگلیزی کەسانێک هەن، لەو وڵاتانەدا دەژین، کە بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، بەو وەسفەی زمانێکی بیانییە، هەندێکیشیان لە چەند دەوڵەتێکدان، کە قسە بە ئینگلیزی دەکەن، بەو وەسفەی زمانی دووەمە، هەرچەندە سەبارەت بە هەموو ئەو بەکارهێنەرانەی زمانی ئینگلیزی، زمانێکی مامناوەندییە نەک سەرەکی، با چەند نموونەیەکی دیش پێشکەش بکەین، زمانی ئینگلیزی لە کۆریا زمانێکی بیانییە و زمانی دووەمیشە لە نایجیریا، زمانی بیانییە لە بەرازیل و زمانی دووەمە لە هۆنگ کۆنگ و زمانی بیانییە لە چین و (زمانی دووەمە لە چیای تاریق و زمانی بیانییە لە ئەندەنوسیا، و زمانی دووەمە لە فیجی ، ئیتر بەم شێوەیە.

---

[1] - زۆر پێویستە سەبارەت بەم تێکهەڵکێشیانە بەئاگا بین، کاتێک وشەی دووەم سەبارەت بە زمان بەکاردەهێنین، هەردوو زاراوە سەرەکییەکە زمانی سەرەکی primary و زمانی مامناوەند secondary پێکدەهێنن، چاکتریش وایە ئەم گوزارشتانە بەکاربهێنرێن، وەک زمانی بیانی دووەم ( second foreign language) (بۆ نموونە لە قوتابخانە)، بەڵکو بەکارهێنانی فێربوونی زمانی دووەم (second language acquisition) هیچ سەرکەوتوو نییە، باشتریش وایە وەک زاراوە زمانی دووەم بخوێنرێت( secondary language acquisition).

بەڵام ئایا گرنگی جیاکردنەوەی نێوان (زمانی بیانی) و (زمانی دووەم) چییە؟ ئایا مەسەلەکە لەو پەیوەندییە مێژووییەی پێشوو لەگەڵ بەریتانیا یان فەرەنسادا تێدەپەڕێ یان نا، وەڵامیش لەسەر ئەم پرسیارە ئەوەیە، کە لێرەدا جیاوازییەکی گەورە هەیە، کاتێک مەسەلەکە پەیوەست دەبێت بە فێربوون و فێرکردنی زمانی ئینگلیزییەوە، ئەگەر ژینگەکە (زمانی بیانی) یان (زمانی دووەم) بێت، ئەوا ئەم شتە کاریگەری لەسەر هۆگربوونی پێشوەختی فێرخواز بە زمانی ئینگلیزییەوە دەبێت، بە هەمان شێوەش کاریگەریی لەسەر پێشبینیەکانی فێرخوازان دەبێت، بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن و کاریگەریشی لەسەر ڕێژەی ناوەڕاستی ئاستی ئەو خوێندنە دەبێت، کە زۆربەی زۆری فێرخوازان دەیگەنێ (کە بەرزترین ڕێژەیە لە حاڵەتی وڵاتانی (ئینگلیزی زمانی دووەم) وەک لە وڵاتانی (ئینگلیزی زمانی بیانی)، ئەو پێوانە و ئامانجە کۆتاییانەی سەرکەوتن، کە فێرخوازان و فێرکەرانی زمانەکە لە بەرانبەر خۆیان دایدەنێن، بۆ گەیشتن بەو شێوازەی لە وڵاتانی (ئینگلیزی زمانی بیانی) دەکات، بەڵام ئامانجیشیانە بگەنە ئامانجی (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) لە وڵاتانی (ئینگلیزی زمانی دووەم)، ئەم مەسەلەیەش وامان لێدەکات بگەینە کەرتێکی دی، کە زۆر گرنگە بۆ توێژینەوەی زمانی ئینگلیزی، بەو وەسفەی زمانێکی نێودەوڵەتییە، کە مەسەلەی پێوانە و هەڵسەنگاندنەکانە.

**هەڵوێست و پێوانە و هەڵسەنگاندن**

پێش وتوێژکردن دەربارەی هەڵسەنگاندنی ئینگلیزی و ئەو نموونانەی پێویستە لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا بەکاریان بێنین، بەو وەسفەی زمانێکی بیانییە، یان زمانی دووەمە، لەو حاڵەتەدا پێویستە ڕووبەڕووی بابەتێکی سەرەکی ببینەوە، ئەویش ئەوەیە زۆربەی زۆری بەکارهێنەرانی زمانی ئینگلیزی لە جیهاندا بەو وەسفەی قسەکەری ڕەسەنی زمانەکە نین، بە شێوەیەک قسەی پێدەکەن و دەنووسن، کە لە وردەکاریی و لە جۆرێتیدا جیایە لەو شێوازەی قسەکەرە ڕەسەنەکان بەکاری دەهێنن، بەڵام قسەکەرە ئینگلیزییە ڕەسەنەکان زۆربەیان تەنانەت لەنێوان مامۆستایانی زمانەکەشدا، بە هۆشیارییەوە یان بەبێ ئەوەی ئاگایان لێ بێ، قینیان لەم جۆرە هەبێ، ئەم هەڵوێستەش لەلایەن قسەکەرانی ڕەسەنەوە، قسەکەرە فێربووەکان بە ملهوڕیی و عەقڵیەتی ئیستعماریی ناوزەد دەکەن و بە زەلیلکردنی هەژمار دەکەن. بەم شێوەیە و لەسەر ئەم بنەمایە (کاتشرۆ ١٩٨٢) باس لە واقیعی ئەزموونی تایبەتی خۆی دەکات، کاتێک ئەو زمانە ئینگلیزییەی مرۆڤی هیندی قسەی پێدەکات، ئەمەش بە ئیهانە و شکاندنەوەیەکی زمانەوانی هەژمار دەکرێت، کە دەروون دەپێکێت. لە پەڕتووکێکی تردا (١٩٨٦) دەڵێت:

**((هەوڵدانی بێ یەک و دووی فێربوونی زمانی ئینگلیزی و تێگەیشتنی لەلایەن هاوەڵانەوە (ئەم گوزارشە بەو کەسانە دەوترا، کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی شوێنەکە بوون و ئینگلیزییان بەباشی دەزانی)، چ لە ڕەشپێست و چ لە ئەسمەر ڕەنگەکان، مەسەلەیەکە**

**ئیستعمارییەکان پشتگوێیان نەخستووە، بەڵکو زەخیرەیەک لە مەتەڵی زمانەوانی و نوکتەئامێزی پێیان بەخشی، کە لە یانەی سپیپێستەکاندا تەنها بۆ پێکەنین دەگوترایەوە، ئینجا بەکارهێنەری زمانی دووەمی ئینگلیزی لەم هەڵوێستانەدا هیچ سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە، ئەگەر لێهاتوویەکیشی بەدەستبکەوتایە، ئەوا هەمیشە جێی باوەڕ پێنەکردن و گومان بووە، ئەگەر ئەو لێهاتوویەش بەدەستنەکەوتایە، ئەوا دەبووە گاڵتەجاریی زمانەکەی خۆی)).**

هەروەها ململانێیەکی وێکچوو لەنێوان هەڵوێستەکاندا ڕوودەدات، کاتێک قسەکەرێکی ڕەسەنی زمانەکە ڕەخنە لە جۆری ناڕەسەنەکانی زمانی ئینگلیزی دەگرێ، یان ڕەتی دەکاتەوە و هۆکاری سەرەکی ئەم هەڵوێستانەش لەلایەن قسەکەرانی ڕەسەنی زمانەکەوە، نەزانی و بێئاگاییە، واتە درکنەکردنی تەواو بە بوونی چەند جۆرێکی ناڕەسەنی زمانی ئینگلیزی، کە گەشاوە و کارا بێت و ئەرکەکانی خۆی بەتەواوەتی جێبەجێ بکات، هەندێ جار ئەو زمانە خاوەن جوانکاریی و مۆرکی ئەدەبییە. زۆربەی (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) و لەنێویاندا مامۆستایانی ئینگلیزی زمانی بیانی، هەروەها (ئینگلیزی زمانی دووەم) هیچ شارەزاییەکیان بە جۆرەکانی (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) سەبارەت بە بارودۆخی سەرهەڵدانی نییە، بۆ نموونە لە هیندستان و سەنگافورە و ڕۆژئاوای ئەفریقا... هتد. بگرە هیچیشیان دەربارەی نەخوێندووە، لەئەنجامی ئەوەشدا ئەوانە دەڕوانن جیاوازییەکانیان لە هەڵسەنگاندنی (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) بەو وەسفەی لەگەڵ ئەو هەوڵانەی لە هەوڵی خوێندندا

دەکـرێن، یەکسـانن یـان لەوانەیە جۆرەکـانی تـایبەت بە قسـەکەرە نارەسـەنەکان بە زمـانێکی مامناوەنـد هەژمـار بـکەن[١]، لەڕێگـای هەنگاونـان بەرەو ئەو زمـانە ئینگلیـزییەی تـایبەتە بە قسـەکەرە ڕەسەنەکان، لە ڕاستیشدا زۆربەی زۆری جۆرەکانی ئینگلیزی تایبەت بە (قسـەکەرانی نازگمـاکی ئینگلیـزی) زنجیـرەیەک لەو شـێوە و شـێوازانە دەگرنەخـۆ، کە لە زمـانی ئینگلیـزی دوو ڕەگە دەچێت[٢] ،

---

[١]- لەو ئەنجامە بەدانەی لە جەماوەریبوونی توێژینەوەکانی زمانی مامناوەندەوە (interlanguage) لە ناوەنـدەکانی مامۆسـتایانی (ئینگلیـزی زمـانی بیـانی) و (ئینگلیـزی زمـانی دووەم) سـەری هەڵداوە(هەرچەنـدە زمـانی مامناوەنـد زۆر گـرنگە، بەو حیسـابەی یەکـێکە لە چەمکەکـانی زمانـەوانیی دەروونـی)، ئەو گریمـانەیە ئەنجـامەکەی ئەوەیە، کە: ١ـ هەمـوو جیـاوازییەک لە هەڵسـەنگاندنی کەسـی بـاڵغەوە، ئەوا جیاوازییـە لە هەڵسـەنگاندنی زەخیرەیەکـی تـایبەت بە قسـەکەرە ڕەسـەنەکە. ٢ـ هەمـوو زمـانە مامناوەنـدەکان یـان هەمـوو تـاک و کۆمەڵەکـان، لەسـەر ڕاستەشـەقامێکی بەرەو پێـوانەیەکی جیهـانی یەکگرتـوو هەنگـاو دەنـێن، کە بنەماکـانی بەکارهێنـانە ڕەسـەنەکەیە، تیـۆری زمـانی مامناوەندیش لە بنەڕەتەوە لە چوارچێوەی بارەکانی دەروونـی تاکدا دروست بوو، چونکە بار و کردە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام پاشـان زاراوەی زمـانی مامناوەنـد وای لێهـات بەکـاردەهێنرا، کە هاوواتـای زاراوەی زاری کـۆمەڵایەتییە، ئیتـر چەنـد گریمـانەیەک سـەریان هەڵـدا و نشوستیان لەوە هێنا، کە لە حیسابی خۆیاندا ئەو چۆنێتییە وەربگرن، کە زمان لە کۆمەڵگەدا پێ بەکاردەهێنرێت.

[٢]- زمانی ئینگلیزی دوو ڕەگە ئەو زمانە ئینگلیزییە سادەیەیە، کە لەگەڵ چەندەها چەنـدەها زمـانی دیـکە ئـاوێتە و تـێکەڵە، وەک ئینگلیـزی بەکـارهێنراوی هۆنـگ کۆنگ.(وەرگێڕ)

ئەویش لە یەکێک لە لایەنەکانیدا، بەڵام لایەنەکەی دیکە لە زمانی قسەکەرە ڕەسەنەکە دەچێت و لەوانەشە زمانی (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) بەبێ هیچ کۆششێک لە لایەنێکەوە بۆ لایەنێکی دی بگوازێتەوە، ئەویش کاتێک پێویستییەک بۆ ئەو گواستنەوەیە پەیدا دەبێت، بۆ نموونە: بامجبوز (١٩٨٢) (Bamgbose) وەسفی چوار جۆر زمانی لە ئینگلیزی نایجریدا کردووە:

**جۆری ژمارە(١):**

هەموو ئادگارە فۆنۆلۆجی و ڕێزمانی و دەربڕینە تایبەتەکان لەخۆ دەگرێت، ئەویش بە زمانی (کوا kwa)، یان بە نایجیری کۆنگۆیی (Niger Congo) بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، ئەم جۆرە ئینگلیزییەش کەسانێک قسەی پێدەکەن، کە زانیارییەکی کەمیان لەم زمانەوە هەیە، جگە لەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە وڵاتی نایجیریا جێی ڕەزامەندی نییە و لە ڕووی نێودەوڵەتیشەوە تێگەیشتراو نییە.

**جۆری ژمارە(٢):**

ڕێزمانەکەی لە ڕێزمانی ئینگلیزی نموونەییەوە نزیکە، بەڵام خاوەنی تایبەتمەندیی فۆتۆلۆجی و دەربڕینی ئەوتۆیە، کە دەکرێ بە ئاسانی جیا بکرێتەوە، ئەم شێوازەش نزیکەی (٧٥%)ی قسەکەرانی ئینگلیزی لە وڵاتدا قسەی پێدەکەن، و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ڕەزامەندی لەسەرە، بەڵام لاوازییەک لە ڕووی تێگەیشتنی نێودەوڵەتییەوە لەکەداری کردووە.

**جۆری ژماره(٣):**

له زمانی ئینگلیزی بەریتانی نموونەییەوە نزیکە، لە هەردوو ڕووی ڕێزمان و واتاوە، و لە ڕووی فۆنۆلۆجیشەوە وێکچووە، بەڵام لە ڕووی دەنگەوە جیاوازە، هەروەها سەبارەت بە خەسڵەتە دەربڕینە دیاریکراوەکان دیسانەوە جیاوازە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە قبوڵکراوە و لە ڕووی نێودەوڵەتیشەوە بە هەمان شێوە قابیلی تێگەیشتنە و ڕێژەی کەمترە و لە (١٠%) دانیشتوان قسەی پێدەکەن.

**جۆری ژماره(٤):**

لەگەڵ زمانی ئینگلیزی بەریتانی نموونەیی و لە هەردوو ڕووی ڕێزمانی و واتاوە دەقاودەقە، و لە ڕووی ئادگاری فۆنۆلۆجی و دەنگییەوە جیاوازە و دەقاودەقی زاری هەرێمایەتی بەریتانی لە دووتوێی زارەکانی زمانی ئینگلیزییە، لە ڕووی نێودەوڵەتیشەوە تاڕادەیەکی زۆر تێگەیشتراوە، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە قبوڵکراو نییە و کۆمەڵێک لەو نایجیریانە قسەی پێدەکەن، کە لە ئینگلتەرا لەدایکبوونە و هەر لەوێش گەورە بوونە.

لە ڕاستیدا لێرەدا جیهانێکی ئاڵۆزی ئینگلیزی تایبەت بە (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) لەئارادا هەیە، کە زۆربەی قسەکەرە ڕەسەنەکان نایزانن. زمانی ئینگلیزی چەندەها گرفت لە چوارچێوەی قسەکردن پێی پێشکەش دەکات، بەو حیسابەی زمانێکی ڕەسەن نییە، بۆیە پێویستە ڕووبەڕووی ئەم بەربەستانە ببینەوە و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، بە لای کەمیەوە بەو توانا ڕەسەنە پەتییە زمانەوانییەی،

که لای قســـەکەر دەســـتدەکەوێ، بـــۆ نمـــوونە کاتشـــرۆ (١٩٨٢) پۆلێنکردنێک بۆ زمانە ئینگلیزییە نارەسەنەکان دەخاتەڕوو:

مـرۆڤ دەتـوانێ بـڕوانێتە (جۆرەکـانی زمـانی ئینگلیـزی) لە ڕووی فێربـــوون و ڕۆشـــنبیری و کـــۆمەڵایەتییەوە، هـــەروەها لە ڕووی پاڵنەرەکانی فێربوون و لە ڕووی جێبەجێکردنی ئەرکەکەی. دەتوانین ئەو لایەنانە بۆ دابەشکردنی بچووکتر پۆلێن بکەین:

١- وەرگرتن
- زمانی یەکەم
- زمانی دووەم
- زمانی بیانی

٢- لایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی
- سەپێندراو
- ناسەپێندراو

٣- لایەنی پاڵنەر
- بە مەبەستی ئاوێتە بوون
- بە مەبەستی کردەیی

٤- لایەنی جێبەجێکردنی ئەرک
- زمانی نەتەوەیی (پەیوەندی)
- زمانێکی نێودەوڵەتی

پاشـــان ئەم نووســـەرە ئامـــاژەی بە ســـێ بـــازنەی هـــاوچەقی زمـــانی ئینگلیزییە جیهانییەکان کرد (لە کویرک و ویدۆسۆن Quirk and Widdowson ســـاڵی ١٩٨٥): دەتـــوانین بڵاوبـــوونەوەی زمـــانی ئینگلیـزی بەو ئیعتبـارەی سـێ بـازنەی هـاوچەقە، کە گوزارشـت لە

جۆرەکانی بڵاوبوونەوە و ڕێگەکانی وەرگرتن و بوارە فەرمانییەکانی زمـــانی ئینگیــزی لە ڕوانگـــەی ڕۆشـــنبیریی و زمانەکـــانەوە تیـــادا بەکاردەهێنرێت. ئیتر لە ڕووی ئەزموونگەرییەوە هەستام بە ناونـانی ئەم شــتە بەم شـێوەیە: بــازنەی نــاوخۆیی، بــازنەی دەرەکــی یــان (بـازنەی درێـژ) و بـازنەی فـراوان، سـەبارەت بە بەکارهێنەرەکانیش، ئەوا بازنەی ناوخۆیی ئاماژە بە شوێنە تەقلیدییەکانی زمانی ئینگلیزی دەکـات، واتە بــۆ ئەو شــوێنانەی زمــانی ئینگلیــزی تیــادا بە زمــانی ســەرەکی هەژمـار دەکرێـت، لە ڕووی ژمارەشـەوە بـازنەی دەرەکـی کۆمەڵەیەکی قسەیی فراوان و گەورە پێکدەهێنێت، کە خاوەنی جۆر و چــڕی و خەســڵەتی جیــاوازە. هــەروەها بنەمــا ســەرەکییەکانی ئەم بازنەیە ئەمانەن:

أـ زمـانی ئینگلیـزی یەکـێکە لە هەردوو شـیفرەی پەیوەسـتبوون یـان زیـاتر لە چەنـد شـیفرەیەکی زمـانەوانی، کە لە دووتـوێی خەزێـنەی زمانەوانی ئەو کەسـانەدایە، کە دوانەیەکـی زمـانەوانی یـان فرەیەکـی زمانەوانییان هەیە.

ب ـ زمـانی ئینگلیـزی پێگەیەکـی گرنگـی لە سیاسـەتی زمـانەوانی بـۆ نەتەوە خاوەن جۆراوجۆرەکانی زمان بەدەستهێناوە.

بازنەی سێیەمیش بە بازنەی فراوان ناوزەد دەکرێت، کە ڕەهەنـدێکی جیـاوازی دی دەخـاتە نـاو زمـانی ئینگلیـزییەوە، هـەروەها تێگەیشـتنی ئــەرکی زمــانی ئینگلیــزی لەم بــازنەیەدا پێویســتی بە دانپیانــانی ئەو ڕاسـتەقینەیە هەیە، کە ئینگلیـزی زمـانێکی نێـودەوڵەتییە، لەم بـوارەدا پێشـبڕکێیەکی دژ بە نەیـارانی خـۆی لە زمانەکـانی دی بـردەوە، وەک

زمانەکانی فەڕەنسی و ڕووسی و ئیسپرانتۆ، ئەگەر تەنها مەبەستمان دوو زمانی سروشتی و یەک زمانی پیشەسازی بێ، ئەوا ئەو ناوچە جوگرافیانەی وای وەسف دەکەین، کە بازنەیەکی فرانە، هیچ مێژوویەکی کۆلۆنیالی لەلایەن بەکارهێنەرانی بازنە ناوخۆییەکەوە نییە، ئەم بازنەیەش ئێستا لە فراوانبووندایە و زۆر جۆر و لایەنی جێبەجێکردنی لێ بەرهەمهاتووە (یان ئینگلیزی زمانی بیانی).

مێژووی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕۆمانیا لە ڕووی جۆرە تایبەتەکانی قسەکەرە فێربووەکان، دوو ئەزموونی زۆر لە یەک جیاوازیان هەیە، کاتێک ژمارەیەکی زۆری پێگە ئیستعمارە بەریتانییەکان لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی نزیکبوونەوە، هەمان جۆری شانازی بە ناسنامەی کەسایەتی دروست بوو، کە لە زمانەکەیاندا بەرجەستە دەبوو، کە لە ئینگلیزی ئەمریکی هەر لەپێش دووسەد ساڵەوە تێبینیمان دەکرد. ئیتر ساڵی (١٩٦٠) هەندێک لەو بەریتانیانەی لە ئەفریقادا کاریان دەکرد، بەتایبەتی لەنێو مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی، بەو وەسفەی زمانێکی بیانییە، بە باوەڕهێنان بەوەی ئیتر گونجاو نییە قوتابییەکانی قوتابخانەکانی غانا و نایجیریا بەو زمانە ئینگلیزییە قسە بکەن، کە ئینگلیزەکان قسەی پێدەکەن، ئیتر ڕازی بوون لەسەر ئەو هەڵوێستەی دواتر باڵیۆزی سەنگافورە لە (UN) ڕایگەیاند، کاتێک وتی: هیوام وایە کاتێک لە دەرەوە قسە دەکەم، هاوزێد و هاونیشتمانیانم بەئاسانی بمناسنەوە و بزانن من خەڵکی سەنگافورەم.

هەرچی ئەزموونی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە لە ڕووی فێربوونی زمانی ئینگلیزییەوە، بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتەوە بوو، کە زیاتر بە هۆکاری پێویستی فێربوونی ئەم زمانە بوو لەناو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆ ئەو کۆچبەرانەی ژمارەیەکی زۆر شاڵاویان بۆ ئەم وڵاتە هێنا، هەروەها وەک پێویستیەکیش سەبارەت بەوان وا بوو، زیاتر لەوەدا بەرجەستە دەبوو، کە ئەو زمانە فێر ببن و بەو شێوازەی قسەکەری ڕەسەنی ئەمەریکی قسەی پێدەکات، نەک بەو شێوازەی زمانەکە ببێتە نانسامەیەکی سەربەخۆی ئەو کۆچبەرانە. لە شەستەکانیش ئەم هەڵوێستە زیاتر ڕووی لە والایی کرد، کە لەپێشدا ئاماژەمان پێی کردبوو، کە بە داهێنانێکی بەریتانی (پریتۆر prator :١٩٨٦) ناو دەبرێت، ئەوەش ڕاستە مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی زمانێکی بیانییە یان زمانی دووەمە، درککردنیان بە جۆراوجۆری زمانی ئینگلیزی کەمترە، و زیاتر کەمەندکێشی ئەو گریمانانەن، کە نموونەی تایبەتی قسەکەری ڕەسەنی زمانەکە بۆ هەموو بارودۆخێک لەدەستدەدات، بەڵام ئەم هەڵوێستە (کاتشرۆ) بەتوندی ساڵی (١٩٨٦) ڕەخنەی ئاراستەکرد.

**ئایا هیچ پێوانەیەکی جیهانی یان شێوەیەکی نموونەیی بۆ زمانی ئینگلیزی لەئارادا هەیە؟**

لە دەرەوەی چوارچێوەکانی فێرکردندا، دەبینین پێوانەکانی زمانی ئینگلیزی لە ڕووی کردەیی و پراکتیکەوە لە دووتوێی بابەتی بەکارهێنانەکانی (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) و (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی)ن ، کە لەپێشدا باسمان لێوەکردن، بەو مانایەی

هەموو کۆمەڵێک ئامانجە تایبەتەکانی خۆی لەبەرچاو دەگرێ، بەبێ ئەوەی بڕیارێکی پێشوەخت و هۆشیارانە لە کاکڵەیدا هەبێ، چونکە ئەکادیمیەک یان دەستەیەکی دی زمانی ئینگلیزی نییە پێوانەکان دیاری بکات.

لە هەمان کاتیشدا ئامرازێکی کرۆکدار لەئارادا هەیە، کە لە ڕوانگەی پیشەسازییە جیهانییەکانی فێرکردنی ئینگلیزییەوە کاردەکات، بۆی هەیە یەکێتیی زمانی ئینگلیزی بپارێزێت، هەرچەندە زمانێکی جۆراوجۆری فراوانە.

لە سەرانسەری جیهاندا بەبێ گوێدانە ئەوەی پێوانەی ڕاستەقینەی چڕێتی جۆرە تایبەتییەکانی قسەکەرە ڕەسەنەکە یان قسەکەرە فێربووەکان، و بەبێ گوێدانە ئەوەی زمانی ئینگلیزی زمانێکی بیانییە، لێرەدا دوو پێکهاتەی زمانی ئینگلیزی لە هەموو جیهاندا وانەی پێ دەوترێتەوە، بەبێ گۆڕانی پرۆسەکانی فێربوونی پێ بەڕێوە دەچێت، ئەم دوو پێکهاتەیەش ڕێزمان و وشە سەرەکیەکانن. لێرەدا لەوانەیە چەندەها کەلێن لە ڕووی وشە و گوزارشتە ناوخۆییەکانەوە لەئارادا هەبێت،[1] بێگومان چەندەها جیاوازی درکاندن هەیە، بەڵام ڕێزمانی

---

[1] - کریج Craig (١٩٨٢)، لەسەر بنەمای کاری لوبیج Le page، (١٠) جۆری خستنە سەری جیاوازی بەکارهێنانی ئینگلیزی بەریتانی و ئینگلیزی کاریبی دەژمێرێت، لەوانە:

**- ئەو وشانەی لە ئینگلتەرا وازیان لێهێنراوە و بەکارناهێنرێن.**

**- ئەو وشە بەکارهێنراوانەی لە ئینگلتەرا وازیان لێهێنراوە.**

**- ئەو وەرگرتنانەی لە زارەکانی زمانی ئینگلیزییەوە نەک لە زمانە نموونەیەکەوە وەرگیراوە.**

ئینگلیــزی لە سەرانســەری جیهانــدا هەر ئەو ڕێزمــانەیە و هــیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە.
دەتــوانین ئاشــکراتر و ڕوونتــر بڵێــین لەنــاو جەنجــاڵی ئەم هەمــوو جــۆرەی زارە ناوخۆییەکــانی زمــانی ئینگلیــزی لە هەمــوو دونیــادا دەبینین دوانەییێک لەنێوان ڕێزمـان و وشـەکان و فۆنۆلۆجیا لەئارادا هەیە. سەبارەت بە وشەکانی تایبەت بە ئاخاوتنی گوند و لادێیـەکانی (ئۆکلاهۆما)دا، زانـراو نییە بە زاری کەنداوی (کۆد)[١] (Cape Cod) بدرکێنـدرێت، یـان زاری نـاوخۆیی تـایبەت بە (بێرمنگهـام) لە ئینگلتەرا (یان بە هەمـان شێوە لە ولایەتـی ئەلبامـا) ڕێزمـان و وشـە ناوخۆییە تایبەتەکانی فرانسیسکۆ یان سـەنگافورە لەخـۆ بگرێت. زار و ڕێزمـانی بێـژتن نە گۆڕانیـان بەسـەردا دێـت و نە لەیەکـیش جیـا دەبـنەوە، هەروەهــا هەردووکیشــیان لە بونیادیانــدا ســەد دەرســەد

**- وشەی بەکارهێنراو بە مانا تازە لە (کاریبی).**
**- هەندێ وشەی ئینگلیزی گۆڕانی بەسەر درکاندنیاندا هـاتووە، کە پێویسـتە بە وشەی کاریبی هەژمار بکرێن.**
**- لەوانەیە وشەگەلێک فەرمـانێکی زۆرتـری ڕێزمـانی ئەنجام بـدەن، لەوانەی لە ئینگلـتەرا ئەنجـام دەدرێـن، وەکـو (کـارە تێپەڕەکـان)، کە بە وەسـفی (کـارە تێنەپەڕەکان) لە بەریتانیا بەکاردەهێنرێت.**
**- وشەگەلێک بە ڕەچەڵەک ئەفریقایین.**
**- چەند گوزارشتێک لە دووبارەکردنەوەی فۆرمی بێژتن پێکدێت، یان خواستنی وەرگێڕان بۆ شێوەکانی گوزارشتکردنی ئەفەریقی.**

١- کەنداوی(کۆد) بەشـێکە لە ولایەتـی (ماساچۆسـت)ی ئەمریکی، کە دەکەوێتە سەر ئۆقیانووسی ئەتلەنتیک. (وەرگێڕ)

ناوخۆیین، تەنها یەک حاڵەت نەبێ، چونکە لێرەدا کۆمەڵەیەک هەیە لە تەرزە ڕێزمـانی و لەو وشـە سـەرەکیانە پێکدێت، کە دوو خەسـڵەتی یەکلاکەرەیان هەیە: یەکەمیان: ئەوەیە لە هەموو جیهاندا قبوڵکراوە و لەو شـوێنانەی ئینگلیـزی بەکـاردەهێنن، ڕەزامەنـدی لەسـەرە، نەک تەنها لە یەک شوێن و یەک هەرێمدا. دووەمیشـیان: زارێکی تـایبەت بە خـۆی نییە، چـونکە قسـەکردن بەم زمـانە بە هەر زارێـک بێت لە جیهاندا بەکاردەهێنرێت، ئەم دوو شتەش ڕێزمـان و وشـەکانی، کە بە بەکارهێنـــانی فێرخـــوازانەوە تـــایبەن، ئەو نمـــوونە فێرکـــارییە بەکارهێنراوەیە، کە لە هەموو جیهاندا بەکاردەهێنرێت.[1]

لێرەدا هۆکـارە سـەرەکییەکە مامۆسـتایەکی (ئینگلیـزی زمـانی بیـانی) یـان (ئینگلیـزی زمـانی دووەم) ڕەهەنـدە ناوخۆییەکـانی ڕێزمـان نـاڵێتەوە، بـۆ نمـوونە (جێنـاو)ی زمـانی ئینگلیـزی لە بەشـەکانی بـاکووری ئینگلـتەرا هەمـان فـۆرمی(us) سـەبارەت بە (نیهـاد) و (بەرکار) و (خاوەنێتی) دەگرێتەخۆ.

We had best take coats; happen it will rain.

(We had better take our coats; it might rain.)

---

[1]- ئاســاییە لە زمانــەوانیی کارەکیــدا و لە بەریتانیــا زاراوەی (dialect)(زار) بەکاربهێنرێـت، بـۆ ئامـاژەکردن بە ڕێزمـان و وشـەکانیش، زاراوەی accent (زاری درکاندن) بۆ ئاماژەکردن بە درکاندن، بەڵام ڕێزمـانی (بێژتن)ی تـایبەت بە فێرکـار و فێرخـوازی، کە لەم بڕگەیەدا وەسـفی بـۆ کراوە، ئەوکـاتە بە نـاوی زاری ئینگلیزی نموونەیی دەناسرێت (Standard English dialect).

ئینجا دوورەپەرێزی لەم قاڵبە ڕێزمانییەی وشەی (happen)، بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، کە ئەم دوو گوزارشتە هەڵەن، بۆ ئەوەش ناگەڕێتەوە، کە هەردووکیان ئاستیان کەمترە، یان نموونەیی نین، بەڵام لەبەر ئەوەی بەکاردەهێنرێن و تەنها لە ناوچە جوگرافییەکە و لەنێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵەی قبوڵکراون، بەڵام هەردوو گوزارشتەکە لە شوێنی دیکەدا قبوڵکراو نابن، کەچی درکاندنی ناوخۆیی بەپێچەوانەی ئەمەوەیە نەک بە هۆکارێک، بەڵکو تەنها بە هۆکاری دەق پێوەگرتنێکی سەرپێیەوە.

ئینجا مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی ئەگەر لەسەر وتنەوەی ڕێزمان و وشەی تایبەت بە ئینگلیزی بۆ فێرکاران و فێرخوازان بەردەوام بن، ئەوکاتە زمانە یەکگرتووەکە بەسەر لق و پۆپ و زارەکانی زمانەکەدا سەردەکەوێت، ئەمەش بێگومان ئەو چوارچێوەیە، کە پێویستە لە ڕوانگەکەیەوە بڕوانینە ئەو گرفتە فێرخوازیەی زۆرجار بە دژوارترین گرفت بۆ قسەکەرە فێربووەکە و بۆ فێرخواز و بۆ مامۆستای زمانی ئینگلیزیش دادەنرێت، کە ئەویش گرفتی: ئایا چ شێوە و شێوازێکی زمانی ئینگلیزی پێویستە فێری ببم، یان خەڵکی پێ فێر بکەم؟ بەتایبەتیش ئایا لەسەرم پێویستە یان هەستم بە فێرکردنی ئینگلیزی ئەمەریکی یان ئینگلیزی بەریتانی؟ وەڵامەکەشمان لە دوو بەش پێکدێت:

یەکەمیان: فێرکردنی زمانی ئینگلیزی تایبەت بە بواری فێرکردن.

دووەمیشیان: لەو عەقڵیەتەدا بەرجەستە دەبێت، کە دەڵێ هەردوو بواری فێربوونی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی و ئینگلیزی بەریتانیت بۆ

ڕەخسا، ئەوا ئەو نموونەیە هەڵبژێرە کە سوودت پێدەگەیەنێ، بەڵام بە ئاراستەکردنی ئەم پرسیارە بە فیرۆ مەدە: کامیان سوودمەندتر و باشترن، لەوانەشە لەو بارودۆخەی تۆی تیایدا دەژیت، ڕەهەندێکی ناوخۆیی ئەم زمانە گونجاوتر بێت، بەڵام ئەو وەڵامەی بە مامۆستای ئینگلیزی دەیبەخشین، دیسانەوە پێویستە دوو بەش بێت:
یەکەمیان: بۆ ئەو کەسەی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی دەزانێت، با ئینگلیزی بەریتانی فێربێت و بەپێچەوانەوەشەوە.
دووەمیشیان: هەوڵبدە فێری ئەم زمانە ببە، بە باشترین شێواز لە تواناتدایە، واتە بەوپەڕی توانایی پیشەیی خۆتەوە هەوڵبدە بۆ فێربوونی زمانەکە.

**فێربوون و فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی زمانێکی نێودەوڵەتییە**

باسکردن و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی هەڵسەنگاندن و پێوانەکانی زمان ئێمەی پەلکێش کردە ناو شێوازەکانی وانەوتنەوە، ئینجا سەبارەت بە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی زمانێکی نێودەوڵەتییە، ئەو شتەی یەکلاکەرەوەیە (ئەگەر بەراورد بکرێ بە هەڵوێستە تەقلیدییەکانی وتنەوەی زمانی ئینگلیزی، بەو حیسابەی زمانێکی بیانییە، یان وتنەوەی زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی زمانی دووەمە) بەوەیە درککردنی ڕێژەیەکی زۆری خەڵک لە (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) بە زمانی ئینگلیزی ئەو کەسانەی زمانەکەیان فێردەکەن، خۆیان قسەکەری ڕەسەن نین و زمانەکە فێربوونە، و فێری کەسانێکیشی دەکەن، کە ئەوانیش بە هەمان شێوە قسەکەری

ڕەسـەنی زمـانەکە نـین و لە ڕەچەڵـەکی نـائینگلیزین. سـمیت Smith (١٩٨٣) دەڵێت:

**((بڵاوبـوونەوەی زۆر فراوانـی زمـانی ئینگلیـزی وا لەم زمـانە دەکـات، کە بیکـاتە زمـانێکی نێـودەوڵەتی، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەمە وا ناگەیەنێ، کە هەموو خەڵک لە هەمـوو شـوێنێکدا  قسـە بە ئینگلیزی دەکەن و جلــوبەرگی(جینز) لەبەر دەکەن و لەســـەر ئاوازەکـــانی (دیسکۆ) سـەما دەکەن. بڵاوبوونەوەی زمـانی ئینگلیـزی فـاکتەرێکی یەکگرتــوو نیــیە، ئەویــش لەبەر هۆکــاری نەمــانی جیــاوازییە ڕۆشنبیرییەکان، بەڵام بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی دەرفەتی ئامرازی گوزارشــتکردنی ئەم هەمــوو جیــاوازییە و شــرۆڤەکردنیانمان بـۆ دەرەخسـێنێت، لێرەدا هیچ حەز و ئـارەزووییەک لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا نییە، کاتێک بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، هەوڵبدەن هەمان شێوازی ژیانی قسـەکەرە ڕەسـەنەکانیش لە ژیانی خۆیاندا بەکاربهێنن، هەروەها پێویستە قسەکەرە ڕەسەنەکان بزانن، کە زۆری جـۆر و فرەیـی شـیاوی زمـانی ئینگلیـزی لەئـارادا هەن، و قســەکەرە نـاڕەســەنەکانیش هــیچ پێویســتییەکیان بەوە نـیـە وەک ئەمریکییەکان یان وەک بەریتانییەکان، یان وەک هەر کۆمەڵێکی دی قسـەکەرە ڕەسـەنەکان ئاکـار بنـوێنن، تـا ببنە بەکـارهێنەری کـارای زمانی ئینگلیزی. زمانی ئینگلیزی ئێستا وەک زمانێکی نێودەوڵەتی لە دیبلۆماســـیەت و بازرگـــانی نێـــودەوڵەتی و گەشـــتوگوزاردا بەکاردەهێنرێت، قسـەکەرە ڕەسـەنەکان پێویسـتییان بە ڕێژەیەک لە کۆمەکییەکان هەیە، کە قسەکەرە ناڕەسەنەکان لە کاتی بەکارهێنـانی**

**ئینگلیزیدا پێویستیان پێ دەبێت، ئەویش بە مەبەستی پەیوەستبوونی نێودەوڵەتی، بەبێ بوونی هیچ دەمارگیرییەکی زمانەوانی)).**

نووسەرەکە خۆی (سمیت Smith ١٩٨٣) زۆر لە جیاوازییە فێرخوازییەکان نێوان زمانی ئینگلیزی بۆ قسەکەرانی زمانی دی پوخت و کورت دەکاتەوە، یان ئەوەی لە ڕووی تەقلیدییەوە بە زمانی ئینگلیزی ناوزەد دەکرێت، بەو وەسفەی زمانێکی بیانییە یان بەو حیسابەی زمانی دووەمە، زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی کە زمانێکی نێودەوڵەتی هاریکارە.

سەبارەت بە دەروازە و شێوازەکانی وتنەوەی ئەم زمانە، گرنگییەکەی لەوەدا نییە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی زمانێکی نێودەوڵەتییە، گۆڕانی گەورەی خستۆتە دووتوێی بونیادەکەیەوە، بەڵکو گرنگییەکەی لەوەدایە پێشڤەچوونی پلەبەپلەی ئەم زمانە و فێرکردنی ئێستا توخمێکی نوێی خستۆتە سەری، کە درککردنە بەوەی زۆربەی زۆری ئەم زمانە بەو وەسفەی زمانێکی نێودەوڵەتییە یان زمانی دووەمە و بە قسەکەرە نارەسەنەکانەوە پەیوەستە، کە بەم زمانە قسە دەکەن و بۆ پێویستی ناوخۆیی یان مامەڵەکردن لەگەڵ غەیری خۆیان لەو کۆمەڵانەی قسەکەری نارەسەنی ئەم زمانەن، بەبێ ئەوەی قسەکەرە ڕەسەنەکان بوونیان یان مافیان بەسەرەوە هەبێ.

ئینجا پرۆسەی پێشکەوتنی پلە بە پلەی (ئینگلیزی زمانی دووەم) یان (ئینگلیزی زمانی بیانی) وایکرد، کە چەندەها هەنگاوی فراوان لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا هەڵبنێن لە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی(بەبێ

هـیچ جیـاییەک لەنێـوان فێرخوازانـدا، کە لە بنەمـاوە لەسـەر ئەدەب دامەزراوە)، تاکو فێربوونی زمانی ئینگلیزی (ناونیشـانی چاپکراوێکی پیشـەیی لەم بوارەدا تێبینـی بکە (English Language Teaching Journal) گۆڤاری فێرکردنی زمانی ئینگلیزی، تـا ئەو جیاوازیەی بۆ یەکەمجار لە بواری فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا سەری هەڵدا لەنێوان (ئینگلیزی زمانی قسەکەرەکان)، (ئینگلیزی زمانی بیانی) و (ئینگلیزی زمـانی دووەم) لە وڵاتـانی کۆمنولسـی بەریتـانی، (ئینگلیـزی زمـانی بیانی) جگە لە بەریتانیا و وڵاتانی دی، تاکو گەیشتە فێرکردنی زمانی ئینگلیـزی بـۆ قسـەکەرانی زمانەکـانی دی (کە مامۆسـتایانی هەمـوو کـۆمەڵە جیاوازەکـانی فێرخـوازان لە ئەمەریکـا لەخـۆ دەگرێـت)، سـەرباری ئینگلیـزی بـۆ مەرامە تایبەتەکـان، وەک دانپیانانێـک بە سەرهەڵدانی بەکارهێنانە نارەگەزییەکانی زمانی ئینگلیزی، کە ئێستا زمـانی ئینگلیـزی بـۆ مەرامـی نێودەوڵەتی لەخـۆی دەگرێت، لێرەوە دەردەکەوێت ئاراستە و بۆچوونەکان بەرەو ئەوە گوزەر دەکەن، کە جیـاوازییەکی ورد لەنێـوان فێرخـواز و مەبەسـتەکانیان و کـۆمەڵە زمانەوانیەکانیـان بکرێـت، لەڕووی وەرگـرتن و فێربـوونی زمـانی ئینگلیزییەوە.

هەر لە هەمـــان ماوەشـــدا، چەنـــدەها پرۆســـەی درێژکـــردن و فراوانکردنـی چوارچێـوەی کانگـای ئینگلیـزی لەئـارادا هەبـوو، کە بونیـادی هزریـی و مـاددی ئینگلیـزی پێکـدەهێنێت، بەو حیسـابەی زمانێکی بیانی یان زمانی دووەمە، جگە لە پێشکەشکردنی وانەبێژ و مامۆسـتا بـۆ ئەو وڵاتـانەی بەم زمـانە وەکـو زمـانێکی ڕەسـەن قسـە

ناکەن، لە بنەچەدا ڕوون بوو، کە بەریتانیا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکـا دوو دەوڵەتـن، کە بە دەوڵەتـی کانگـا و سـەرچاوەی ئەم زمانە دادەنرێن، بەڵام ئێستا و بەشێوەیەکی زیاد و بەرچاو وڵاتانی کەنەداو و ئوسـترالیا و نیوزلەنـدە لە هەمـان بـواردا کـارا و چـالاکن، هەروەها وڵاتی چینیش بە هەمان شێوە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بۆ هیندستان ناردووە، مامۆستا بەلجیکیەکانیش وانەی ئینگلیزی لە (مەغریب)دا دەڵێنەوە، بەڵام لە وڵاتانی کەنداودا زۆر لە مامۆستایانی زمـانی ئینگلیـزی خەڵکـی پاکسـتانن، یـان لە فەلەسـتین ئەوکـاتە خوێندوویانە، کە وڵاتێک بوو زمانی ئینگلیزی بەریتانی وەک زمانی دووەم پەیڕەو دەکرد.

لێرەدا پێویستییەک بە دیاریکردنی دوو مەودای دی بۆ ئەنجامدانی گۆڕان هەیە:

١- ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی زمانی ئینگلیزی لە ڕێگەی فێرکردنی سیستەمکراوەوە، کە لە گەورەترین شێوازدا پەیڕەو دەکرێت، چونکە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی زمانێکی بیانییە، جۆرێکی لێ بەرهەمهـاتووە، کە لەم بـوارەدا خـاوەن خێـراییەک و توانـایەکی لەڕادەبەدەر و بێهاوتایە.

٢- لەگەڵ ئەمەشـدا زیـادبوونێکی گـەورە لە بـوارە پیشـەییەکانی پەیوەسـت بە فێرکـردن و ئامـادەکردنی مامۆسـتا لەئـارادا هەیە، هەردوو جۆرە باشبوونەکەش هانی زیاتریدا و بەتوانای کرد، ئەو حاڵەتەی هێزی ئابووری بوو، کە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی هاتە کایەوە.

هەروەهـا لەو مەسـەلانەی گـرنگییەک دەوروژێـنن، ئەوەیە تێبینـی بکەیـن ئەم جـۆرە باشـکردنانە چەشـەیەکی جیایـان لە هەردوو لای کەنـاری ئۆقیانووسـیدا هەیە، بـۆ نمـوونە ڕەهەنـدی بـنەچەی هـزری ئەمریکـی تـایبەت بە ئامـادەکردنی مامۆسـتا هەیە و بەشـێوەیەکی تـایبەتی بە زمـانی ئینگلیـزی پەیوەسـت بـێ، بەو حیسـابەی زمـانی دووەمە، کە زۆر نزیکە لـە زمانەوانیی تیـۆرییەوە، هەرچـی هاوشێوە بەریتانییەکـانە، بەشـێوەیەکی سـەرەکی پەیوەنـدی بە زمـانی ئینگلیـزییەوە هەبـێ، بەو وەسـفەی زمـانێکی بیـانییە، کە ئەمە لە زمـانەوانیی کارەکییـەوە سـەرچاوە دەگـرێ و پشـتیش بە ڕێگەکـانی پێشـڤەبردنی وتـنەوەی لە هۆڵەکـانی فێرکردنـدا دەبەسـتێت، کە بەو چـڕی و فرەیـی تایبەتمەنـدیی و جیـاوازە، بەڵام لە هەردوو حاڵەتـدا ڕارایـیەک لە بـواری ئەو فێرکـردن و فێربـوونەدا هەبـوو، بەم دوایـیە جەخـت لەسـەر فێرخـواز دەکـاتەوە، کە بەهـۆی پێشـکەوتنی پیشـەیی پێشڤەچوو لەنێوان مامۆستایاندا تـا ڕادەیەک دەرفەتـی بـۆ ڕەخسـاوە، چونکە ئەوانە وایان لێهاتووە زیاتر درک بە زمانی ئینگلیـزی بکەن لە گۆڕەپـانی نێودەوڵەتیـدا نەک تەنهـا لەنـاو چـوار دیـواری هۆڵەکـانی خوێندندا.

**کۆتـایی**

ئەو گۆڕانـانەی وتـارەکەم دەسـتی پێکـرد، باسـکردنی بڵاوبـوونەوەی زمانی ئینگلیزی و گەیشتنی بوو بەم بارودۆخ و پێگەیەی ئێستای، کە نـزیکەی (بلیـۆن و نیوێـک) مـرۆڤ بەکـاری دەهێـنن، جـگە لە بـوونی ژمـارەیەکی زۆری زمـانە ئینگلیـزییە هەمەجۆرەکـان، ئەو گۆڕانـانە

هەمـــان ئەو گۆڕانـــانەن، کە پێشـــڤەچوونەکانی ئێســـتایان لە بـــواری وانەوتنەوەدا بەگوڕترکرد. هەروەها پێشڤەچوونی پیشـەیی تـایبەت بە ئامـادەکردنی مامۆسـتا، کە تـا هەنـووکە لە خێرایـی و پێشـکەوتندایە، ئینجـا لێهـاتوویی ئەم وتـــارە لە وەرگرتنـــی لایەنە چـــڕ و فـــرە و تایبەتەکـانی زمـانی ئینگلیـزی، هەر چۆنێک بێت زمـانی ئینگلیـزی بەو حیسـابەی زمـانێکی نێـودەوڵەتییە، لە سـاڵی (١٩٨٧) هـیچ گومانێـک لەئـارادا نیـیە، کە لە مـاوەی ئەم بیسـت سـاڵەی داهـاتوودا چەنـدەها بەشـی سـەرەکی دی دەخـرێنە سـەر چیرۆکـی ئەم گەشەسـەندنەی زمانی ئینگلیزی.

**بڕوانە :**

**بيتر سترفنس، اللغة الانجليزية بوصفها لغة دولية، ترجمة الى اللغة العربية: د.أحمد شفيق الخطيب، قراءات في علم اللغة، دار النشر للجامعات، مصر، ٢٠٠٦، ل٢٤٥-٢٧٤.**

# سەرچاوەکان

1- Bamgbose, Ayo. 1982.Standard Nigerian English.Issues of identification. In The other tongue: English across cultures. See Kachru 1982.

2- Craig, Dennis R. 1982. Toward a description of Caribbean English. In The other tongue: English across cultures. See Kachru 1982.

3- Crystal, David. 1985.How many millions? The statistics of English today. English Today, 1,1.

4- Ferguson, Charles, A., and Shirley Brice Heath. 1981. Language in the USA. Cambridge and New York: Cambridge University Press.

5- Fishman, J.,C.Ferguson, and J. Das Gupta, eds. 1968, Language, problems of developing nations. New York: Wiley.

6- Kachru, Braj B. 1981.The pragmatics of non- native varieties of English. In English for cross – cultural communication. See Smith 1981.

7- Kachru, Braj B. 1982. The other tongue: English across cultures. Oxford: pergamon.

8- Kachru, Braj B. 1986. The alchemy of English: The spread, models and functions of non- native Englishes. Oxford: pergamon.

9- Mencken, H.L. 1919. The American Language. New York: Knop.
10-Prator, Clifford H. 1968. The British heresy in TESL. In Language, problems of developing nations. See Fishman et al. 1968.
11-Quirk, Randolph, Sidney Greenbaum, Geoffrey Leech, and Jan Svartvik. 1972. Grammar of contemporary English. London: Longman.
12-Quirk, Randolph, and H.G. Widdowson, eds. 1985. English in the world: Teaching and learning the Language and literatures. Cambridge: Cambridge University Press.
13-Smith, Larry E., ed. 1981. English for cross – cultural communication. London: Macmillan.
14-Smith, Larry E., ed. 1983. Reading in English as an international Language. Oxford: pergamon.
15-Strevens, Peter. 1980. Teaching in English as an international Language. Oxford: pergamon.
16-Strevens, Peter. 1982a. What is Standard English? Singapore: RELC.
17-Strevens, Peter. 1982b.World English and the Worlds Englishes; or, whose Language is it, anyway? Journal of the Royal Society of Arts, CXX, 5311, pp. 418 – 431.
18-Strevens, Peter. 1985. Standards and the Standard Language. English Today, 1,2.

# سەرگوزشتەی سفر[1]

ئەم سەرگوزشتەیە لەوکاتەوە دەستپێدەکات، کە مرۆڤ پێویستی بە هەژمارکردنی شتەکانی لەلا پەیدابوو، هەژمارکردنیش وەک هەر پرسێکی دیکەی مرۆڤایەتی وایە، کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، ئینجا یەکەمین نەوە کە ئەم پرسەی تووش دەبێ، دەست بە چارسەرکردنی دەکات، ئەویش بەپێی ئەو بەهرە و توانایانەی لەبەردەستیدان. لەوانەشە ئەم بەهرە و توانایانە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە بەس نەبن، بۆیە تووشی کێشە و گرفت دەبن و هەوڵەکانیان لاسەنگی تێدەکەوێت، لەوانەشە تا سەر بەرانبەر دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ گرفتەکە دەستەوەستان بمێنن، بۆیە ئەو نەوەیەی پاش ئەوان دێن هەوڵدەدەن ئەو کار و کردەوانە تەواو بکەن، کە باوک و باپیرانیان دەستیان پێکردووە و سوودیش لە هەوڵەکانی پێشوو وەربگرن، جگە لەوەی دان بە کارە چاکەکانیاندا بێنن. بەم شێوەیە نەوە یەک لەدوای یەکەکان لە بەدواداچوونی پرسەکە بەگوڕ دەبن، تا چارەسەرێکی گونجاوی بۆ دەدۆزنەوە، کە بە کەڵکی ڕۆژگار و ساڵانی دوورودرێژ بێ.

---

[1]- ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٤٩)، لە ٢٠١٨/٢/٥ لە لاپەڕە (٩٩ - ١٠٢) بڵاوبۆتەوە.

**هەوڵە بەراییەکان**

گومانێک لەئارادا هەیە، سەرچاوەی ئەو گومانە لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە هەڵهێنجراوە، کە بۆ هۆز و تیرە بەراییەکان و ئەو کۆمەڵگە نیمچە بەراییانەی، تا ئێستا لە هەندێک پارچەکانی زەوی ژیان بەسەر دەبەن. ئەو گومانە پێی وایە ئەو هەوڵە یەکەمینانەی مرۆڤ بۆ هەژمارکردن بە خەرجی داون، لە شێوازەکانیدا جیاواز نییە، لەو شێوازانەی منداڵی ئەمڕۆ لە کاتی لێکدانەوەی چەندایەتییەکان و هەژمارکردنی شتەکاندا پەنای بۆ دەبات.

مرۆڤ لە سەرەتادا توانای جیاکردنەوەی تاکەکانی نێو کۆمەڵە شتەکانی نەبوو، گەر مرۆڤی بەرایی خوازیاری خەملاندن، یان زانینی ژمارەی مێگەلی مەڕی بووبووایە، ئەوە قوڵی خۆی زۆر و کەم بۆ ئاماژەکردن بە گەورەیی و بچووکی مێگەلە مەڕەکە دەکردەوە.

پاشان کە دەستی کرد بە جیاکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵەیەک و دانە دانەکردنیان، لە کاتی خەملاندنیاندا پەنای بردە بەر ناوهێنانی سیفەتەکانی ئەم تاکانە، ئینجا لە کاتی خەملاندنی مەڕەکانی مێگەلەکەی، ناوی ئەو ڕەنگانەی دەهێنا، کە مێگەلە مەڕەکەی لێ پێکدەهات، وەک سپی و ڕەش و شاخدار و گۆج.

پاشان بینرا ئەم شێوازە بۆ خەملاندنی چەنداتییەکان بەس نییە، نەخاسمە کاتێک ئەو تاکانەی سیفەتی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە زۆربوون، بۆیە مرۆڤ پەنای بردە بەر بەراوردکردنی ئەم تاکانە بە هاوشێوەکانی خۆی، بۆ نموونە دەیگوت بە ژمارەی پەنجەکانی دەستم، مەڕی سپیم هەیە، وشترمەل چەند پەنجەی هەیە، ئەوەندە

گورگم کوشتووه، ئیتر مرۆڤی بەرایی بەم شێوەیە لە هەژمارکردن بەردەوام بوو و جۆری ئەم هەژمارکردنەش لە پەرەسەندندا بوو، تا وای لێ دەهات بەراوردی شتە هەژمارکراوەکانی بە بەرد دەژمارد، تا حاڵەتێک پەیدابوو، کە بە هەژمارکردن بە بەرد ناوزەد کرا، پاشان بەو قلیشانە بەراوردی دەکرد، کە لە چڵی درەختێک، یان لاکێشەیەکی بەرد دروستی دەکرد، کە هەموو قلیشێک بەرانبەر ژمارەیەکە، پاشان ژمارەکانی بەو گرێکوێرانە بەراورد دەکرد، کە لە گوریسێکدا دروستی دەکرد، بۆ ئەوەی هەر گرێیەک ئاماژە بۆ یەکێ لە تاکەکان بکات.

پاشان ئەم مرۆڤە شێوازی ئەو گرێکوێرانەی پەرە پێدا و هەر پەنجەیەکی دەستێکی بۆ ئاماژە بە یەک تەرخانکرد و پەنجەی دەستەکەی تریشی بۆ ئاماژەکردن بوو بە ژمارە پێنج، بەم شێوەیە توانی پەنجەکانی هەردوو دەستی بۆ ژماردنی ژمارەکان تا ژمارە سی بەکاربێنێ. هەمان ئەو کارەشی بە بەراورد و چیلکەدار دووبارەکردەوە، کە هەندێکیانی بۆ ئاماژەکردن بە (یەک) و هەندێکی تر بۆ ئاماژەکردن بە چەند یەکێک بەکاردەهێنا، لەو کاتەدا خەڵکی لە بواری ژماردندا ڕاڕا و دووبەرەک بوون، هەندێکیان بەردیان بۆ ئاماژەکردن بە ژمارە (دوو) و هەندێکیشیان بۆ ئاماژەکردن بە ژمارە (دە) بەکاردەهێنا. ئینجا لەم سۆنگەوە ڕێگەکانی دووانەیی و چوارینە و ڕێگەی پێنجینە و دەیینە و بیستینە پەیدابوو.

کاتێ مرۆڤیش هەستی بە پێویستی تۆمارکردنی ئەو شتانە کرد، کە هەیەتی، یان لە سەریەتی چەند هێمایەکی بۆ دەستنیشانکردنی

ڕێژەی هەمەجۆر دروستکرد، ئەوەبوو وێنەی دەستی بۆ ئاماژەکردن بە ژمارە (بیست) بەکاردەهێنا، ئینجا لەو کاتەوە هەوڵەکانی خۆی بۆ داهێنانی ڕێگەیەکی نایاب بۆ نووسینی ژمارە و نمرەکان دەستپێکرد.

**لەگەڵ بنیادنەرانی هەڕەمەکان**

لە دۆڵی نیل دامەزرێنەرانی هەڕەمەکان لە بواری هەژمارکردن و نووسینی نمرەکاندا قۆناغێکی باشیان بڕی و ڕێگەیەک و شێوازێکی ئەوتۆیان لە ژماردندا بۆ بەجێ هێشتین، کە لەگەڵ شێوازی ئێمە بۆ هەژمارکردن هیچ جیاوازییەکی نییە، تەنها لە شێوازی نووسینی ژمارەکاندا نەبێ، کە تا ڕاددەیەک جیاوازە. ئەوەبوو ئاماژەیان بۆ (یەک) بە دارێک دەکرد، و بۆ (دە) بە پردێک و بۆ (سەد) بە گوریسێکی پێچراو و بۆ (هەزار) بە گوڵێک و بۆ (دە هەزار) بە بۆقێکی بچووک و بۆ ملیۆنیش بە پیاوێک، کە هەردوو دەستی درێژکردووە، و هەریەک هێمایەکیشیان زیاتر لە (٩) جار دووبارە نەدەکردەوە.

بەهای هێماکان لای میسرییە دێرینەکان هەروەک بەهای خۆی دەمایەوە، گەر لای چەپ، یان ڕاست، یان ناوەند دابنرایە، بەهاکەی بەو گۆڕانە نەدەگۆڕا. ئەوەی ڕوون و ئاشکراشە ئەم ڕێچکەیە تەنیا بۆ ژمارە سنووردار و دیاریکراوەکان دەست دەدات، کە لە (١٠) ملیۆن تێپەڕ نەکات، ئەمە جگە لەوەی بۆ نووسینی ژمارەکان بەم ڕێگەیە پێویستیمان بە ڕووبەرێک و پارچەیەکی گەورە هەیە.

هەموو ئەمانە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ئەو ژمێریارەی کە بە ئاسانی بە هەردوو کردەی (کۆ) و (کەم) دەژمێردرێت، بۆ سەرجەم

ژمـاره نووسـراوەکان بـەم شـێوازە سـادە و سـاکارە گـەر بخـوازێ کـردەی دابەشـکردن و جـارانکردن ئـەنجام بـدات، ئـەوە ڕووبـەڕووی سەختی و کێشەیەکی زۆر دەبێتەوە.

**لە وڵاتی گریکەکاندا**

یۆنانییـەکان لـە بـواری تۆمـاری هەژمارکردنـدا، ڕێچکەیـەکی تریـان گـرت، ئـەوەبوو بـە کۆمـەکی شـێوازی ئەبجەدیەتەکـەیان بـۆ هـەموو پیتێک بەڵگەیەکی ژمارەییان دانا، ئەویش پاش ئەوەی لەلای هێڵێکەوە پیتـی (A)یان دانـا، کـە لـە کـاتی نووسـیندا ئامـاژە بـۆ (یـەک) دەکـات، هەروەها لەسەرییەوە ئاماژەیـەکی دیاریکراویـان نووسـی و بـۆ (یـەک هەزار)یش هێماکەیان خستە خوارەوە، هەروەها پیتـی (B) ئامـاژە بـە (دوو) دەکـات، گـەر لەسـەرییەوە ئاماژەیـەکی دیـاریکراو نووسـرا، هـەروەها هێمـای ژمـارە (دوو هـەزار)یش لـە حاڵەتێکـدا بـوو، کـە هێمایەک لەژێرییەوە بنووسرایە، ئێمەش بەم خێراییە ناتوانین هـەموو هێما بەکارهێنراوەکانی نووسـینی ژمارەکـان بخەینـەڕوو، بـەڵکو تـەنیا ئامـاژە بـەوە دەکـەین، کـە ئـەم ڕێگەیـە لـە نووسـینی ژمارەکانـدا پێویستی بە توانایەک هەیە لەسـەر پارێزگـاریکردنی بەهاکانی ژمـارە بـۆ هـەر پیتێـک، لـە هـەمان کاتیشـدا لـە ئەنجامـدانی پرۆسـەکانی کۆکردنەوەی بەها ژمارەییەکانی چەند پیتێک پێویستی بە لێهاتوویی هەیە.

**لە وڵاتی ڕۆماندا**

هەرچی ڕۆمانەکانیشە لە نووسینی ژمارەکاندا پشتیان بە حەوت هێما لەگەڵ بەڵگە ژمارەییەکانیدا بەست، کە تا هەنووکە ئەم ڕێگەیەیان لە نمرەدانان بە بەرگی پەرتووکەکانیان و نمرەدانان بە بەندەکانیدا بەردەوامە، لەم ڕێگەیەدا هێماکان لە چەند کردەیەکی (کۆ) و (کەم)دا بەکاردەهێنرێن، ژمارە (٢) بە شێوەی (II) دەنووسرێت، واتە (١ + ١) و ژمارە (٤) بەم جۆرە (IV) دەنووسرێت، واتە (٥ ـ ١)، ژمارە (٦) بە شێوەی (VI) دەنووسرێت، واتە (٥ + ١)، ژمارە (٤٦) بە جۆری (XLVI )، واتە (٥٠ – ١٠ + ٥ + ١).

ژمێریاری ڕۆمانی دەتوانێت بەم شێوە نووسینە هەر ژمارەیەک بنووسێت، هەرچەندە هێماکانی کەمن، هەروەها زۆر بە سەختی دەتوانێت ژمارە (ملیۆن) بنووسێت، چونکە لەم حاڵەتەدا ناچارە هێمای (M) هەزارجار دووبارە بکاتەوە. ئینجا ئەگەر لەو ژمێریارە داواکرا ژمارەیەک لە ژمارە گەورەکانی ئەو مەودا دوورانەی گەردوون و بواری فەلەکناسی بنووسێت، ئایا ئەو کاتە چی دەکات؟

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| M | D | C | L | X | V | I |
| ١٠٠٠ | ٥٠٠ | ١٠٠ | ٥٠ | ١٠ | ٥ | ١ |

## لەسەر ڕۆخەکانی دەریای گەورەدا

لەسەر ڕۆخەکانی دەریای گەورەدا، چینییە دێرینەکان بە شێوازی ئێمە هەژماریان دەکرد و دەیاننووسی، بە شێوازێکی ئەوتۆ کە لە شێوازی نووسینی بابلییەکان دەچوو، واتە هێڵی گشتییان بە شێوەی (١) وەک هێمایەک بەکارهێنا، ئەویش لە یەکەکان و لە سەدەکان و دە هەزارەکاندا، هەروەها هێڵی ئاسۆییان بۆ ئاماژەکردن بە (یەک) بەکاردەهێنا، هەر هێمایەکیشیان تەنیا بۆ (٩) ساڵ بەکاردەهێنا. جگە لەوەی هێما وێکچووەکانیان لەو پلانەدا بەکاردەهێنا، کە پڕی دەکردەوە، لە حاڵەتی خەفەبوونی پلەیەکیشدا ژمێریاری چینی دەستی بە جیاکردنەوەی ئەو پلانە بە چەند ستوونیک دەدا، بۆ ئەوەی ئاستە بەتاڵەکە دەربکەوێت.

ئەو چینییە دێرینانەی لە بەدیهێنانی بیرۆکەی بەها بۆ نمرەکان بەشدارییان کرد و دەستیان لە دەرخستنی بیرۆکەی پلەی بەتاڵدا هەبوو، نەیانتوانی بە شێوازی خۆیان ژمارە گەورەکان بە بڕگەی کورت و پوخت بنووسن.

ئەم کارەش وا لە مرۆڤ دەکات، هەوڵی دی بخاتەگەڕ لەپێناو گەیشتن بە شێوازێکی نایاب لە نووسینی ژمارەکاندا.

## لەگەڵ ژمێریارە هیندییەکان

لەو کاتەی مرۆڤ بۆ نووسینی ژمارەکان تووشی پەرتەوازەیی و ڕاڕایی هاتبوو و بەملاو بەولادا پەلی دەهاویشت، ژمێریاری هیندی ڕێگەیەکی نموونەیی نایابی بۆ تۆمارکردنی ژمارەکان و ئیجراکردنی

کردەکـانی ژمێریـاری دابینکردبـوو، لـەم پێگەیەشـدا (١٠) هێمـای بەکاردەهێنا.

جیاکـاری ئـەم ڕێگەیـەی نووسـینی ژمارەکـان لەوەدایـە، کـە پارێزگاری لە بیرۆکەی بەهاکانی شوێن لە نمرەکاندا دەکات، واتە یەک هێما بەهاکەی لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی دی دەگۆڕێ، چونکە هەر هێمایەک لەم هێمایانە هەروەک چۆن بۆ ئاماژەکردن بۆ یەکەکان دەشـێ بـە هـەمان شـێوەش بـۆ ئامـاژەکردن بـۆ سـەدەکان و هـەزارەکانیش هـەر دەشێ ئەگـەر لـەو پلانـەی خۆیدا دابنرێت. ئـەم ڕێگەیە بیرۆکەی پلەی بەتاڵی پاراست و هێمایەکی بۆ دانا، کە سفر بوو، لەوەش زیاتر ئەوەبوو ئەم ڕێگەیە بەشداری لە ساناکردنی کـردە ژمێرییارییەکانـدا دەکـرد، بـە شـێوازێکی جیاکـار لـەو ڕێگـە پەیڕەوکراوانەی تری نووسینی ژمارەکان.

**ڕۆڵی ئێمە لەم بوارەدا**

ئێمـە نامانـەوێ لـەم پێگەیـەدا ڕۆڵـی ڕۆژهـەڵاتی عـەرەبی و جەنگە ڕزگاریخوازەکـانی ئیسـلام بخەینـەڕوو، چونکـە هـەموو ژمارەکـان دەسـتیان لـە خزمـەتکردن و پێشـکەوتنی مرۆڤایەتیـدا هـەبووە، وەک دەبینـین سـەرەتا ڕێگـەی یۆنانییـەکانیان گـرت، پاشـان شـێوازی هیندییەکانیان لە نووسینی ژمارەکاندا پیادەکرد، جگە لەوەی نمرە هیندییەکانیان پوخت کرد و لەم بوارەدا دوو زنجیرەیان دامەزراند، کە یەکێکیان ناوی نمرەی هیندییەکانە، کە ئەمانەن:

**٠، ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩**

ئەویتریشیان ناوی ژمارە عەرەبییەکانە، کە ئەمانەن:
9، 8، 7، 6، 5، 4، 3، 2، 1،0

ئەوەی بە نمرەکانی هەریەک لەم زنجیرانە، جۆرێک لە سادەیی و ئاسانکاری بەخۆیەوە بینی و ئەو ئاڵۆزییەی نمرە هیندییەکانی تێدا بەدی نەدەکرا، شاراوەش نییە سەرباری ئەو جیاکارییە زۆرانەی، کە ئەم شێوازە نووسینە لە خۆیدا هەڵیگرتووە، شوێنگە و پانتایی فراوانی حوکمی ئیسلامی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم شێوازەی نووسین لە سەرانسەری جیهاندا هەبووە.

**لە کۆتاییشدا**

بیرۆکەی پلەی بەتاڵ، پاشان سەرگوزشتەی پەیدابوونی سفر لای میسری و یۆنانی و ڕۆمانییە دێرینەکان ناوی نەبوو، چونکە ئەو ڕێگایانەی ئەو ژیارانە بە نووسینی ژمارەکاندا پەیڕەویان کرد، ئەم جۆرە بیرۆکانە ناخولقێنێ.

سەرگوزشتەی سفریش پاش خستنەگەڕی کۆششەکانی مرۆڤ بۆ نووسینی ژمارە دەستی پێکرد، ئەویش بە بەکارهێنانی کەمترین ڕێژەی هێماکان، ئەوەشمان بینی چۆن بیرۆکەی پلەی بەتاڵ لای بابلییەکان و چینییەکان دروستبوو، بەڵام لەم ژمارانەدا هەرچەندە تەنیا دوو هێمای نووسینی ژمارەکان بەکاردەهێنرا، نەیانتوانی بڕگەی کورت و پوخت بۆ ژمارەکان بدۆزنەوە.

مرۆڤایەتیش نەیتوانی ئەم گرفتە چارەسەربکات، گرفتی نووسینی ژمارەکان بە بڕگەی زۆر کورت، تەنیا لەسەر دەستی هیندییەکان نەبێ، کە ئەم کارە ئاسان بوو، هەر ئەوانیش بوون توانییان هێمای سفر بۆ پلەی بەتاڵ لە ژمارەکاندا بەکاربێنن.

بەم جۆرە دەبینین هزری مرۆڤایەتی بە ئاسانی نەگەیشتە سەر بیرۆکەی سفر، هەرچەندە کۆششی چڕوپڕی لەم بوارەدا خستەگەڕ، مرۆڤ هەر لە سەرەتای دەسەڵاتی لەسەر(تەجرید)، توانی ڕێگەی تازە لە نووسینی ئەو ژمارانەی کە پشتبەستبوون بە بیرۆکەی پلەکان و هێمای سفر بدۆزێتەوە و بەم شێوەیە لە سەرجەم بوارەکانی زانستدا هەنگاوی خێرای ناوە.

**ئەم وتارە لەم نووسینە وەرگێڕدراوە:**

**قصة الصفر(./ 0)، مجلة نشرة أخبار الطباعة، نقابة الطباعة في لبنان، العدد الثاني، ٢٠٠٨، ص١٦ ـ ١٧.**

# سەرهەڵدان و پێشکەوتنی پیت[1]

نووسینی پیتەکان بەو شێوازەی ئەمڕۆ زانیومانە و ناسیومانە، ئەو شتەی توانای ئەوەی پێبەخشیوین، ئەو حەز و ئارەزووە غەریزەیەیە کە تێماندایە لە گواستنەوەی بیژتن و درکاندندا. شێوازی نووسین و نەخشاندنی ئەو پیتانە، ڕێچکەکانی خۆی لە ڕابووردوویەکی دوور و دێریندا دۆزیوەتەوە، پاشان توێژەران دەستیان بە گەڕان بە دوای شوێنەوار و ڕەگ و ڕیشە هەمەجۆرەکانی کردووە.

ئەو پێشکەوتنەیەکبەدوای یەکەی ئاخاوتن بە درێژایی چەرخەکانی پێش مێژوو، ئەو هێزەی بە مرۆڤ بەخشی، تا بتوانێ ئەوانی دی خێرا درک بە حەز و ئارەزووەکانی کاکڵەی ناخی بکەن، مرۆڤە بەراییەکانی مێژوو جگە لە دەربڕینی دەنگ، هیچ شێوازێکی دیکەی بۆ دەربڕین نەبوو، جگە لە هێماکان نەبێ، ئەم مرۆڤە تا ئەو ساتە فێری ئەوە نەبووبوو بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆی بۆ ئاییندە تۆمار بکات، ئینجا یەکێک لەو کۆششە بەراییانەی مرۆڤ بۆ گواستنەوە و چەسپاندنی بۆچوونەکان لە ڕووی تۆمار و نووسینەوە، بریتییە لەو نەخش و خەتانەی لەسەر دیواری ئەو ئەشکەوتانەدا دەکێشران،

---

[1]- ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٤٣)، لە ٢٠١٧/٨/٥ لە لاپەڕە (١١٦ - ١١٧) بڵاوبۆتەوە.

ئەمیش بۆ دیاریکردنی ئەو کاتەی مرۆڤی بەرایی تێیدا ژیانی بەسەر دەبرد. ئینجا بەهۆی ئەو وێنە و هێڵە کێشراوانەوە مرۆڤ هەوڵی گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی خۆی دەدا، ئەوەبوو پەیامێکی بۆ نەوەکانی دوای خۆی تۆمارکرد، بەڵام لەبەر هۆکاری دووری نەتوانراوە بۆیان ڕەوانە بکرێت.

لە هەوڵە بەراییەکانی چارەسەرکردنی گرفتی دووری، هەوڵدانی بەکارهێنانی گوریسی گرێدارە، چونکە شێوازەکانی گرێ و گرێکوێرەکان و ماوەکانی نێوانیان، توانای ئەوەیان بە مرۆڤ بەخشی، بیروبۆچوونەکانی خۆی بۆ ئەوانی دی لە ماوە دوورەکانەوە بە شێوازێکی سادە و ساکار بگوازێتەوە.

هەنگاوی دووەمی مرۆڤ بە ئامانجی دانانی سیستمێکی سادەبوو، بۆ ئەو وێنە و هێڵکارییانە، لە سەرەتادا لە هەوڵدا بوو بۆ کێشانی وێنە نمایشییەکان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان، هەروەها بەهۆی سیستمی وێنەوە مرۆڤ توانای ئەوەی پەیداکرد، زیاتر گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی خۆی بکات، لە هەمان کاتیشدا توانای تۆمارکردنی نامەی بە چەند شێوازێک بۆ دروستبوو، لە نووسینی سەر ڕووبەرەکان، وەک نووسینی سەر پێست و ئێسک و تەختەدار و چەند ماددەیەکی دی، بەهۆیەوە مرۆڤ پێی دەکرا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی بیانگوازێتەوە.

پاش ماوەیەکی دی نەخش و نیگاری سەر ئەو وێنانە و وردەکارییەکانی لابران و ڕێساکانی بچووک و پوخت و کورت کرانەوە، ئەوەبوو لەمە بەدوا ڕێکخستن و هێڵکاری و شێوە و

شێوازەکان، گوزارشتی لە هزر دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، تەنانەت لەم قۆناغە پێشڤەچووەشدا هێڵکارییەکان لەگەڵ ئەدگارەکانی خودی ئەو هزرەدا دەگونجا، کە گوزارشتی لێ دەکرا.

هەروەها کردەکانی سادە کردنەوە بەو شێوازە ناسرا، کە نووسەر پێویستە لەو حاڵەتەدا وێنەی ئامێرەکانی نووسین بکێشێ، وەکو کیفی دار قامیش، کیسەی بۆیاغ و سێتی ڕەنگەکان، ئینجا ئەم کۆمەڵەیە بە زمانی نووسینی وێنەیی مانای نووسەر دەبەخشێ، ئەم شێوازەی گوزارشتی بینراو، بە ناوی (**ئیدیۆگرافی**)، واتە (**نووسینی وێنەیی**) ناسراوە.

میسرییەکان یەکەمینی ئەو میللەتانە بوون، کە سیستەمی تەواوی ئەم جۆرە نووسینەیان دارشت و پێشیانخست، کە ئەمڕۆ بە (هیرۆگلیفی) ناسراوە. هەرچی هێماکانیشە لە وێنەی شتەکانەوە وەرگیرا، بەڵام وردە وردە کاکڵە و مانا ڕەسەنەکەی خۆی لەدەستدا و مانایەکی نوێی گرتەخۆ، هەموو هێمایەکیش لەگەڵ دەنگێکی دیاریکراودا یاوەربوو، کە لەسەر زاری مرۆڤ دەدرکێنرا، بەمشێوەیە کۆی کەرت و بڕگەکانی نووسین لە وشەکان پێکدەهاتن.

ئینجا کاتێ ژیاریی مرۆڤایەتی گەشەی سەند و بەرەو کامڵبوون ڕێچکەی دەبەست و ئاسۆکانی مرۆڤ فراوانتر دەبوو و پێویستییەکانی دەربڕین و گوزارشتکردن بە شێوازە هەمەچەشنەکانی نووسینی خێرا و زیاتر دەبوو. ئەلفوبێی یۆنانی یەکەم سیستمی نووسین بوو، کە ئەم پێویستییەی پڕکردەوە، چونکە زمانی یۆنانی چەندان سەدە (زمانی فەرمی) جیهان بوو، زۆریش لە

کلاسیکیەکانی دونیا بەم ئەلفوبێیە تۆمارکراون، چونکە ئەمە زمانی سوقرات و ئەفلاتوون و ئەقلیوس و زمانی چەندان فەیلەسوفی دی بوون، کە بۆچوونەکانیان گۆڕانکاری بەسەر ڕەوشی مێژوودا هێنا. فراوانبوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بووە هۆی دروستبوونی ئەلفوبێیەکی نوێی تۆمارەکانی ئەم زمانە، چونکە لەم زمانەدا پیتی جوان و تەبا و ڕێک و کۆک لە ڕاکێشانە ورد و درشتەکانیدا پەیدابوو، ئەو شتەی جێی پرسیارە، ئایا هیچ زمانێک بەسەر ڕێژەی جوانکارییەکانی ئەلفوبێی ڕۆمانیدا سەردەکەوێ، پاش تێپەڕبوونی سێزدە سەدە لە پێشکەوتن و گۆڕانکاری لەسەر دەستی نووسەری دەستنووسە کۆنەکان.

پاش دانانی ئەلفوبێی ڕۆمانی، ژیان زیاتر تێکەڵکێش بوو، بۆیە نووسین لە پێویستییەکی سادەوە، بووە یەکێک لە مەسەلە پێویستییەکانی ژیان، بۆیە لە زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەوروپادا نووسەرەکان چەندان دەمژمێری بێ ژماریان دەگوزەراند، کە تەشریعات و یاسا و بیروبۆچوون و ڕەوشە هزرییەکانی چەرخەکانیان تۆمار دەکرد.

هەندێک لەو پیاوانە هەوڵی بێ وێنەیان لە کارەکەیاندا خستەگەڕ، تا پارێزگاری لە جوانکاری پیتە ئاساییەکانی ڕۆمانی بکەن، هەندێکی تریشیان لەژێر گوشاری کاتدا بوون، بۆیە بەخێرایی کارەکانیان جێبەجێ دەکرد، نیازمەندی نووسینی خێرا زیاتر بوو، ئەویش بە زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی خوێندن و نووسین فێربوون، ئەنجامەکەشی پەیدابوونی هێڵکاری

خێرابـوو، کـه لـه شـێوازی پیتـی ڕۆمـانی تەقلیـدی تـرازا و بـه هێڵەکانی قامیش و فڵچەی نەرم و نیان قەرەبوو بووەوە.

بۆ نموونه بـه تێپەڕبوونی کات، شـێوەی پیت وردە وردە گۆڕانکاری بەسەردا هات، تا گەیشتە ئەو شـێوە و شـێوازەی کـه خێرایی و سـانایی بـۆ خامـەی نووسـەر دابین بکات. بە هـەمان شـێوەش گۆڕانکارییـەکی هاوشـێوە سـەبارەت بـه پیتـەکانی دیکـه جێبـەجێ کـرا، ئینجـا بـۆ دوورکەوتنـەوە لـه دووبارەبوونـەوەی شێوەی پیتەکان، (شارلمان) لـه سـەدەی هەژدەهەمدا بانگەشـەی بـۆ سـازدانی کۆبوونەوەیـەکی نێـوان نووسـەران کـرد، بـۆ هاوئاهـەنگی کـردن لـه نێوانیانـدا سـەبارەت بـەو شـتانەی دەینووسن، ئێستاش ئەو پرسە نوێیانە لە دووتوێی دەستنووسـه کۆنەکانـدا هەیـە، کـه پێـی دەگوترێت (مەنسکول کـارۆلینی)، کـه ڕێخۆشکەرێک بوو بۆ پیتەکانی سندوقی خوارەوە.

بـەم جـۆرە نووسـەری دەستنووسـەکان لـه ئـەورووپا لـه سـەدەی هەشـتەمدا دوو ئـەلفوبێیان هـەبوو: ڕۆمـانی گـەورە و ڕۆمانی بچووک، بە شێوە کردەییەکەش سندوقی باڵا و سندوقی خـواروو، نووسـەران هـەردوو ئەلفوبێیەکـەیان لـه یـەک لاپـەڕەدا کۆدەکردەوە.

سێ نموونەی سەرەکی ئەوکاتە باوبوو:

١. پیتی **(هیومانست سکربت)**، کە بە گشتی ڕۆمانە.

٢. پیتی **(گۆتیک)** بۆ باکووری ئیتالیا دەگەڕێتەوە.

٣- پیتی (**کۆرسیف دیوانی**)، کە لە فاتیکاندا بۆ نووسینی بەڵگەنامە یاساییەکان و تۆمارە ڕەسمییەکانی کڵێسا بەکاردەهێنرێت.

ئەم سێ شێوازەی نووسین: هیومانست و گۆتیک و کۆرسیف، بنەمایەک پێکدەهێنن بۆ گرنگترین شێوازەکانی پیتە لاتینییە داتاشراوەکان لەوکاتەوە تا ئێستاکەش، ئینجا تا سەدەی پازدەهەم دەرهێنانی دەستنووسە شازەکان لە سەرانسەری ئەوروپادا بەم شێوازە نووسینانە بوون، کە ئاماژەمان پێیان دا.

**ئەم وتارە لەم نووسینە وەرگێڕدراوە:**

**نشأة الحرف و تطوره، مجلة نشرة أخبار الطباعة، نقابة الطباعة في لبنان، العدد الثاني، ٢٠٠٨، ص٢.**

## ئامرازەکانی دەربڕینی بیروبۆچوونە جۆراوجۆرەکانماندا

مـرۆڤ بە قسـەکردن لە ئـاژەڵ جیـا دەبێـتەوە، نەتەوەکـانیش بە هەمـان شـێوە، هەر بەو توانـایەی قسـەکردن پـۆلێن دەکـرێن، هەر مرۆڤێک ئەگەر قسـە نەکـات، ئەوە نازانرێـت خەڵکی کـوێیە، چـونکە پێویسـتی و بەکارهێنـان زمـانی وڵاتەکەی خـۆت فێردەکـات، بەڵام چ هێزێـک وا دەکـات زمانێـک ببێـتە زمـانی بـاوی وڵاتەکەمـان؟ بـۆ وەڵامــدانەوەی ئەم پرســیارە، پێویســتە بگەڕێیــنەوە ســەر ئەو هۆکارانەی لە ڕووی خودی و سروشـتەوە پێشـوەختن، قسـەکردن لە ڕووی ئەوەی یەکەم دەزگـای کـۆمەڵایەتییە، نـاچێتە سـەر شـێوە و شــێوازە ڕاســتەقینەکەی خــۆی، مەگەر لەبەر چەنــد هۆکــارێکی سروشتی نەبێت.

هەر کاتێــک مرۆڤێــک شــارەزای مرۆڤێکــی دی دەبێــت و بە مرۆڤایەتی ئەو ئاشنا دەبێت، ئەوە ئەو ساتە هەست و بیرکردنەوە و شــێوەی ئەو درک پێــدەکات، هەر لەبەر ئەو هۆکــارە دەســتدەداتە گەیانـدنی هـزر و بیروبۆچوونەکـانی خـۆی بـۆ کەسـی دووەم، لەم پێناوەشــدا بە دوای ئامرازێکـدا دەگەڕێـت، تـا ئەم پڕۆسـەیەی پـێ ئەنجام بدات، بەڵام ناتوانێت ئەم ئامرازانە بەدەست بهێنێت، مەگەر لە توانا هەستییەکانی خۆیەوە نەبێت، کە تاکە ئامرازێکن بۆ کـارتێکردنی

لە تاکەکانی دی کۆمەڵگە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاماژە هەستپێکراوەکان دروست دەبن و پێکدێن، چونکە لە داهێنانی زماندا (واتا خوازەی) ئەنجام نەداوە، بەڵام غەریزەی سروشتی ئەو ئەنجامانەی پێ بەخشیون.

ئەو ئامرازانەی بەهۆیەوە دەتوانین کار لە هەستی خەڵکانی دی بکەین، تەنیا دوو ئامراز دەگرێتەوە، کە (جووڵە) و (دەنگ)ن، چونکە کاریگەری جووڵە ڕاستەوخۆ و بەهۆی دەست لێدانەوەیە، جاری واش هەیە ناڕاستەوخۆیە و بەهۆی جووڵەکانەوەیە، دەست لێدان ناتوانرێت لە دوورەوە کاری پێ بکرێت، چونکە تەنیا بە درێژی باسک(قۆڵ) ئەنجام دەدرێت و لەوە دوورتر قۆڵ ناتوانێت بیگاتێ و ئەو دەست لێدانە ئەنجام بدات، هەرچی جووڵەکانی ترە بەگشتی سەرتاپا لە دووری و بە درێژایی تیشکی چاو ئەنجام دەدرێن. بەم شێوەیە بینین و گوێگرتن دەبنە دوو ئامرازی ئەندامی هەمیشە لەو گۆڕانە زمانەوانییانەی لە نێوان خەڵکیدا ئەنجام دەدرێن.

هەرچەندە زمانی جووڵەکان و زمانی دەنگەکان هەردووک زمانێکی سروشتین و لە یەک ئاستدان، کەچی زمانی جووڵەکان ساناترە و بە کەمتر لە یەک چرکە پەیوەستە بە زاراوەکان، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی سەرنج ڕاکێشن، زیاترن لەو شتانەی بەر گوێ دەکەون، وێنەکانیش هەمەجۆرترن وەک لە دەنگەکان، بگرە پتر گوزارشت دەکەن و لە ماوەیەکی کەمتردا گوزارشت لە شتێکی زۆرتر دەکەن، بۆ نموونە خۆشەویستی – هەروەک هەندێک دەڵێن – هونەری نیگارکێشی داهێناوە، هەروەها قسەشی داهێناوە، بەڵام

سەرکەوتنی لەو بوارەدا زۆر بەدەست نەهێناوە. ئینجا لەبەر ئەوەی زۆر قسەی لە لا پەسند نییە، ئەوا بە کەمی دەزانێت و چەندەها ڕێگای جۆراوجۆری زیندووی هەیە، بۆ ئەوەی گوزارشتیان لێ بکات. بۆ نموونە ئەو ئافرەتەی زۆر بە پەرۆشەوە خەیاڵی خۆشەویستەکەی نیگار دەکات، ئەگەر بیەوی تەنیا بە وشەگەلێک گوزارشت لەو خۆشەویستییەی بکات، چ دەنگێک هەڵدەبژێرێت بۆ دەربڕینی ئەو جووڵە ئەفسوناویەی خۆی؟

جووڵەکان هیچ مانایەکی ئەوتۆیان نییە، جگە لە دڵەڕاوکێی سروشتییەکانمان، لێرەدا منیش نامەوێ باس لەو جووڵانە بکەم، تەنیا کاتێک ئەوروپییەکان قسەدەکەن، چەند جووڵەیەک ئەنجام دەدەن، بۆیە خەڵکانێک بەو حاڵەتەیان دەڵێن هێزی زمانیان لەسەر بازویاندایە، لەسەر ئەوەشەوە هێزی هەناسەیان لە کاتی قسەکردندا بەکاردێنن، لە کاتێکدا فەڕەنسییەک خۆی شین و سوور دەکاتەوە، بۆ ئەوەی قسەکانی تەواو بکات، کەچی تورکێک بە چرکەساتێکی بچووک نێرگەلەکەی لە دەم دەردەکات و دوو وشە دەچپێنێ و ڕستەیەک بەوپەڕی هێمنییەوە دەدرکێنێ.

هەر لەو ساتەوەی بەهۆی جووڵەکانەوە دەربڕین فێربووین، ئیدی هونەری هێمامان فەرامۆش کرد، هەروەک ئێمە ناتوانین لە هێما و نیشانە میسرییەکان تێبگەین، ئەویش بەهۆی یاسا کارپێکراوەکانەوە، جاران ئەگەر بیانویستایە شتێک بە حەماسەتەوە بڵێن، ئەوا بە هێما نەک بە وشە ئاماژەیان بۆ دەکرد، واتە بە قسە و بە وشە نەیاندەوت، بەڵکو ئاماژەیان بۆ دەکرد.

بەم شێوەیە ئێمە لەگەڵ چاوەکاندا باشتر قسە دەکەین وەک لەگەڵ گوێیەکاندا، هەر یەکێکیش لە ئێمە هەست بە ڕاست و دروستی بۆچوونەکەی (هۆراس) دەکات، بە هەمان شێوە تێبینی دەکەین ئەو گوتارانەی زیاتر ڕەوانبێژین و زیاتر گوزارشتئامێزن، ئەو گوتارانەن کە ڕێژەیەکی زیاتریان لە وێنە هەڵگرتووە، کاریگەریی دەنگەکانیش ڕەوانتر دەبێت ئەگەر لەگەڵ کاریگەری وێنەکاندا هەماهەنگ بن، بەڵام کاتێک مەسەلەکە بە بزواندنی نەست و وروژاندنی کاردانەوە پەیوەست بێت، ئەوا مەسەلەکە ڕەهەندێکی تر وەردەگرێت، چونکە کاریگەری قسەی پەیتا پەیتا و بەردەوام و خاوەن ڕیتمێکی دوانەیی، هەستێکمان لە لا دروست دەکات، کە جیاوازە لەگەڵ ئەو هەستەی لە بینینی خودی شتەکەوە پەیدادەبێت. وا گریمانە بکە کە بارودۆخێکی نیگەرانی وەک پرسە و سەرەخۆشی دەبینی، کاتێک کەسە نیگەرانەکە دەبینی، ئەوا ئەوکاتە پێی کاریگەر دەبیت، بەڵام ناگەیە حاڵەتی گریان، بەڵام ئەگەر دەرفەتی خاوەن پرسەکە بدەیت، بۆ ئەوەی هەستی خۆی بەم شێوەیەی وێنە تراژیدییەکان درببڕێت، ئەوا کار لە بینەران دەکەن، چونکە هێما و نیشانە بەبێ قسە کاریگەرییان نییە، واتە قسە و گوتار بە بەکارهێنانی هێما کاریگەرییان زۆرە و لەوانەشە تایبەتی خۆیان هەیە و بگرە هێزی تایبەتی خۆشیان هەیە، ئەم هێزەش وامان لێدەکات بەرانبەر ئەو وروژاندنە بلەرزێین و بەشێوەیەکی بارگاوی هێزەکانی بچنە دڵمانەوە.

پوختەی قسەکەشمان ئەوەیە هێما بینراوەکان لاساییکردنەوەکە وردتـر دەکـات، بەڵام گـرنگییەکەی زیـاتر بەهـۆی دەنگەکـانەوە دەوروژێنرێت. ئەمەش وامـان لێدەکات بیر لەوە بکەینەوە، کە ئێمە تەنیا بـاس لە شـتگەلێک بکەیـن، ئـەگەر پێویسـتی ماددیمـان هەبێت، تەنیـا جووڵەکـان لە یەک بگەیـن، لەم حاڵەتەشـدا دەبـوایە کۆمەڵگەکانمان کۆمەڵگەی جۆری دی بوونایە و بە شێوەیەکی کاراتر کاریان بکردیا و مامەڵەیەکی ئەوتۆیان بکردیا، بە شێوەیەکی باشتر پەلیـان بـۆ ئامانجەکـانی خۆیـان بکێشـایە، بەڵام ئـێمە دەتـوانین یاساگەلێک دابڕێژین و سەرۆکەکانی خۆمان هەڵبژێرین و بە یارمەتی جـووڵە و بزووانـدن داهێنانکـاری لە پرسـە هونەرییەکانـدا بکەیـن و مـامەڵەی بازرگـانی بکەیـن، واتە لە جیـاتی قسـە و وشـە هەمـوو ئەو کارانەمـان بکردیـا، چـونکە زمـانی ئاشـتی پەیامئاسـا بەبێ بەغیلـی – حەسـودی هەمـوو ڕازەکـانی خۆشەویسـتی ڕۆژهەڵات لەڕێـی ئافرەتانەوە دەگوازێتەوە، چونکە پاسەوانیان لەسـەر نییە، لاڵەکـانیش بە هەمان شێوە بەهۆی هێما و نیشانەکانەوە لە یەک دەگەن.

لەم تێبینیـانەوە بۆمـان دەردەکەوێت داهێنـانی هـونەریی گەیانـدنی هزر و بیرەکانمان، بە توانا تایبەتییەکانی مـرۆڤەوە پەیوەستە، زیـاتر لەوەی بە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤەوە پەیوەست بێت، ئەم توانـایەش خـودی ئەو توانـایە، کە بـۆ ئەنجامـدانی پڕۆسـەی گەیانـدن، ئەم ئەنـدامانە بەکاردەهێنێت. ئینجـا ئەگەر یەکێک لەم ئەنـدامانەی لەشـی مرۆڤ لەناوچووبێت، کـە پڕۆسـەی گەیانـدن ئەنجـام دەدات، ئەوا ئەو توانـایەی لەلای مـرۆڤ هەیە، وا دەکات ئەنـدامێکی دی لە جیـاتی ئەو

بەکاربهێنێـــت. ئەگەر سیســـتەمێکی دی بە مـــرۆڤ ببەخشـــرێت، کە تۆسـقاڵێک ڕەقـوتەق بێـت، ئەوا ڕێژەیەکـی کەمتـری لە بیروڕاکـان بـۆ دەستەبەر دەبێت، بەڵام مەرجە لە نێـوان تـاک و تـاکێکی دی هەمـان ڕەگەز ئامرازێـک هەبن، کە بەهـۆیەوە مـامەڵە و هەسـت و نەسـتەکان بگەیەنــرێن، چــونکە تــاک لەوەدا ســەرکەوتوو دەبێــت، کە بتــوانێ سەرجەم هزر و بیرەکانی خۆی بگەیەنێت.

بە هەمـــان شـــێوە ئـــاژەڵان سیســـتەمێکی گەیانـــدنیان هەیە، کە پێداویسـتییەکانی پـێ دابـین دەکەن، بگـرە توانـای زیاتریشـیان هەیە، بەڵام هەموویان بەکارنەهێناوە، - بە ڕای مـن ئەو ئـاژەڵانەی ژیـانێکی هـاوبەش دەژیـن، وەکـو مێـرووله و مێشـهەنگوین و (قنـدس)، بـۆ لە یەکتر گەیشتن زمانی هاوبەشیان هەیە، من هـیچ گومـانم لەوەدا نییە، لێرەشدا چەند بەڵگە و ئامـاژەیەک هەن، کە وامـان لێدەکەن قەنـاعەت بەوە بێنـین، کە زمـانی (قنـدس) و زمـانی مێـرووله هەردووکیـان بە جووڵەکردن و بەهۆی چاوەوە ئەنجام دەدرێن.

ئێتـر هەرچـی چۆنێـک بێـت ئەم زمانـانە بە سروشـتی دەناسـرێن، مانـای سروشـتیش ئەوەیە بە فێربـوون – فێرکـردن ئـاژەڵان فێـری نـابن، بەڵکـو هەر لە دروسـتبوونییەوە ئەو زمانەیـان لە توانـادا هەیە، بە هەمان شێوەش زمانەکەیان گۆڕانی بە سـەردا نـایەت و هەروەک خـۆی دەمێنێـتەوە. هەرچـی چـەمک و زاراوەی زمانـە، تەنیـا لە لای مرۆڤـدا هەیە، لەبەر ئەوەیە دەبینـی مـرۆڤ یـا لە بـواری خێـر یـان شـــەڕدا پێشـــدەکەوێت، کەچـــی ئـــاژەڵان هـــیچ پێشـــناکەون، ئەم جیـاوازییەش هەر خـودی خـۆی بە تەنیـا بەرەو مەودایەکـی درێـژ

دەمانبات، هەندێک زاناش وا شرۆڤەی دەکەن کە بە ئەندامەکانەوە پەیوەستە، منیش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم شرۆڤەیە زۆر بە پەرۆشم.

**ژێدەر: لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە و وەرگێڕدراوە:**

**میشال زکریا(د)، الألسنية (علم اللغه الحديث)، المؤسسة الجامعية للدراسات و التوزيع، بيروت، لبنان،١٩٨٤، جان جاك روسو، وسائل التعبير عن أفكارنا المتنوعة ص٩-١٢.**

## داهێنان له زماندا

زۆر له زانایـــان تێبینــــی ئەوەیـــان کـــردووه، که زمـــانه سروشـتییەکان له دەربڕینـدا دەوڵەمەنـدن، ئەم قەنـاعەتەش لەسـەر تێبینیکردنی دیاردەکانی پێکهاتەی لەم جۆره بونیاد نراوه: ڕستەکانی خشـتەی ـ١ـ بەهـۆی دەستنیشـانکردنی تـوخمێکی گرووپەکـانی قسـه بونیادنراوه، که دوو کەوانەی چەماوه سنووردارى دەکەن (دەرەکی پاشـانیش نـاوخۆیی بـۆ بارودۆخەکـان ((زۆر))....)، له ڕووی مانـاوه زۆر نـزیکن، که نـزیکەی ٤٥٠٠ ڕسـتەن، له وشـەی (به ئاسـان)یش توخمێکی تازه له دووتوێی ئەو کەوانانه دەردەچن، که زیادەبوونێکی بەڵگەیین (Croissance exponentielle) له ژمارەی ڕسته بەرانبەرەکان:

# خشتەی ١.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەمە | کچە | بڕوام وایە | جوانەکە | زۆر |
| ەکە | جوانەکە | وا گومان دەبەم | ناسکەکە | جۆرێکی تایبەت |
| ئەو | نازدارەکە | بێگومان | شاکارە | بەشێوەیەکی شاکار |
| ئافرەتەکە | دراوسێیەکە | لە ڕاستیدا | کەمەندکێشە | زۆر لە ڕادەبەدەر |
| | قوتابییەکە | لەو باوەڕەدام | ڕەونەقدارە | تا مەودایەکی دوور |
| | برادەرەکە | بە باوەڕی من | درەوشاوەیە | |
| | ئافرەتەکە | بە گومانی من | سەرنج ڕاکێشە | |
| | خزمەکە | بە ڕای من | | |
| | | بە بۆچوونی من | | |
| | | بە بیری من | | |

چۆمسکی گریمانەیەکی وردی سەبارەت بە سەرچاوەی داهێنان دامەزراند، ئەو پێی وابوو زمانە سروشتییەکان چەند کۆمەڵەیەکی بێژومارن (کە دەتوانرێ بەپێی چەمکی توخمی گەڕاوە هەژمار بکرێن)، هەروەها تایبەتمەندی بێ هەژمارن لە بوونی لەپێشینەی پێکهاتەی فرەجۆری پێکدێن، کە (لەسەر چەمکی توخمی گەڕاوە بۆنیادنراوە) و ڕستەکان لە نێوان خۆیاندا پێکدێنن، چۆمسکی داهێنانی لە زماندا بۆ تایبەتمەندییە بێ هەژمارییەکەی دەگەڕێنێتەوە، واتە بۆ ئەو لەپێشینانەی دەگەڕێنێتەوە، کە لەسەر چەمکی توخمی گەڕاوە بونیادنراون. ئەم گریمانەیەش بە گرنگ هەژمار دەکرێت و بە ئەرکێک دەزانرێت، کە کاریگەری بەسەر چەند توێژینەوەیەکدا هەبوو، کە پشتیان بە تیۆری بەرهەمهێنانەوە بەستبوو. ئەمیش لە ڕوانگەی ئاڕاستەبوونی بەرەو توێژینەوەی پێکهاتەی ڕستە ئاڵۆزەکان، چونکە ژمارەی ئەو توێژینەوانەی باس لە ڕستەی سادە دەکەن زۆر کەمن.

ئێمە بە دوای ئەم شرۆڤەیەی چۆمسکی و داڕشتنەکەی لە بواری چەمکی داهێنان ناکەوین، بەڵکو دوای ئەوەی حیساب بۆ تواناکانی پێکهێنان دەکەین، کە لەسەر بنەمای ئاستی ڕستەی سادە دامەزراون، وا دادەنێین کە دەشێت چەمکی داهێنان شوێنگەیەک لە چوارچێوەی دەوروبەرە تەواوبووەکاندا داگیربکات.

ئێمە دەتوانین پاساوێک بەم هەڵوێستە بدەین، ئەویش لە ڕوانگەی ئەم هەڵسەنگاندنەوە، کە بۆ ڕستەگەلێک ئەنجامی دەدەین، کە لە (٢٠) وشە پێکهاتوون، با تێبینی فەرهەنگێک بکەین لە

(٢٠٠٠٠) وشه پێکهاتووه (ئەم ژمارەیەش لە واقیعەکە کەمترە)، ئەوا ئەوکاتە ژمارەی یەک لە دوای یەکەکانی قسەکە لە (٢٠) وشە پێکهاتوون، لە ($١٠^{٣٦}$) نزیک دەبنەوە، هەرچەندە لێرەدا جگە لە بەشێکی کەمی ئەم یەک لەدوای یەکانە نەبێت کە ڕستە دروست دەکەن، ئەوا ژمارەی ئەم ڕستانە بە بەرزی دەمێننەوە، لە لایەکی تریشەوە دەتوانین ڕادەی ئەم بەشەی ڕستە بخەملێنین، بۆ ئەوەی تەنیا ئەو ڕستانە بژمێرین، کە شێوەی لەم جۆرە وەردەگرن:

| | | |
|---|---|---|
| ناو | کار | ناو |
| (بێ هەژمار) | | (مرۆڤ) |

لەم جۆرە کارە($١٠^{٣}$) و بگرە زیاتریش هەن، کە دەتوانرێ لە چوار زمانی سادەدا بگۆڕدرێن، هەروەها زیاتر لە ($١٠^{٤}$) ناو دەشێت ببنە (بکەر)ی ئەم (کار)انە و زیاتر لە ($١٠^{٣}$) ئاوەڵناو یان ناوی بکەر یان بەرکار، دەشێت لە چەند ناوێکی ئەم ناوانەوە پێکبێن. هەروەها دەتوانین هەر (ئاوەڵناو)ێک یان (ناوی بکەر) و (بەرکار)ێک لەوانە بە بەکارهێنانی ($١٠^{٢}$) (ئاوەڵکار) هەمواربکەین. ژمارەی (پێناس)یش کەمییەکەیان (٢٠)ە، زیاتر لە ($١٠^{٣}$) (ناو)ی مرۆڤ هەن، کە دەتوانن لەگەڵ ژمارەیەکی (ئاوەڵناو) و (ئاوەڵکار) پێکبێنن، کە ژمارەیان دەگاتە ئەو ژمارەیەی ئاماژەمان بۆی کرد، بەم شێوەیە ١٠X١٦ڕستەمان دەستدەکەوێت، کە ئەم شێوەیەی خوارەوە وەردەگرێت:

| پێناسە | ناو بێشومار | ئاوەڵکار | ئاوەڵناو | کار | پێناسە | ناوی مرۆڤ | ئاوەڵکار | ئاوەڵناو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠ | $١٠^{٤}$ | $١٠^{٢}$ | $١٠^{٣}$ | $٤X١٠^{٣}$ | ٢٠ | $١٠^{٣}$ | $١٠^{٢}$ | $١٠^{٣}$ |

هەر ڕستەیەک لەم ڕستانە لە (٩) وشە پێکدێت، ئەگەر بوار بۆ ئەوە بڕەخسێنین، کە (کار)ێکی پەیوەست بە شێوازەکانی (کار) یان (یاریدەدەر) تێبخزێنین ((واتە کار لە چاوگ یان ناوی بکەر یان بەرکار بکات)، واتە هەر لە بواری ئەم ڕستانەدا، ئینجا ئەگەر لیستی ١٠ کار هەڵیانبژێرین، واتە لیستێکی بێشومار بن، ڕستە هەمبەرەکان لە ١٠ وشە پێکدێن و ژمارەیان ($١٠^{٢٣}$ X ١٦)ن، ئەگەر تەرزێکی تازەی ڕستەکان بەهۆی ئەم دوو جۆرەی ڕستە سادەکانەوە و لە ئامرازی بەستنەوە دروست بکەین، کە لە ژمارەی (١٠) بەستنەوە بوون وەرگیرابێت، ئەوا ئەو ڕستانەی دەستمان دەکەون، دەگەنە (٢٠) وشە، بەم جۆرە ژمارەی ئەو ڕستانەی گریمانەی پێکهێنانیان هەیە لە (٢٠) وشە دروست دەبن و بریتییە لە ($١٠^{٥٠}$). کەواتە دەتوانین دان بەوە دابنێین ئەم نمرانە بێشومارن لە ڕووی مامەڵەکردنی ماتماتیکەوە، ئەویش لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری مەسەلە فیزیکییەکان داهێنانێکی سنوورداری ($١٠^{٥٠}$) حاڵەت دەتوانن بە شتێکی ئاسایی و بێشومار لە قەڵەمی بدەین، بەبێ گەڕانەوە بۆ پێشبینییەکی بێشومار بۆ شیکردنەوەی چڕییەکەی. سەرباری هەموو ئەمانەش پێشبینییە پێکهاتەییەکانی لەسەر تۆخمی گەڕاوە

بونیـــادنراون، کە ڕســـتەکان زیـــاتر درێـــژدەکەنەوە (پەیوەنـــدییە دوانەییەکان) لەوانەیە بەشداری لە پرۆسەی داهێنانەکاندا نەکەن.

ئەم تێبینییـــانە وامـــان لێـــدەکەن بڵێـــین دەشـــێت لایەنە زمانەوانییەکـان هەمەجـۆر و بنچیـنەین و نەچـنە نـاو ئەو پێشـینانەی لەسـەر چەمکـی تـوخمی گەڕاوە دامەزراون، بەڵکـو دەچـنە دووتـوێی ئاستی ڕستە سادەکانەوە.

**ژێدەر: لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە و وەرگێڕدراوە:**

**میشال زکریا(د)، الألسنیة (علم اللغه الحدیث)، المؤسسة الجامعیة للدراسات و التوزیع، بیروت، لبنان،١٩٨٤، موریس غروس، الابداعیة في اللغة، ص٣٤-٣٧.**

# زمانی مرۆڤ و زمانی ئاژەڵ

لە وتارەکەی (سۆرپ) W. H. Thorpe، کە ناونیشانی(دەنگی ئاژەڵان و گەیاندن)ە، توێژینەوەیەکی ڕوونترمان لە بواری پەیوەندی زمـــانی مـــرۆڤ و سیســـتەمەکانی گەیانـــدن لای ئـــاژەڵان بەرچاودەکەوێت.

(ســـۆرپ) لەم وتارەیـــدا ئامـــاژە بەوە دەکـــات، کە ئـــاژەڵە شـــیردەرەکان ئەو توانـــایەی مرۆڤیـــان نیـــیە لە لاســـاییکردنەوەی دەنگەکـان، هەر لەبەر ئەم بنەمـایەیە زۆر کەس پێیـان وایە چـۆلەکە (کە هەنـدێکیان تـاڕادەیەک توانـادارن) ئەو گـروپەیە کە زمانیـان لـێ دەرچـــووە، ئەویـــش بە مانـــای ڕاســـتەقینەی ئەم وشـــەیە، واتە شـیردەرەکان نـین، کە زمانەکەیـان دورسـتکردووە، (سـۆرپ) ناڵێـت زمـانی مـرۆڤ لە چەنـد سیسـتەمێکی سـادەوە دروسـت بـووە، کە لە سیسـتەمی زمـانەوانی سـانا و سـادەترن، بەڵام (سـۆرپ) سـوورە لەسـەر ئەوەی جیاکـارە تایبەتییەکـانی زمـانی مـرۆڤ دەتوانرێـت لە چەنـد سیسـتەمێکی گەیانـدنی ئـاژەڵانیش هاوشـێوەکەی بـدۆزرێتەوە، دەبێت ئەوەش بزانین دەشێت بڵێین ئەم جیاکارییانە لە لای ئاژەڵێکی دیاریکراو دەستدەکەوێت.

زمانی مرۆڤ و زمـانی ئـاژەڵانیش لەو ڕووەی مەرام و پێکهـاتە و ڕوونکارن، لەو ڕووەوە هاوبەشن، زمان مەرامئامێزە، چونکە قسـە ئامانجدارە، ئەویش بە بەردەوامی و لە هەموو حاڵەتێکدا بۆ گەیاندی

شـــتێک لە کەســـێکەوە بـــۆ کەســـێکی دی و گـــۆڕینی ڕەفتـــار و بیروبۆچوونەکـان و دەستنیشـانکردنی هەڵوێسـتەکانی لە بـارودۆخە جۆراوجۆرەکاندا. هەروەها زمانی مرۆڤ زمـانێکی پێکهـاتەیە، چونکە هەمـوو گوتارێـک کردەیەکـی قســەیە، کە سیســتەمێکی نـاوخۆ و بونیادێکی دیاریکراوی لەخۆگرتووە، هەروەها زمانی مرۆڤ زمـانێکی ڕوونکارئاسـایە، چونکە زانیاری دەگەیەنێت، ئیتر بەم مانایە زمـانی مـــرۆڤ و سیســـتەمی گەیانـــدن و لێکگەیشـــتن لای ئـــاژەڵ ئەم توخمانەیان تێدایە: مەرام و پێکهاتە و ڕوونکار.

لەوانەشــە ئەم بۆچـوونە ڕاســت و دروســت بێـت، بەڵام لەگــەڵ ئەوەشـدا تەنهـا چەنـد شـتێکی بچووکمـان بـۆ دەسـەلمێنێت، ئەویـش لەبەر ئەوەی ئێمە باس لە شتێکی ڕووت و ڕەهـا دەکەیـن، کە زمـانی مرۆڤ و زمـانی ئاژەڵاتی تێدا هاوبەشـن، چونکە هەمـوو ئاکارەکـانی دیـکەی تێیـدا کـۆدەبنەوە، ئینجـا بـا سـەیری پڕۆسـەی ڕێچکەکـردن بکەین، ڕێچکەکردن ئاکارێکی مەرامە بە مانـا گشـتییەکەی، هەروەهـا ڕێچکەکـردن پێکهـاتەیە بەو مانـایەی پێشـوو، هەروەک (کـارل لشـلی) (Karl Lashley) پێشـتر لە توێژینەوەیـەکی گرنگـی ڕێکخسـتنی زنجیرەیـی ئاکـاردا ئامـاژەی بـۆ کـرد، منـیش لە وانەی یەکەمـی ئەم توێژینەوەیەمدا ئاماژەم بۆ کرد. لەسەر ئەمەشەوە کاری ڕێچکەکردن بۆی هەیە چەند زانیارییەک ببەخشێت، بۆ نموونە من دەتـوانم ئامـاژە بە گرنگیـــدانی خـــۆم بـــکەم، لەو ڕووەوە دەمەوێ بـــگەمە خـــاڵێکی دیاریکراو، ئەویش بەهۆی ئەو خێرایەی ڕێچکەی پێ دەکەم.

لەم گۆشـەنیگایەوە، نموونەکـانی گەیانـدنی نێـوان ئـاژەڵان، کە (سـۆرپ) پێشکەشـی کـرد، ڕوونکارئـامێزن، چـونکە ئەو گـۆڕانی و ئاوازی ئەورووپی بە نموونە دەهێنێتەوە، کە لەم حاڵەتەدا ڕێژەی یەک بە دوای یەکـی بەرزبـوونەوەی دەنگـی چـۆلەکەکە، ئامـاژە بـۆ سووربوونی لەسەر بەرگریکردن دەکات. هەرچەندەش ڕێژەی دەنگ بەرزبـوونەوەکە بەرزببێـتەوە، ئەوا ئـەو بەرزبـوونەوەیە ئامـاژە بـۆ سـووربوونی چۆلەکەکە لەسـەر بەرگریکـردن دەکـات. ئەم نمـوونەیە سەرنجمان ڕادەکێشێت و بە ڕای مـن زۆر بە ئاشکرایی ئەوەمـان بۆ دەسـەلمێنێت، کە هەوڵ و کۆششـەکانی لەمەڕ نزیککـردنەوەی زمـانی مرۆڤ و سیستەمی لێکگەیشتن لای ئاژەڵ چ سوودێکی نییە. هەموو سیستەمێکی گەیاندن لای ئاژەڵان زانـراو و ناسـراو بێت (ئەو خەیـاڵ خوێندنەوە زانستیانەی ئایندە (science fiction) بـەلاوە دەنێین، کە بە دۆلفیـــنەوە پەیوەســـتن)، دوو بنەمـــای ســـەرەکیان تێـــدا بەکاردەهێنرێ، کە ئەمانەن:

أ- لە ژمارەیەکی دیاریکراو و سنوورداری ئاماژەکان پێکدێن، کە هەر یەکێکیـــان بە ئاکـــارێکی تـــایبەت و بە حـــاڵەتێکی وروژێنەری تایبەتەوە بەستراونەتەوە، هەروەک ئەو لێکۆڵینەوە گشتگیرانەی زانا ژاپۆنییەکان ئەنجامیانداون و دەریانخستووە.

ب- ئەم سیسـتەمە ژمـارەیەکی دیـاریکراو و سـنووردار لە ڕەهەنـــدە زمانەوانییەکـــان بەکاردەهێنێـــت، کە هەریەکە بە ڕەهەنـدێکی نازمـانەوانی تـایبەتەوە بەسـتراوەتەوە، ئەمـیش بـۆ دەستنیشـــانکردنی پرۆســـەی هەڵبژاردنـــی خاڵێـــک لە دووری

ڕەهەندە زمانەوانییەکەوە، کە ئەم خاڵە خاڵێکی دی دەستنیشان بکات لە دووری ڕەهەندە نازمانەوانییەکە، کە پێوەی نەلکاوە و بە هەمان شێوەش ئەم خاڵە هەر لە هەمان کاتدا ئاماژەی بۆ بکات.

بنەمای دواهەمین هەر خۆی هەمیشە دەردەکەوێت، کە بۆ نموونە گۆرانی چۆلەکە کە (سۆرپ) بە نموونە دەیهێنێتەوە. ئینجا ڕێژەی یەک بە دوای یەکی بەرزبوونەوەی دەنگ ڕەهەندێکی زمانەوانییە، کە پەیوەستە بە ڕەهەندی نازمانەوانییەوە، کە ئەویش سووربوونە لەسەر بەرگریکردن لە شوێنەکان، چۆلەکە ئاماژە بە سووربوونی خۆی دەکات لەسەر بەرگریکردن لە زەوییەکەی خۆی، ئەویش لە ڕوانگەی هەڵبژاردنی ئەو خاڵەی لە دووری ڕەهەندە زمانەوانییەکەوە گونجاوە (لێرەدا وشەی هەڵبژاردنی بەکارهێناوە، کە زۆر ورد نییە). ڕەهەندی زمانەوانی ڕەهەندێکی ڕووتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بنەمایەکی ڕوونە، چونکە سیستەمێکی گەیاندنی لە جۆری دووەم بە شێوەیەکی ڕەها و بێکۆتایی خشتەیەکی گەورەی لە ئاماژە ئەگەرەکان تیادایە، هەروەک هەر زمانێکی دی مرۆڤ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرایی و بنەماکانی لەگەڵ بەرایی و ئەو بنەمایانەی مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت جودان، ئەویش بۆ گوزارشتکردن بە شێوەیەکی بێهەژمار لە ژمارەیەکی زۆری بیروبۆچوونە تازەکان و لە نییەت و هەست و سۆز و مەبەستەکان...هتد. ئەو بۆچوونەش ڕاست نییە، کە لە کاتی قسەکردن لەسەر (خەوشەکانی سیستەمی گەیاندنی ئاژەڵان گوزارشتی: خشتەکانی ئاماژە ئەگەرەکان)

بەکـاربێنن، بەڵکـو پـێچەوانەی ئەم گوزارشـتە بەکـاربێنن ڕاسـتترە، ئەویش لەبەر ئەوەی سیستەمی گەیاندنی ئاژەڵان بوار بۆ بنەمای گۆڕانی یەک لە دوای یەک بۆ ڕەهەندی زمانەوانی دەرەخسێنێت (ئەویش بە ڕادەی ئەوەی قسەکە لێرەدا پەیوەستە بە مانای لە دوای یەکەوە، کەچی زمانی مرۆڤ زمانێکی سەربەخۆ و جودا جودایە). ئێمە ناتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە وشەی (زیاتر) یا (کەمتر) بۆ ئەم مەبەستە بەکاربێنین، بەڵکو دەبێ بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە چەند بنەمایەکی سیستەمئاسا و ڕێکوپێک بە شێوەی تەواو لە ئارادا هەن. کاتێک لەسەر چۆنیەتی شتێک لە زمانی مرۆڤدا جەخت دەکەینەوە، وەک: (ئەو داهێنـانە تـازانەی تەکنۆلۆژیـا مەترسـییەک و قەیـد و بەندێک دەخاتە سەر ئازادی مرۆڤ). لەم حاڵەتەدا خاڵێکی گونجاو دانانێین بۆ درێژی ڕەهەندێکی نازمانەوانی، هەروەها ئاماژەیەک لەسەر لیستی ئاکاری دەستنیشانکراو هەڵنابژێرین، ئینجا ئیدی ئەم لیستە سروشتی بێت، یان فێری بووبێت.

سەرباری هەموو ئەمانەش، زۆر هەڵەیە بیربکەینەوە لەوەی بەکارهێنانی زمانی مرۆڤ بەوە جیاکارە، کە توانای پەلکێشکردنی زانیـاری هەیە، بەڵـێ ئـێمە دەتـوانین زمـانی مـرۆڤ بـۆ بەخشـینی زانیاری، یان هەڵخەڵەتاندن و بۆ ڕوونکردنەوەی هزر و بیرەکانمان بۆ دەرخستنی کارامەییەکانی خۆمان و بۆ گەمە و بازی بەکاربهێنین، ئـەگەر قسـە بـکەم بەبـێ ئەوەی مەبەسـتم هەمـوارکردنی ڕەفتـار و بۆچوونەکانتـان بێـت، ئەوا لەو حـاڵەتەدا مـن زمـان بەو شـێوەیە بەکارنـاهێنم، واتە بەو ڕادەیەی مەبەسـتم وتنـی شـتێکی دیـاریکراو

بێت، ئینجا ئەگەر بمانەوێت زمانی مرۆڤ و ئەو توانا سایکۆلۆژییانە تێبگەین، کە لەسەر پایەکانی ڕادەوەستن، یەکەم جار پێویستە لە خۆمان بپرسین ئایا زمان چییە؟ نەک ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا چۆن زمان بەکاردەهێنرێت و بۆ چ ئامانجێک بەکاردێت؟ ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین، کە ئایا زمان چییە؟ ئەوا لەم حاڵەتەدا هیچ تەبایی و هاوشێوەیەک لەگەڵ سیستەمەکانی گەیاندی ئاژەڵان نابینین، لەو حاڵەتەدا شتێکی سوودمەندمان دەستناکەوێت بیڵێین، ئەویش لە بواری ئاکاری مرۆڤ و لە بواری بیروڕاکاندا، لە ئاستی ڕوون و ڕەهادا، چونکە لەو حاڵەتەدا دەتوانرێ زمانی مرۆڤ و سیستەمی گەیاندنی نێوان ئاژەڵان وەکیەک تەماشا بکرێن، ئەو نموونانەی بۆ گەیاندنی ئاژەڵان لە واقیعدا هێناومانەوە لەگەڵ ڕێکخستنە جووڵەییەکانی مرۆڤدا لە هەندێک خاڵدا هاوبەشن، لەوانەشە ئەو شتە زۆر مەعقول بێت، کە ئێمە لە ئەگەری بوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی ئەم حاڵەتەدا ڕۆبچین، بەڵام زمانی مرۆڤ لەسەر بونیادگەلێک دامەزراوە، کە لەگەڵ سیستەمی گەیاندنی ئاژەڵدا زۆر جودایە. ئەم مەسەلەیەش بە ڕای من زۆر لەو زانایانەی وەک دیاردەیەکی بایۆلۆژی باسی زمانیان کردووە، فەرامۆشیان کردووە. وام بۆ دەردەکەوێت تێڕوانین لە پێشڤەچوونی زمانی مرۆڤ لە ڕوانگەی سیستەمە سادەکانییەوە، کە لە خۆی سادەترن، مەسەلەیەکی ناپەسندە وەک ڕوانین لە ئەتۆم، ئەویش لە ڕوانگەی چەند پارچەیەکی زۆر سادەوە.

ئەوەی سەبارەت بەم مەسەلەیە زانیومانە، خاوەنداریێتی زمانی مرۆڤ لەگەڵ جۆرێکی تایبەت بە سیستەمی عەقڵییەوە هەماهەنگە، ئەویش نەک بە پلەیەکی زۆر بەرزی زیرەکی، ئەو بیرۆکەی دەڵێت زمانی مرۆڤ لەوانەیە بۆ نموونە زۆر ئاڵۆزتر بێت و لەوانەیە لە هەر شوێنێکی جیهانی ئاژەڵاندا بەدی بکرێت، ئەم بیرۆکەیە هیچ پایەیەکی نییە لەسەری ڕابوەستێت.

**ژێدەر: لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە و وەرگێڕدراوە:**

**میشال زکریا(د)، الألسنية (علم اللغه الحديث)، المؤسسة الجامعية للدراسات و التوزيع، بيروت، لبنان،١٩٨٤، نوام تشومسكي، لغة الانسان و (لغة) الحيوان، ص٢٩-٣٢.**